# ٧ رۆژنامە

www.rozhname.com

رۆژنامەیەکی رۆژانەیە کۆمپانیای وشە دەریدەکات

ژمارە 470 دووشەممە 18/ 5/ 2009 | نرخ 500 دینار | No.470 Mon 18/ 5/ 2009





## بەرپرسانی حکومیی بانگەشەی هەڵبژاردن بۆ حیزب دەکەن

ل٣

# کۆسرەت رەسوڵ: جەماوەری یەکێتی رازی نابێت سەرۆکی حکومەت بدرێتەوە بەپارتی



بەرهەم خالید

کۆسرەت رەسوڵ، جێگری یەکەمی سکرتێری گشتیی یەکێتی دەڵێت، لەخولی داهاتووی پەرلەماندا پۆستی سەرۆکی حکومەت بۆ یەکێتییە، بەڵام ئەو مەسەلەیە هێشتا یەکلایی نەبووەتەوە، کە ئەو پۆستە بۆ نێچیرڤان بارزانی درێژدەکرێتەوە یاخود نا، بەڵام بەدڵنیاییەوە هەرگیز جەماوەری یەکێتی رازی نابێت ماوەی سەرۆکایەتی حکومەت درێژبکرێتەوەو داوا دەکات یەکێتی پۆستی سەرۆکی حکومەتی هەرێم وەربگرێت، هەرچەندە تائێستا گفتوگۆمان لەسەر کاندیدی خۆمان نەکردووە بۆ ئەو پۆستە.

کۆسرەت رەسوڵ لەچاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ رۆژنامەی شەرقولئەوسەت، کە لەژمارەی دوێنێدا بڵاویکردووەتەوە ئاماژە بۆ ئەوەشدەکات، کە نێچیرڤان بارزانیو حکومەتەکەی دەستکەوتی گەورەیان هەبووەو لەوبارەیەوە دەڵێت: «حکومەتەکەی نێچیرڤان هەنگاوی زۆر گرنگیان بڕیوە لەگەڵ ئەوەشدا چەند سلبیاتێک هەیە کە خۆی لەتەواونەکردنی چەند پرۆژەیەکدا دەبینێتەوە لەکاتی خۆیدا، هۆکاری ئەوەش بۆ کەمتەرخەمی کۆمپانیاکانو نەبوونی چاودێریی ئیداریی دەگەڕێتەوە».

دەربارەی پۆستی سەرۆکی هەرێمیش کۆسرەت رەسوڵ دەڵێت: «هیچ گۆڕانێک لەسەرۆکایەتی هەرێمدا نابێت، مەسعود بارزانی وەک سەرۆکی هەرێم دەمێنێتەوە».

لەبەشێکی دیکەی چاوپێکەوتنەکەدا جێگری یەکەمی سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، باس لەهەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی کوردستان دەکاتو پێیوایە: «هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان موفاجەئاتی تێدایە کە ناکرێت پەی بەئەنجامەکانی ببرێت، کێبڕکێ لەنێوان حیزبەکاندا هەیەو هەروەها چەندین لیست هەیە، کە کێبڕکێ دەکەنو ئێمەش لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان رێککەوتین کە بەیەک لیست بەشداریی بکەین».

کۆسرەت رەسوڵ لەوچاوپێکەوتنەدا راشکاوانە باسی کێشەکانی ناو یەکێتی کردووەو باسی لەوە کردووە، کە لەساڵی ٢٠٠١-ەوە یەکێتی کۆنگرەی نەبەستووەو لەو ماوەیەشدا گۆڕانکاریی زۆر روویانداوەو شتی زۆر کەڵەکەبووەو لەکۆتایی ئەمساڵدا کۆنگرە دەبەستن.

## ئایا مالیکی سیستمی عێراقی پێ دەگۆڕدرێت

ل٤

## ٣٥ ژنی خۆکوژ رەوانەی کەرکوک دەکرێن

ل٧

## «درێژکردنەوەی ماوەی کارکردنی پەرلەمان بەهەربیانوویەک بێت، پێچەوانەی یاسایە»

رۆژنامە

دوای ئەوەی پەرلەمانی کوردستان ماوەی کارکردنی پەرلەمانو سەرۆکایەتی هەرێمی درێژکردەوە، پسپۆڕانی بواری یاساو دەستوور ئەو بڕیارەی پەرلەمان بەپێچەوانەی یاسا وەسفدەکەنو ئاماژە بەوەشدەکەن، بەهەر بیانوویەک بێت، پەرلەمان بۆی نییە شەرعیەت بەخۆی بدات.

د. لەتیف مستەفا، پسپۆڕ لەیاسای دەستووری، بەرۆژنامەی راگەیاند: «سەرۆکایەتی هەرێمو پەرلەمانی کوردستان بەپێی یاسا بۆ ماوەیەک هەڵبژێردراون، لەکاتی تەواوبوونی ئەو ماوە زەمەنییەدا شەرعەتیان نامێنێت».

د.نوری تاڵەبانی، ئەندامی پەرلەمانو پسپۆڕی بواری یاسا وتی: «من دژی بڕیارەکە دەنگمدا، چونکە بەپێی بڕیارەکە ماوەی درێژکردنەوەی کارکردنی پەرلەمانو سەرۆکی هەرێم دیارینەکراوە، لەکاتێکدا ناکرێت بڕیارێک دەربچێت بەبێ دیاریکردنی ماوەکەی».

لەدانیشتنی رۆژی (٥/١٣)ی پەرلەمانی کوردستاندا هەردوو پرۆژەبڕیاری درێژکردنەوەی خولی هەڵبژاردنی یەکەمی سەرۆکایەتی هەرێمو پرۆژەبڕیاری درێژکردنەوەی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان پەسەندکران، بەگوێرەی هەردوو بڕیارەکە ماوەی کارکردنی پەرلەمان، کە لە٦/٤ کۆتاییدێت، درێژکرایەوە تاکاتی هەڵبژاردنو هەروەها ماوەی سەرۆکایەتی هەرێم کە لە٢٠٠٩/٦/١٢ کۆتاییدێت درێژکرایەوە تاکاتی هەڵبژاردن.

وردەکاریی لە ل ٢ دایە

## د.عەبدولمسەوەر بارزانی: باسکردنی مەترسی لەسەر هەرێم پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنە

رۆژنامە

د.عەبدولمسەوەربارزانی،سەرۆکی لیستی بزووتنەوەی چاکسازیی کوردستان، گەشبینە بەهەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی کوردستانو پێیوایە ئەگەر لە هەڵبژاردنەکاندا تەزویرو هەڕەشەکردن لەئارادا نەبێت، ئەوا هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان دەتوانن ئەنجامی باشیان هەبێتو سەرکەوتن بەدەست بهێننو دەڵێت: «هاتنەکایەی ئەو هێزە نوێیانە بۆ دژایەتی یەکێتیو پارتی نییە، بەڵکو بۆ دەوڵەمەندکردنی پرۆسەی سیاسیی هەرێمی کوردستانو پاراستنی بەرژەوەندییەکانو باشکردنی خزمەتگوزارییە ناوخۆییەکانە».

عەبدولمسەوەر بارزانی، لە میانی چاوپێکەوتنێکدا کە دەقەکەی لە لاپەڕە ٥ی ژمارەی ئەمڕۆدا بڵاوکراوەتەوە باس لەوە دەکات، کە هەڵبژاردنەکە تاقیکردنەوەیە بۆ سومعەی هەرێمی کوردستان، دەربارەی بوونی مەترسیش لەسەر هەرێم کە یەکێتیو پارتی باسیدەکەن عەبدولمسەوەر دەڵێت: «مەترسی لەسەر هەرێمی کوردستان پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنەو زیاتر وەهمو خەیاڵە مەترسی ئەوکاتە دروستدەبێت کە میللەت لە دوڵێک بێتو دەسەڵات لە دوڵێکی دیکە، هەرکاتێک خەڵک دەسەڵاتی بە هی خۆی زانی، هیچ مەترسییەک ناتوانێت بیڕوخێنێت، نازانم یەکێتیو پارتی لە چی ئێمە دەترسن، لەکاتێکدا چەکی گەورەی ئێمە کاغەزو قەڵەمو رابردووی پاکی خۆمانە».


٧

nalia co.

گوندی ئەڵمانی دوو

ئێستا بە دڵی خۆت باشترین جێگەو باشترین روو هەڵبژێرە لە گوندی ئەڵمانی دوو

بۆ ئەوەی وەک گوندی ئەڵمانی یەک لە دەستی دووی نەکرێتەوە

شوقەی 145 مەتر دووجا بەقیستی پێنج ساڵ و بێ ئەوەی هیچ زیادەیەکی بچێتەسەر

بە نرخی 80,000 دۆلار

هەروەها ڤێلامان هەیە بەم رووبەرانە: 360م² - 550م² - 750م² - 1410م²

ناونیشان: تەنیشت گوندی ئەڵمانی یەک - بەرامبەر گەرەکی تووی مەلیک

07701574880 07501574880


www.netewe.com

ڕۆژنامە
ژمـــارە (470) دووشەممە 2009/5/18
hewal.rozhnama@gmail.com

# بەرپرسانی حکومیی بانگەشەی هەڵبژاردن بۆ حیزبەکانیان دەکەن

## پەرلەمانتارێک: باشترین ڕێگە بۆ ڕەوینەوەی گومانی خەڵک لەسەردان و بەڵێنی بەرپرسانی حکومیی، جیاکردنەوەی حکومەتە لەحیزب

شارا عەبدولڕەحمان

لەسەروبەندی هەڵبژاردنەکانداو لەچەند ڕۆژی ڕابردوودا بەرپرسانی حکومەتی هەرێم چەندین بەڵێنی ئەنجامدانی پرۆژەی خزمەتگوزاریی و پێدانی زەوی و دامەزراندنیان بەخەڵک داوەو بەبڕوای چاودێران، «ئەمە تەنیا بانگەشەی هەڵبژاردنەو تێکەڵکردنی کارەکانی حکومەتە لەگەڵ حیزب».

لەچەند ڕۆژی ڕابردوودا، جێگری سەرۆکی حکومەت و چەند وەزیرێک سەردانی ناوچە جیاجیاکانی کوردستانیان کردو لەکۆبوونەوەیاندا لەگەڵ خەڵکی ئەو ناوچانە بەڵێنی جێبەجێکردنی چەندین پرۆژەی خزمەتگوزارییان پێداون، هاوکات تەنیا لەچوار ژمارەی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) کە زمانحاڵی یەکێتی نیشتمانییە، ئاماژە بەنزیکەی (٢٠) پرۆژەی خزمەتگوزاریی کراوە کەدەچنە بواری جێبەجێکردنەوە، جگە لەدابەشکردنی چەندین پارچە زەوی و بەڵێنی دروستکردنی چەندین خانوو بۆ کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان و قوربانیانی دیکە.

ڕەشید کەریم ماوەتی ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، لەبارەی بەڵێنەکانی ئەمدواییەی حکومەتی هەرێم، بەڕۆژنامەی وت: «ئەو بەڵێنانەی حکومەت بەشێکی زۆریان دەچنە چوارچێوەی بانگەشەی هەڵبژاردنەوە، بەڵام حکومەت ناتوانێت جێبەجێی نەکات، لەبەرئەوەی کە دەزانێت خەڵک لەجاران هۆشیارترەو بەئاسانی ناچنە ژێر باری بەڵێنەکانەوە، پێویستە پەلەبکات و بەشێکی زۆری ئەو پرۆژانە جێبەجێ بکات».

بەڵێنەکانی حکومەت لەکاتێکدایە، کە ساڵانی ڕابردوو بەبیانووی کەمیی بودجەوە کەمترین پرۆژەی خزمەتگوزاریی ئەنجامدراوە، هاوکات بودجەی ئەمساڵ نزیکەی (١) ترلیۆن دیناری لەبودجەی پار کەمترەو ئەو کەمکردنەش ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر کەمبوونەوەی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان هەیە، کەچی لە هەمانکاتدا بەڵێنێکی زۆریش بەخەڵک دەدرێت، ئەمەش بێ متمانەیی لای خەڵک دروستکردووە کە حکومەت بتوانێت هەموو ئەو بەڵێنانە جێبەجێ بکات، کە بەخەڵکی داوە.

محەمەد قەرەداغی سکرتێری یاسایی ئەنجومەنی وەزیران ئەوەی بۆ ڕۆژنامە ڕوونکردەوە، کە بەڵێنەکانی حکومەت چەندین لایەن لەخۆدەگرن و هەر وەزارەتە کە بودجەی دیاریکراوی هەیە لای خۆیەوە بڕیاری جێبەجێکردنی پرۆژە دەدات، وتیشی: «بەڵێنی دابەشکردنی زەوی لەسەر داوای ژمارەیەک لەبەڕێوەبەری ناحیەو قایمقامەکان بووەو پارەشی تێناچێت تاحکومەت نەتوانێت بیخاتە بواری جێبەجێکردنەوە، هاوکات پرۆژەکانی دیکەیش کە لەچەند ڕۆژی ڕابردوودا وەک بەڵێن بەخەڵک دراون لەسەر بودجەی گەشەپێدانی پارێزگاکان و وەزارەتەکان جێبەجێ دەکرێن، هەر بەڵێنێکیش کە لەلایەن حکومەتەوە بەخەڵک بدرێت جێبەجێ دەکرێت».

هاوکات ئەندامەکەی پەرلەمانی کوردستانیش گومانی نەبوو لەوەی کە حکومەت دەتوانێت پرۆژەکان جێبەجێ بکات، «حکومەت دەتوانێت پەلەبکات لەجێبەجێکردنی پرۆژەکاندا، چونکە ئەگەر لەبودجەی هەرێمیش نەبێت دەتوانێت سەرچاوەی دیکە پەیدابکات و پارەی لێوەبێنێت تەنیا بۆ ئەوەی فریای خۆی بکەوێت تاخەڵکی ئاشتبکاتەوە کە دەنگی پێبدەن».

سەبارەت بەوەی کە ئایا لەئێستادا ئەو حیزبانە دەتوانن فریای خۆیان بکەون بۆ ئاشتکردنەوەی جەماوەرەکەیان، ماوەتی وتی: «هەرچەند کار بکەن، داخوازییەکانی خەڵک هەر لەکارەکانی ئەوان زۆرترە لەبەرئەوە بەبڕوای من چاوەڕوان ناکرێت ئەو حیزبانە فریای خۆیان بکەون».

بەرپرسانی حکومی لەچەند ڕۆژی ڕابردوودا چەندین سەردانیان بۆ شارو شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان ئەنجامداو لەکۆبوونەوەیاندا لەگەڵ خەڵکی ئەو ناوچانە بەڵێنی جێبەجێ کردنی پرۆژەی خزمەتگوزاری پێدان، ئەمە لەکاتێکدایە کە زۆربەی ئەو بەرپرسانە ئەندام و بەرپرسی باڵای یەکێتی و پارتین، «بەبڕوای هاوڵاتیانیش هەرچەندە وەک بەرپرسانی حکومەت سەردان دەکەن و بەڵێن دەدەن، بەڵام سەردانەکانیان بۆ بانگەشەی هەڵبژاردنە بۆ لیستی پارتی و یەکێتی».

ڕەشید ماوەتی پێیوایە، کە هەتا حیزب و حکومەت یەکبن ڕێی تێدەچێت کە شتی لەوشێوەیە ڕووبدات، «باشترین ڕێگە بۆ ڕەوینەوەی گومانی خەڵک لەسەردان و بەڵێنی بەرپرسانی حکومیی، جیاکردنەوەی حکومەتە لەحیزب، هەرچەندە کارێکی هەروا ئاسان نییە، بەڵام دەکرێت لەئایندەدا کاری بۆ بکرێت، بەڵام لەئێستادا حکومەت هەرچییەک بکات خەڵک هەر دەڵێن حکومەتی حیزب کاری باشی کردووە».

ئەیوب ئەنوەر سماقەیی مامۆستای کۆلێژی بەڕێوەبردن و ئابووری زانکۆی سەلاحەدین لەبارەی خەرجکردنی بودجەی هەرێمەوە بۆ ئەو پرۆژانەی لەمدواییەدا وەک بەڵێن دراوە بەخەڵک، بەڕۆژنامەی ڕاگەیاند: بەهۆی ئەوەی کە بودجەی ساڵی ٢٠٠٨ درەنگ گەیشت بەشێکی زۆری لێماوەتەوە بەوهۆیەشەوە «حکومەت دەتوانێت لەئێستادا خەرجی بکات بۆ ئەو پرۆژانەی کەوەک بانگەشەی هەڵبژاردن بەخەڵکی دەدات». وتیشی: «بەبڕوای من تێکەڵکردنی کارەکانی حکومەت و حیزب شتێکی باش نییە».

«١٠٠٠ پارچە زەوی بۆ کرێچییەکانی هەریر، دروستکردنی تەلاری هونەری زاخۆ بە ٦ ملیۆن دۆلار، ٣ ملیار دینار بۆ پرۆژەی خزمەتگوزاریی لەسیروان، ملیارێک و (٥٠٠) ملیۆن دینار دەدرێتە سندوقی هاوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان، خانوو بۆ هەموو کەسوکاری ئەنفالکراو و قوربانیانی دیکە دروستدەکرێن، پەرستگای لالش و (٣١٠) پەرستگاو شوێنی ئایینی ئێزدییەکان نۆژەندەکرێتەوە، تۆڕێکی نوێی کارەبا بۆ شەقامی تەقتەق-گەرمک ڕادەکێشرێت، چەند حەوزێکی بەخێوکردنی پەنجە ماسی لەگەرمیان دروستدەکرێن، (٦١٨) دەرچووی پەیمانگاکان بەمامۆستا دادەمەزرێنرێن»، بەشێکن لەو بەڵێنانەی کە بەرپرسانی حکومیی لەکاتی سەردانەکانیاندا بەخەڵکیان داوەو لەکوردستانی نوێ-دا بڵاوکراوەتەوە.

# مەڵبەندی یەکێتی لەدهۆک تائێستا لە بینایەکی حکومەتدایە

نیواریێ باشووری

مەڵبەندی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان لەدهۆک لەبینای بەڕێوەبەرێتی گشتیی ڕۆشنبیریی و هونەری شاری دهۆکدایە کە بینایەکی حکومییە، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرێتییەکەش ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئێستا ئەوان لە بینای کرێدان و چەندینجاریش بە نووسراوی فەرمی داوای چۆڵکردنی ئەو بینایە کراوە، بەڵام وەڵام نەدراونەتەوە.

عادل حەسەن، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرێتی گشتیی ڕۆشنبیریی و هونەریی لە شاری دهۆک، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: مەڵبەندی چواری دهۆکی یەکێتی تائێستا لە بیناکەی ئەواندان، چەندینجار داوایان لێکردوون چۆڵیان نەکردووە. وتیشی: «کێشەی ئێستاو پێش ئێستای بەڕێوەبەرێتی ڕۆشنبیریی لە دهۆک بریتیبووە لە نەبوونی بینایەکی تایبەت، سەرباری ئەوەی بینامان هەیە، بەڵام یەکێتی دەستی بەسەردا گرتووەو ئێمە لە خانووی کرێدا دەوام دەکەین، کە ئەوەش بووەتە ئەرکێک بۆ سەر حکومەتی هەرێم».




بینای بەڕێوەبەرێتی گشتیی ڕۆشنبیریی و هونەری شاری دهۆک، کە ئێستا بووەتە بارەگای یەکێتی، لە ساڵانی حەفتاکاندا دروستکراوەو بەشێکە لە هۆڵی محەمەد عارف جەزیری.

عادل حەسەن وتیشی: «بۆ چەندینجار بەشێوەیەکی فەرمی داوامانکردووە کە ئەو بینایەمان بۆ چۆڵ بکەن، بەوپێیەی بەڕێوەبەرێتییەکەمان پێویستی پێیەتی، بەڵام تائێستا وەڵامنەدراوینەتەوە».

بەڕێوەبەرێتی گشتیی ڕۆشنبیریی و هونەر لە شاری دهۆک لە (١٥) بەش پێکدێت، لەبەر نەبوونی بینای پێویست ئێستا دوو بەشی ئەو بەڕێوەبەرێتییە لە یەک ژووردا دەوامدەکەن.

ڕۆژنامە پەیوەندیکرد بە سالار دۆسکی، لێپرسراوی مەڵبەندی چواری یەکێتی لە دهۆک، بەڵام ئامادەنەبوو لەوبارەیەوە لێدوان بدات.

# حیزب و گۆڕان

مەجید ساڵح



وەک زۆر شتی دیکەی ئەم وڵاتە حیزبەکانیشمان بەشێوەیەکی سروشتی لەدایک نەبوون. هەربۆیە پاش هەر گۆڕانکارییەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەوانیش تووشی هەزارو یەک گێرمەوکێشە دێن و بەرگەی دۆخە نوێیەکە ناگرن. بۆیە یان لەتوپەت دەبن، یان برسکیان تێدا نامێنێت و گەڕوگوڵ دەبن و دەکەونە پەراوێزەوە. هۆکارێکی سەرەکی ئەو مەسەلەیەش دەگەڕێتەوە بۆ تێڕوانینی هەڵەی هەندێک لەسەرکردەکان بۆ ڕۆڵی حیزب لەزەمەنە جیاوازەکاندا. ئەوان کە زادەی سەردەمی شاخ و خەباتی نهێنین، دەیانەوێت بەهەمان عەقڵیەتەوە مومارەسەی حیزبایەتی بکەن لەسەردەمی شاردا. بەبێ ئەوەی ئەزموون وەرگرن لەوەی ئەو عەقڵیەتە بووبووە هۆی هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ. هەروەها حیزبی کوردی تێڕوانینی بۆ کادیرو ئەندامەکانی خۆی، تێڕوانینێکی نەک هەر هەڵەیەو لەگەڵ ئەم سەردەمەدا ناگونجێت، بەڵکو زۆرجار دەچێتە چوارچێوەی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤەوە. حیزبی کوردی پێش هەر شتێک دەیەوێت لەڕێگەی ئەو وتە باوەی سەردەمی خەباتی نهێنی کە دەیوت: «جێبەجێکەو دواتر موناقشەی بکە»، ئەندامەکانی خۆی بخەسێنێت و بەتاڵیان بکاتەوە لەهەموو بیرکرنەوەیەکی داهێنەرانەو تەنیا ئەو بۆچوون و ئایدیایە لەمێشکیدا بچێنێت کە سەرۆکی حیزب لەوتارو لێدوانەکانیدا ماوە ماوە بڵاویدەکاتەوە. حیزبی کوردی «بە تایبەتی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار» تەنانەت پابەند نین بەو پەیڕەوو پرۆگرامەی کە لە بەناو گۆنگرەکانیاندا بڕیاری لەسەردراوەو ئەرک و مافی ئەندامەکانی دیاریکردووە.

لەدۆخێکی ئاسایی وەکو ئێستای هەرێمی کوردستاندا، پێویستە حیزبەکان ئەو کەناڵانەبن کە تاکەکانی کۆمەڵگا لەڕێگەیانەو خواستە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی خۆیانی تیا بەدیبهێنن. بەڵام لەواقیعی ژیانی حیزبایەتی ئێمەدا، حیزبەکان بوونەتە بۆتەقەیەک بۆ توانەوەی ویست و ئیرادەی تاکەکانی کۆمەڵگا لەپێناوی هێنانەدی بەرژەوەندییەکانی سەرۆک و بنەماڵەو داروودەستەکەی و تەنانەت خێڵەکەشی.

بەوپێیەی زۆربەی بەرپرسانی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان کەسانێکن شەرعیەتی بوون بەبەرپرسێتیان لەخەباتی شاخەوە وەرگرتووە، نەک تواناو شارەزایی و لێهاتوویان، هەر بۆیە دەبینی بەبەردەوامی لەو پرسیارانە هەڵدێن کە لەلایەن نەوەی دوای ڕاپەڕین لێیان دەکرێت. هەر لەبەر ئەوەشە دوای زیاتر لەهەژدە ساڵ هێشتا لەهەوڵی ئەوەدان لەڕێگەی بیرهێنانەوەی سەردەمی ڕەشی دەسەڵاتی بەعس و تواناکانی ئەمان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو دەسەڵاتە، درێژە بەشەرعیەتی مانەوەیان لەدەسەڵات بدەن.

ئەگەرچی وا باوە هەموو ساڵێک کۆنگرەیەک ببەسترێت، بەڵام سەرۆکی حیزب تادڵنیا نەبێت لەوەی هەموو شتەکان بەو ئاراستەیەدا دەچێت کە ئەو دەیەوێت، هەرگیز کۆنگرە نابەستێت. لەحیزبی کوردیدا کۆنگرەکان زۆربەیان بەچەپڵەڕێزان دەست پێدەکەن و بەچەپڵەڕێزانیش کۆتاییان پێدێت. بەشداریکردنی کادیری وەسەت لەبڕیارداندا بوونی نییە. لەسەر ئاستی قاعیدەش ڕۆڵی نەک هەر نییە، بەڵکو لەکاتە پێویستەکاندا بۆ شکاندنی بەرامبەر کۆدەکرێنەوە.

بۆیە لەم دۆخەی ئێستای کوردستاندا، کە هەموو شتێک بەرەو گۆڕان دەچێت، پێویست دەکات حیزبی کوردییش لەگەڵ هەلومەرجە نوێیەکەدا خۆی ڕێکخاتەوەو عەقڵی پاوانخوازیی فڕێدات.

### فیدراسیۆنی ڕێکخراوەکان یاداشتێک ئاراستەی کۆمسیۆن دەکات

# ئەگەرهەیە چەند ڕێکخراوێک لەچاودێریکردنی هەڵبژاردن بێبەشبن

**هەستیار قادر**

بەهۆی ڕێنماییەکی کۆمسیۆنەوە بۆ دووبارە دەرکردنەوەی مۆڵەتی ڕێکخراوەکانی بەر لە٢٠٠٣ ئەگەرهەیە چەند ڕێکخراوێک لەچاودێریکردنی هەڵبژاردن بێبەشبن و فیدراسیۆنی ڕێکخراوەکانیش یاداشتێک ئاراستەی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان دەکات.

بەپێی ئەو ڕێنماییانەی کە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان دایانناوە بۆ ڕێکخراوەکان تا مافی سەرپەرشتیکردنی پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانیان هەبێت، پێویستە ئەو ڕێکخراوانەی کە بەرلە ٢٠٠٣ مۆڵەتیان وەرگرتووە بۆ جارێکی دیکە مۆڵەت لەوەزارەتی ناوخۆ نوێبکەنەوەو خۆیان لەگەڵ یاسای ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠١ی پەرلەمانی کوردستاندا بگونجێنن،

هەندرێن محەمەد، بەرپرسی ئۆفیسی هەولێری کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بەڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «دەیان ڕێکخراو سەردانی کۆمسیۆنیان کردووەو فۆرمیان پڕکردووەتەوەو بەپێی ڕێنماییەکانی کۆمسیۆن دەبێت ئەو ڕێکخراوانەی بەر لەساڵی ٢٠٠٣ مۆڵەتیان وەرگرتووە، مۆڵەتەکانیان نوێبکەنەوە»

هەرچەندە ئەو بەرپرسەی کۆمسیۆن بوونی ئەو مەرجەی بەکێشە دانەنا لەبەردەم ڕێکخراوەکان، بەڵام ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی گلەیی لەبوونی ڕێنماییەکی لەوجۆرە دەکەن و بەئەستەمێکی لەقەڵەمدەدەن لەبەردەم پرۆسەی چاودێریکردنی هەڵبژاردندا.

کارزان عەبدولفازڵ، بەرپرسی دۆسییەی مافی مرۆڤ لەڕێکخراوی پەرەپێدانی دیموکراسیو مافی مرۆڤ (DHRD) بۆ ڕۆژنامەی ڕوونکردەووە، کە ئەو مەرجە کێشەی بۆ دروستکردوون، وتیشی: «داوایان لێکردووین خۆمان لەگەڵ یاسای ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠١ی پەرلەمانی کوردستاندا بگونجێنین و پشتگیری وەزارەتی ناوخۆ بهێنین و مەعقول نییە ئەو ڕێکخراوانەی بەپێی یاسا کۆنەکە موڵەتیان هەیە نەتوانن بەشداریی هەڵبژاردن بکەن».

زۆربەی ئەو ڕێکخراوانەی کە دووبارە مۆڵەت نوێکردنەوە دەیانگرێتەوە، ڕێکخراوەکانی سنووری ئیدارەی پێشووی سلێمانییە، کە بەپێی یاسای (٢٩٧)ی سەرۆکایەتی هەرێمی ساڵی ١٩٩٩ ئیدارەی سلێمانی مۆڵەتیان لەوەزارەتی پەیوەندیو هاوکاری ئەو کاتەی ئیدارەی سلێمانی وەرگرتووە.

فەلاح مورادخان، ڕێکخەری فیدارسیۆنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی دووپاتیکردەوە، کە ئەوان وەک ڕێکخراوەکانی ئیدارەی سلێمانی کێشەیان لەگەڵ ئەو ڕێنماییەدا هەیەو وتیشی: «خۆگونجاندن لەگەڵ یاسای ژمارە (١٥)ی ٢٠٠١دا ئەستەمە، چونکە ئەو یاسایە یاسایەکی پۆلیسییەو هەموو دەسەڵاتەکانی داوەتە وەزارەتی ناوخۆو داواکردنی پشتیگریش لەو وەزارەتە کارێکی باش نییە، چونکە ژێرباری یاسای ژمارە (١٥) کاری ڕێکخراوەیی دەکەوێتە دەستی وەزارەتی ناوخۆوە»

لەلای خۆشیەوە جەلال شێخ کەریم، بریکاری وەزارەتی ناوخۆ جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، کە دەبێت سەرجەم ڕێکخراوەکان خۆیان لەگەڵ یاسای ژمارە (١٥) بگونجێنن و وتیشی: «دووبارە نوێکردنەوەی مۆڵەت کاتێکی زۆری پێویست نییەو لەماوەی (٢) ڕۆژدا ئەنجامدەدرێت»

هاوکات فیدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی یاداشتێکی ئاراستەی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان کردووە بەمەبەستی دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆ ئەو کێشەیە.

ڕێکخەری فیدراسیۆنی ناوبراو وێڕای پشتڕاستکردنەوەی ئەو زانیارییانە وتی: «ڕەنگە ئەو ڕێنماییە زیاتر بۆ ڕێکخراوەکانی دەرەوەی سنووری ئیدارەی هەرێمی کوردستان بێت، کە لەسەردەمی بەعسدا دامەزرێنراون و گوماندەکرێت سەر بەحیزبی بەعس بووبن».

# وادەی خۆپاڵاوتن بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم درێژکرایەوە

**پشتیوان سەعدوڵڵا**

هەرچەندکۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ڕۆژی (٥/١٧)ی دیاریکردبوو بۆ خۆپاڵاوتن بۆ کاندیدی پۆستی سەرۆکی هەرێم، بەڵام وادەکە بۆ (٥/١٩) درێژکرایەوەو هاوکات تۆمارکردنی پاڵێوراوانی قەوارە سیاسییەکان، تا (٢٠)ی ئەم مانگە بەردەوامدەبێت.

سەردار عەبدولکەریم، ئەندامی ئەنجومەنی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق وتی: « بڕیاربوو (٥/١٧) دەرگای خۆپاڵاوتن بۆ کاندیدی پۆستی سەرۆکی هەرێم دەستپێبکات، بەڵام بۆ ماوەی دوو ڕۆژ دواخراو لەسبەینێوە تا (٥/٢٥) ئەو قۆناغە بەردەوامدەبێت، پێشووتر ماوەی تۆمارکردنی پاڵێوراوانی قەوارە سیاسییەکانمان بۆ (٥/٢٠) درێژکردەوە، بۆیە بەپێویستمانزانی ماوەی پاڵاوتنی پۆستی سەرۆکی هەرێمیش درێژ بکەینەوە».

بەرپرسەکەی کۆمسیۆن ڕایگەیاند: تائێستا چۆنێتی سەرفکردنی بودجەی هەڵبژاردن یەکلاییەنەکراوەتەوە، ئایا ١٧٪-کەی هەرێم دەبێت، یان لە بودجەی عێراق، هەروەک هیچ وەڵامێکی ئیجابیش نییە بۆ سەرفکردنی بودجەکە.

وتیشی: «ئێمە چاوەڕوانمانکرد هەموولایەک هاوکاریمان بکات بۆ سەرخستنی پرۆسەکە، بەڵام کەس هاوکاریمان ناکات و جگە لەوەش بودجە ئەوەی نەدەهێنا بەوشێوەیە بکرێت بەکێشەو هەڵبژاردنی پێ دوابخرێت».

# (٣٠٠٠) تەرمی دیکەی قوربانیانی ئەنفال دۆزرایەوە

**نیان مەجید**

لە بیابانی سەر ڕێگای سەماوە - نەجەف گۆڕێکی بەکۆمەڵی دیکە دۆزرایەوە، کە ڕوفاتی (٣٠٠٠) قوربانیی ئەنفالکراوی تێدایە.

بەپێی هەواڵێک، کە ڕۆژنامەی شەرقولئەوسەت بڵاویکردووەتەوە گۆڕێکی بەکۆمەڵ لەنزیک ناحیەی قادسیە لەبیابانی شاری نەجەف دۆزراوەتە، کە (٣٠٠٠) ڕوفاتی ئەنفالکراوی کوردی تێدایە،

ئەنوەر سەعید، بەڕێوبەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان لەوەزارەتی شەهیدان و کاروباری ئەنفالکراوەکان بەڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «وەزارەتی مافی مرۆڤی عێراق لەگەڵ وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوەکان بۆ ئەو مەبەستە کۆبوونەوەو ئێستا لەبەغدا گفتوگۆی لەسەر دەکەین و هەوڵدەدەین کە لەماوەیەکی دیاریکراودا ئیمکانیاتیان بۆ دابین بکەین و بیانگەڕێنینەوە بۆ هەرێمی کوردستان و دەبێت پاسەوانیان بۆ دابین بکرێت، تاوەکو تەرمەکان نەشێوێنرێن».

# «دوای ٦/٤ بێ پەرلەمان بین باشترە، وەک لەوەی شەرعیەت بەخۆمان بدەین»

**پشتیوان سەعدوڵڵا**

دوای ئەوەی پەرلەمانی کوردستان ماوەی کارکردنی پەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێمی درێژکردەوە، پسپۆڕانی بواری یاساو دەستوور ئەو بڕیارەی پەرلەمان بەپێچەوانەی یاسا وەسفدەکەن و ئاماژە بەوەشدەکەن، بەهەر بیانوویەک بێت، پەرلەمان بۆی نییە شەرعیەت بەخۆی بدات.

لەدانیشتنی ڕۆژی (٥/١٣)ی پەرلەمانی کوردستاندا هەردوو پرۆژەبڕیاری درێژکردنەوەی خولی هەڵبژاردنی یەکەمی سەرۆکایەتی هەرێم و پرۆژەبڕیاری درێژکردنەوەی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان پەسەندکران، بەگوێرەی هەردوو بڕیارەکە ماوەی کارکردنی پەرلەمان، کە لە٦/٤ کۆتایی دێت، درێژکرایەوە تاکاتی هەڵبژاردن و هەروەها ماوەی سەرۆکایەتی هەرێم کە لە٢٠٠٩/٦/١٢ کۆتایی دێت درێژکرایەوە تاکاتی هەڵبژاردن.

هاوکات لەگەڵ شەرعیەتدان بەدرێژکردنەوەی ماوەی کارکردنی پەرلەمان لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە، پسپۆڕانی دەستوورو یاسا پێیانوایە: ئەو هەنگاوە دژی بنەماکانی دیموکراسیەتەو لەو ڕووەوە هیچ سەنەدێکی یاساییش نییە.

د.لەتیف مستەفا، پسپۆڕ لەیاسای دەستووری، بەڕۆژنامەی ڕاگەیاند: سەرۆکایەتی هەرێم و پەرلەمانی کوردستان بەپێی یاسا بۆ ماوەیەک هەڵبژێردراون، لەکاتی تەواوبوونی ئەو ماوە زەمەنییەدا شەرعەتیان نامێنێت، هەر یاساو بڕیارێکیش بەهەر بیانوویەک (جگە لەجەنگ) دەربچێت بۆ درێژکردنەوەی ماوەکە، هیچ سەنەدێکی یاسایی نییە، بەڵکو دەبێت گەل ماوەکە درێژبکاتەوە، ئەویش تەنیا بەهەڵبژاردن دەبێت»

ئاماژەی بەوەشکرد، دەبێت پێش تەواوبوونی ماوەی دیاریکراوی شەرعیەتی یاسایی پەرلەمان، پرۆسەی هەڵبژاردن بکرێت، درێژکردنەوەی ماوەکە دژی بنەماکانی دیموکراسیەتەو دوای ٦/٤ پەرلەمان بەداگیرکەر پێناسە دەکرێت.

ئەوەشی وت: «درێژکردنەوەی شەرعیەتی ماوەی کارکردنی پەرلەمان هەنگاوێکی نایاساییەو پێویستبوو حیزبی موعارەزە، یان ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی دژی بووەستنەوە، بەڵام تائێستاش حیزبی موعارەزەمان نییەو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیش کۆنترۆڵکراون، بۆیە ناتوانرێت هیچ بکرێت.

ئەوەشی خستەڕوو، سەیر لەوەدایە عێراق لەحاڵەتی نائاساییدایە، کەچی لەکاتی خۆیدا هەڵبژاردن دەکات، بەڵام کوردستان لەحاڵەتی ئاساییدایەو لەکاتی خۆیدا هەڵبژاردن ناکات.

لەدانیشتنی هەفتەی ڕابردووی پەرلەمانی کوردستانداو لەکاتی گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژەبڕیاری درێژکردنەوەیسەرۆکایەتیهەرێمو پەرلەماندا ژمارەیەک پەرلەمانتاران لەگەڵ درێژکردنەوەکەدا نەبوون و داوای هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمانیان کرد.

لەمادەی ٣ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان-عێراقدا هاتووە: «ویلایەتی سەرۆکی هەرێم بۆ چوارساڵەو دەشێت بۆ جاری دووەمیش هەڵبژێردرێتەوە»، هەروەها تائێستا لەهەرێمی کوردستاندا دەستوورێکی پەسەندکراو نییەو بە بۆچوونی چاودێرانی سیاسیو دەستووری بەشێکی زۆری یاساو بڕیارەکان لەبەرژەوەندی یەکێتیو پارتی دەردەچن، ئەوەش کێشەی گەورەی هەرێمە.

مەولود باوەمراد، پسۆڕی بواری یاساو دەستوور، وتی: «تائێستا لەهەرێمی کوردستاندا دەستوورێک نییە، ئەوەی هەیە هێزی ڕێکەوتنی یەکێتیو پارتی دروستیکردووە، بۆ نموونە یاسای سەرۆکایەتی هەرێم بەپێی ڕێکەوتنی نێوان یەکێتیو پارتی دانراوەو هێزی درێژەپێدەریشی دەنگی ئەندامانی هەردوولایە، لەکاتێکدا ئێمە پێویستمان بەسەنەدێکی دەستووری هەیە، کە ئەویش تائێستا بوونی نییە».

ڕایشیگەیاند: پەرلەمان ناتوانێت بۆ زەمەنێکی دیارینەکراو ماوەی کارکردنی درێژ بکاتەوە، بەڵام بەوپێیەی کە ڕۆژی هەڵبژاردن دیاریکراوە، دەتوانێت ماوەی نێوان ڕۆژی کۆتاییو ماوەی یاسایی تاڕۆژی هەڵبژاردن دیاری بکات، واتا لە٦/٤ بۆ ٧/٢٥ دەتوانێت کار بکات».

هەر لەوبارەیەوە نوری تاڵەبانی، ئەندامی پەرلەمان و پسپۆڕی بواری یاسا وتی: «من دژی بڕیارەکە دەنگمدا، چونکە بەپێی بڕیارەکە ماوەی درێژکردنەوەی کارکردنی پەرلەمان و سەرۆکی هەرێم دیارینەکراوە، لەکاتێکدا ناکرێت بڕیارێک دەربچێت بەبێ دیاریکردنی ماوەکەی».

وتیشی: «لەبەر ئەوەی تائێستا دەستوورمان نییەو ئەو قانوونانەی لەپەرلەمان دەردەچن، دەشێت هەمواربکرێنەوە، بۆ نموونە قانوونی هەڵبژاردن».

### تێبینی لەسەر هەواڵی ڕۆژنامە

لەژمارە (٤٦٥)ی ڕۆژنامەی ڕۆژنامە چاپی دووشەممەی ٢٠٠٩/٥/١١ لەلاپەڕەی یەکو بەمانشێتی سەرەکی بەناوی ( پارتیو یەکێتی ناهێڵن چاودێری دارایی کار بەیاسا نوێیەکەی بکات) ڕاپۆرتە هەواڵێکی سامان بەشارەتی بڵاوکراوەتەوە.

ئەم ڕاپۆرتە هەواڵە کۆمەڵێک زانیاری تیادایە، کە هیچ بنەمایەکی یاسایی نییەو لەڕاستیەوە دوورە، چونکە لەسەردانی سەرۆکی پەرلەمان و لیژنەی یاسایی بۆ چاودێری دارایی داوایان لێکرا کار بەیاسای چاودێری دارایی بکرێت، نەک وەک ئەوەی بڵاوکراوەتەوە(تجمید) بکرێت، جگەلەوەش ئەم یاسایە لەڕۆژنامەی ڕەسمیی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڵاوکراوەتەوەو ڕەوانەی هەموو وەزارەتەکان کراوەو لەماڵپەڕی پەرلەمانی کوردستان و وەزارەتی دادیش بڵاوکراوەتەوە،

لیژنەی یاسایی مافێکی ڕەواو یاسایی خۆیەتی وەڵامی هەر نووسینێکی چەواشەکار بداتەوەو داوا لەدادگاکان تۆمار بکات تاوەکو ڕاستیەکان وەک خۆی بۆ ڕای گشتی دیار بکەوێت،

دەخوازین ژیرانەترو وردتر مامەڵە لەگەڵ بابەتە یاساییەکان بکەن و لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستانیش هەمیشە دەروازەی لەسەرپشت بووە بۆ هەر ڕۆژنامەنووسێک کە داوای زانیاری کردبێت لەبارەی یاساکان و دەبوایە بەرلە بڵاوکردنەوەو وروژاندنی ئەم بابەتەش پەیوەندییان بەلیژنەی یاسایی کردبایە، بەتایبەتیش کە ئەم پەیامنێرە بەردەوام لەدانیشتنەکانی پەرلەمانی کوردستان ئامادەیی هەیە.

**لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان**

---

لە ژمارە (٤٦٦)ی ٢٠٠٩/٥/١٢ ل (٣) هەواڵێک بڵاوبووەتەوە لەسەر یاداشتی لیژنەی یاسایی ئەنجومەنی پارێزگا بۆ پەسەندکردنی پرۆژەیاسای ئەنجومەنی پارێزگاکان. لەو هەواڵەدا هاتووە کە ئەگەر خاڵی ئەو یاداشتە ڕەچاونەکرێت ئەنجومەنی پارێزگا هەڵوێست وەردەگرێت. ڕاستیەکەی لێدوانی بەڕێز محەمەد حاجی ئەندامی لیژنەی یاسا لە ئەنجومەنی پارێزگا هیچ ئاماژەیەکی تێدانیە بۆ ئەو هەڵوێستوەرگرتنە، هەروەها هەڵوێستی ئەنجومەنی پارێزگا لەسەر هەر بابەتێک یان هەر دیاردەیەک نیشانبدرێت پێویستە لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی پارێزگادا بخرێتەڕوو بۆ دەنگدان لەسەری.

**کاوە عەبدوڵڵا عەلی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگا**

## د.عەبدولمسەوەر بارزانی، سەرۆکی لیستی بزووتنەوەی چاکسازیی کوردستان:

# هەر کاتێک خەڵک دەسەڵاتی بە هی خۆی زانی، هیچ مەترسییەک نایڕوخێنێت

**سازدانی: دلێر عەبدولخالق**

**د.عـەبـدولـمـسـەوەر بـارزانـی، سـەرۆکـی لیستی بـزووتـنـەوەی چاکسازیی کوردستان، ئاماژە بەوە دەکات هۆکاری سەرەکی دابەزینیان بە لیستی جیاواز لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی هێزی ئۆپۆزسیۆنی کارا لەناو پەرلەماندا، هـەروەک پێیوایە ئەگەر لە هەڵبژاردنەکاندا تەزویرو هەڕەشەکردن لەئارادا نەبێت، ئەوا هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان دەتوانن ئەنجامی باشیان هەبێتو سەرکەوتن بەدەست بهێنن، بە وتەی ئەو هاتنەکایەی ئەو هێزە نوێیانە بۆ دژایەتی یەکێتیو پارتی نییە، بەڵکو بۆ دەوڵەمەندکردنی پرۆسەی سیاسی هەرێمی کوردستانو پاراستنی بەرژەوەندییەکانو باشکردنی خزمەتگوزارییە ناوخۆییەکانە.**

**رۆژنامە: هۆکاری بەشداریتان وەک لیستێکی سەربەخۆ لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بۆچی دەگەڕێتەوە؟ لیستی بزووتنەوەی چاکسازیی کوردستان هێڵە گشتییەکانی کارکردنی چییە؟**

* هۆکاری دابەزینمان بە لیستی سەربەخۆ لە هەڵبژاردنەکاندا، تەنیا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە پەرلەمانی کوردستاندا ئۆپۆزسیۆن نییەو ئێمەش بوونی هێزی ئۆپۆزسیۆن بە پێداویستییەکی مێژوویی ئەم قۆناغە دەزانین، هەرچەندە کاتی ئەوە نەهاتووە بەرنامەکەمان رابگەیەنین، بەڵام بۆ زانیاری ئێوە بەرنامەیەکی فراوانمان هەیەو بەپێی پێویستی قۆناغەکان بەرنامەکان داڕێـژراون، بۆ نموونە بۆ چوار ساڵی داهاتوو چەند خاڵێکی گرنگ لەبەرچاو دەگرین، لەوانە چەسپاندنی دیموکراسیەتو نەهێشتنی دەسەڵاتی رەهـاو دابەشکردنی دەسەڵاتەکانو هـەوڵـدان بۆ چاکسازیی لـە هەموو ئاستەکان.

**رۆژنامە: کاری یاسایی لیستەکەتان لە کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان تەواو بووە؟**

* بـەڵـێ کـارەکـانـی تـەواو بـووەو لیستەکەمان (١٤) کـەسـی تـێـدایـە، کەسەکانیش مامۆستای زانکۆو خەڵکی خاوەن بڕوانامەی تێدایەو گەنجو ژنیشی لەخۆ گرتووە، هەروەک ئیمزای (٦٠٠) کەسیشمان بۆ کۆمسیۆن نـاردووە کە پشتگیری لەو لیستە دەکەن، بەڵام ئێمە رێـگـریو لەمپەڕمان لـەبـەردەمـە، بۆ نموونە لە یاسای کۆمسیۆن لە خاڵێکدا باس لەوە دەکـات کۆمسیۆن بەرپرس نییە لە پاراستنی ژیانی نوێنەرەکان یان ئەوانەی چاودێری هەڵبژاردنەکان دەکەن، هەروەها لەئاستی مادیشدا پشتگیرییان لێ ناکرێت، لەو خاڵانە ئەوە دەخوێندرێتەوە سوودو بەرژەوەندی حیزبە گەورەکانی تێدایە، چونکە ئەوان ئیمکانیەتی مادییان زۆر گەورەیە، لەکاتێکدا لیستە نوێیەکانو بەتایبەت ئێمە هیچمان نییە، هەروەک خەڵکیش دەترسێت لەوەی نوێنەرایەتیمان بکات، وەک ئەوەی ماوەیەک بەر لەئێستا کاندیدێکمان تکای لێکردم ناوی لە لیستەکە دەربهێنم، چونکە (٢٢) جار هەڕەشەی لێکراوە، کەواتە ئەم خاڵانە دژی هێزی ئۆپۆزسیۆنە لە کوردستان.

**رۆژنامە: قورسایی و هێزی جەماوەریی لیستەکەتان لە چ ناوچەیەکە بەتایبەتی، ئامادەکاریتان بۆ هەموو ناوچەکانی دیکەی کوردستان کردووە؟**

* لە هەر سێ پارێزگای هەرێم نوێنەرو وجودمان هەیە، بەڵام لە هەندێک شوێن جەماوەرمان زیاترە لەچاو شوێنێکی دیکە، قورسایی ئێمە لە دهۆکو هەولێرە، بەڵام قورسایی کاری ئێمە هاتووەتە سلێمانی! ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دۆخەی لێرە هەیەو پانتایی ئازادیی ئامرازەکانی راگەیاندن، چونکە سێ مانگ لە دهۆک دابنیشم، رۆژنامەنووسێک جورئەت ناکات دیدارێکم لەگەڵ سازبکات.

**رۆژنـامـە: پێشتر باست لـەوە کرد، لەو شوێنانەی ئێوە جەماوەرتان زۆرە، لایەنگرانتان هەڕەشەیان لێکراوەو نەیانتوانیوە ئازادانە کاری سیاسی خۆیان بکەن، کەواتە چ ئەنجامێک لەو ناوچانە چاوەڕێ دەکەیت؟**

* ئەگەر هەڵبژاردنەکە ئازادبێتو کۆسپ لەبەردەم دەنگدانی میللەت لەئارادا نەبێت، ئێمە بڕوامانوایە دەنگی باش لە دهۆکو هەولێر دەهێنینو لە سلێمانیش خـراپ نابین، بـەڵام لـە دانیشتنێکدا بەرپرسێکی بـاڵای حیزبی پێیوتم هەرچی بکەن تەزویر دەکەین!؟ کەواتە ئەگەر ترسی تەزویرکردنو هەڕەشەی نانبڕینی خەڵک لەئارادابێت، ئەنجامەکە وا ناشکێتەوە.

**رۆژنامە: بە بڕوای تۆ، ئەو دەرکەوتانەی ئەم هەڵبژاردنە لە هەڵبژاردنەکانی دیکەی هەرێم جیادەکاتەوە چین؟**

* جورئەتی خەڵکی تازەیە، کە دوور لە بۆچوونی دوو حیزبی سەرەکی هاتوونەتە پێشو بەرنامەی جیاوازو لیستی جیاوازیان هەیەو بەشداریی لە هەڵبژاردنەکاندا دەکەن، ئێمە بەدووری نازانین ئەو هێزە نوێیانە لە هەڵبژاردنی داهاتوودا ببیەنەوە، بەڵام زۆر گرنگیشە هێزی ئۆپۆزسیۆن لەژێر یەک چەتر کۆببێتەوەو پەرتەوازە نەبنو بەرگری لە دروستبوونی هێزێکی رێکخراویی ئۆپۆزسیۆن بکەنو بەرگری لەیەک بکەین، بەڵام ناڕوونییەک هەیە کە پێویستە روونبکرێتەوە، کەئێمە دەڵێین ئۆپۆزسیۆن هەبێت لەناو پەرلەمان، نیازی دوژمنایەتیمان لەگەڵ یەکێتیو پارتی نییە، بەڵکو دەمانەوێت لەپێناو بـەرژەوەنـدی گشتی میللەتی کـوردو لەناویدا خزمەتگوزاری بۆ خەڵک زیاترو باشتر بکرێت، من بەڵێن بە مام جەلالو کاک مەسعود دەدەم خواستی سەرەکی ئێمە هاتنەدی سیستمێکی دیموکراسی راستەقینەیە، ئەمەش بۆ جوانکردنی سومعەی کوردستانو هەروەها ئاگادارتان دەکاتەوە لەکەموکورتییەکانتان، واتە دروسـتـبـوونـی هـێـزی ئۆپۆزسیۆن دەوڵەمەندییە بۆ خۆتانو میللەتەکەتان، ئەگەریش رێگریی نەکرێت گۆڕانی گەورە بەڕێوەیە، جگە لـەوەی هەڵبژاردنەکە تاقیکردنەوەیە بۆ سومعەی هەرێمی کوردستان.

**رۆژنامە: باست لەوە کرد هەرێمی کوردستان لەبەردەم تاقیکردنەوەدایە، زیاتریش ئاماژە بە رێگرییەکان دەکەیت، ئـەو ئاماژانەی ئێستا دەرکـەوتـوون (تاقیکردنەوەکە) چۆن نیشاندەدەن؟**

* تائێستا ئاماژەکان باش نین، بەڵام دەخوازین لە دوو مانگی داهاتوو هەڕەشەو کۆسپ نەمێنێتو لە هەڵبژاردنەکانیشدا ساختەکاریی نەکرێت، چونکە هەڵبژاردن گرێبەستی نێوان خەڵکو دەسەڵاتە، کە پێویست دەکات هەموو (٤) ساڵێک نوێ بکرێتەوەو بزانرێت خەڵک تا چەند لە دەسـەڵات رازییە، لە هەموو دونیاشدا سەرچاوەی دەسەڵات میللەتەو کەسێکی دیکە نییە، کەواتە لێگەڕێن خەڵک با بە ئـازادانـە گوزارشت لە ئیرادەی خۆی بکاتو کێی پێی باشە هەڵیبژێرێت، چونکە بەپێچەوانەوە ئەنجامەکەی باش نابێتو دەبێتە هۆی سوکایەتی بۆ حکومەتی هەرێمو ئەزموونی کوردیش بەشێوەیەکی گشتی.

**رۆژنامە: باس لەگرنگی هێزی نوێو هاتنەکایەی لیستی جیاواز دەکەیت لە هەڵبژاردنەکان، بەڵام بۆچوونێکی دیکە هەیە کە دوو پارتی دەسەڵاتدار ئاراستەی دەکەن، کە ئەزموونی هەرێمی کوردستان لەبەردەم مەترسی دەرەکیدایەو پێویستە لەم قۆناغەدا هەموو بۆچوونەکان لە هاوپەیمانێتییەکی گەورەدا کۆبکرێنەوە، بۆچوونت لەو رووەوە چییە؟**

* بابەتی مەترسی لەسەر هەرێمی کورستان پروپاگەندەی هەڵبژاردنەو زیاتر وەهمو خەیاڵە، چونکە زۆر وڵاتی گەورەو دیموکراسی هەڕەشەیان لەسەرەو لەسەر بووە، بەڵام بەهۆی ئەوەی ئەوان پرسیان بە میللەتەکەیان کردووەو میللەتەکەیان بەرگرییان لێدەکەن، توانایان هەبووە بەرامبەر مەترسییەکان بوەستنەوە، واتە لە هەڵبژاردنەکاندا باشترین رابەر هەڵبژێردراوە کە توانیویەتی بەرنامەیەکی گشتگیری پێ بێت بۆ پێشکەوتنی وڵاتەکەو لاوازکـردنـی مەترسییەکان، مەترسی ئەوکاتە دروستدەبێت کە میللەت لە دۆڵێک بێتو دەسـەڵات لە دۆڵێکی دیکە، هەر کاتێک خەڵک دەسەڵاتی بە هی خۆی زانی، هیچ مەترسییەک ناتوانێت بیڕوخێنێت.

**رۆژنامە: لە وڵاتانی جیهانی سێدا، کـە بـاسـی هـەڵـبـژاردن دەکـرێـت لە بەرامبەریشدا پرسیار لە هەڵوێستی هێزی ئەمنییو چەکدار دەکرێت، لەبارەی هەرێمی کوردستان ئەو واقیعە دیارە کە قەبارەی گەورەی هێزی پۆلیسو ئاسایشو پێشمەرگە سەر بە دوو حیزبە گەورەکەن، بە رای تۆ ئەو هێزانە دەتوانن بێلایەنی خۆیان بپارێزن؟**

* لە سیستمی دیموکراسیدا، پۆلیس پۆلیسە پێشو دوای هەڵبژاردنیش، ئەم دەزگایانە ئەرکیان پاراستنی میللەتێکە نەک لایەنێکو حیزبێک، ئەگەر هەرێم دەیەوێت پەیڕەوی دیموکراسی بکات، ئەوا دیموکراسیەتی راستەقینەیە، لەبارەی پشتگیری ئەو هێزانە لە دەسەڵاتی حیزب نموونەی زۆر سلبی لەبەردەستە، بەڵام نامانەوێت باسی بکەین، بەڵکو دەمانەوێت ئەو هێزە سەیری هێزی چەکداری وڵاتانی پێشکەتوو بکەنو بزانن ئـەوان چۆن لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا مامەڵە دەکەن، واتە هێزی چەکداری پێویستە بە ئەرکی مێژوویی خۆی هەستێت کە پشتگیریکردنە لە هەڵبژاردنەکانو رێزگرتنە لە ئیرادەی میللەتەکەیان، هەروەک ئەوە بزانن هەموو میللەت چاوی لە ئەوانە بیانپارێزن.

**رۆژنامە: ئەو دژایەتییەی دوو حیزبی دەسەڵاتدار بەرامبەر لیستەکانی دیکەی دەرەوەی خۆیان دەیکەن، ئایا ئەو هێزانە بە مەترسی دەزانن یان سروشتی هەڵبژاردن وایە؟**

* هـەڕەشـەکـردنو دژایەتیکردنی ئەو لیستانە، لەلایەن یەکێتیو پارتییەوە پەیوەندی بە سروستی هەڵبژاردنەوە نییە، بەڵکو مەترسییە لە بەرامبەر ئەو هێزانە، چونکە دەزانن جەماوەریان هەیەو شتیان پێ دەکرێت، بۆ نموونە لە سلێمانی دژایەتی لیستی گۆڕان دەکرێتو لە دهۆکو هەولێریش دژایەتی لیستەکەی ئێمە، بەبێ ئەوەی حساب بۆ ئەوە بکرێت، هەبوونی ئەم هێزانە دەوڵەمەندییە بۆ ئەزموونی هەرێمو نەبوونیشیان لەئاستی فکرییدا فەقیریو لاوازییە، ئینجا نازانم یەکێتیو پارتی لە چی ئێمە دەترسن، لەکاتێکدا چەکی گەورەی ئێمە کاغەزو قەڵەمو رابردووی پاکی خۆمانە.

**رۆژنامە: لایەنگرانی ئێوە لە دهۆک کۆمەڵێک داواکاریی خستووەتە بەردەمی رای گشتییو دەسەڵاتی سیاسیی هەرێم لەسەر بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکان، ئەو داواکارییانە چین؟**

* داواکارییەکانیان بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی هەڵبژاردنو دەنگدانی ئازادانەی خەڵکە، کە داوایـان کـردووە بەرپرسانی حیزبی لەکاتی هەڵبژاردندا نەچنە ناو بنکەکانی دەنگدانو لە دەرەوەی بنکەکانیش نەوەستن، هـەروەک لـەدوای تەوابوونی هەڵبژاردنەکان سندوقەکانی دەنگدان راستەوخۆ بگوازرێنەوە بۆ شوێنێکی ئەمین کە کەس نەتوانێت تەزویری تێدا بکات، هەڕەشەکردن چ لەخەڵک یان کارمەندان بۆ ئـەوەیـە جـەمـاوەر ساردبێتەوە لە بەشداریکردن لە پرۆسەکە، بۆیە پێویستە هەموومان خەڵک هانبدەین بەشداریی لە هەڵبژاردنەکاندا بکەنو ئەرکی نیشمانی خۆیان راپەڕێنن، لە یەکێکی دیکە لە داواکارییەکاندا هاتووە، تکا لە بەرپرسانی هەرێم دەکـەن بۆ پاراستنی سومعەی هەرێمو ئەزموونەکەی، پاکیی هەڵبژاردنەکە بپارێزنو رێگا بە کەس نەدەن پرۆسەکە ناشیرن بکات.



**لە سلێمانی دژایەتی لیستی گۆڕان دەکرێتو لە دهۆکو هەولێریش دژایەتی لیستەکەی ئێمە، بەبێ ئەوەی حساب بۆ ئەوە بکرێت، هەبوونی ئەم هێزانە دەوڵەمەندییە بۆ ئەزموونی هەرێمو نەبوونیشیان لەئاستی فکرییدا فەقیریو لاوازییە، ئینجا نازانم یەکێتیو پارتی لە چی ئێمە دەترسن، لەکاتێکدا چەکی گەورەی ئێمە کاغەزو قەڵەمو رابردووی پاکی خۆمانە**

د. عەبدولمسەوەر شێخ سلێمان شێخ عەبدولسەلام بارزانی
- لە ساڵی ١٩٤١ لەدایکبووە
- دەرچـووی کولێژی ئەفسەرانی بەغدا ١٩٦٩
- کۆلێژی یاسای لە بەغدا تەواوکردووە ١٩٧٢
- دکتۆرای لە ڤییەننا لەسەر ئابووری سیاسی وەرگرتووە
- بۆ ماوەی (٣٠) ساڵ لە ئەڵمانیاو نەمسا نیشتەجێبووە
- مامۆستایە لەزانکۆی سلێمانی

## ئەگەرهەیە کۆمپانیاکان لەدادگای نێودەوڵەتی شکات بکەن

# نەوت، هەرێمی تەسلیمی بەغدا کرد

**هەستیار قادر**

ناردنە دەرەوەی نەوتی کوردستان لــەرێــگــەی نــاوەنـــدەوە بــەبــڕوای پەرلەمانتارێکی کورد تەسلیمبوونی هەرێمە بەواقیعەکەو سەرۆکی لیژنەی نــەوتو گازیش لەپەرلەمانی عێراق دەڵێت:

«ئــەگــەرهــەیــە کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنەری نەوتی هەرێم لەدادگای نێودەوڵەتی شکات بکەن»

### هەرێم تەسلیمی بەغدا بوو

هەفتەی ڕابردوو وەزارەتی سامانە سروشتییەکان ئاشکرایکرد، کە بۆ یەکەمینجار نەوتی دەرهێنراوی هەرێم دەنێـردرێـتـە بـازاڕەکـانـی دەرەوەو وەزارەتـــی نەوتی عێراقیش ئاماژەی بـــەوەدا، کـە ئـەو نـەوتـە لـەرێـگـەی کۆمپانیای نیشتمانی بازاڕگەری نەوتی عێراق( سۆمۆ)وە دەنێردرێتە دەرەوەو دەفرۆشرێت، بەبڕوای پەرلەمانتارێکی عـێـراق ئـەو هەنگاوە تەسلیمبوونی هەرێمە بەواقیعی ڕێوشوێنەکانی ناردنە دەرەوەی نەوت.

د.مـەحـمـود عـوسـمـان ئەندامی پەرلەمانی عێراق، بەڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «بەپێی دەستووری هەمیشەیی عێراق پرۆسەی فرۆشتنو ناردنە دەرەوەی نەوت لەڕێگەی حکومەتی عێراقیەوە دەکـرێـتو داهاتەکەشی بـۆ عێراق دەگـەڕێـتـەوە قایلبوونی حکومەتی هەرێمیش بۆ ناردنە دەرەوەی نەوتەکەی لەڕێگەی بەغداوە لەڕووی عەمەلییەوە دانپادانانێکی واقیعەکەیە».

د.مـەحـمـود عوسمان ئـامـاژەی بــەوەشـدا، کـە ڕێـکـەوتـن لـەنـێـوان هـــەردوولاشـــدا کـــراوە ســەبــارەت بەجێبەجێکردنی ئـەو هـەنـگـاوەو گەڕاندنەوەی داهاتەکەی بۆ حکومەتی ناوەند، وتیشی: «ڕەنگە خەڵک بپرسێت ئەگەروایە بۆ نەوتی هەرێم دەرهێنراوە»

### ڕێکەوتنی ڕەسمیی هەیە؟

لەلێدوانێکی پێشتریدا بۆ ڕۆژنامە عاسم جیهاد وتەبێژی وەزارەتی نەوتی عێراق، بۆ ڕۆژنامەی ڕوونکردەوە، کە ناردنە دەرەوەی نەوتی دەرهێنراوی هـەرێـم بەپێی ڕێکەوتنێکی نێوان هەردوولا بووە، کە بەناوبژیوانی ئیبراهیم بەحرولعلومی وەزیری پێشووی نەوتی عێراق لەنێوان هەردوولادا ئەنجامدراوەو بەپێی ڕێکەوتنەکە تەنیا هێڵەکانی گواستنەوەی نەوتی عێراق ڕێگەپێدراوەو پێشنیازێکی هـــەرێـــم بـــۆ نـــاردنـــە دەرەوەی نەوت لەڕێگەی تانکەرەوە ڕەتکراوەتەوە، بەڵام موعتەسەم ئەکرەم بریکاری وەزارەتی نەوتی عێراق لەسەر لیستی هاوپەیمانی کوردستان، بێئاگایی لەبوونی ڕێکەوتنێکی لەوجۆرە دەربڕیو ڕایگەیاند: «بەپێی نووسراوێکی ڕەسمیی وەزارەتـی نەوت، کە ئاراستەی هەرێم کراوەو بەرواری (٢٠٠٩/٥/٦)ی لەسەرە، وەزارەت قایلبووە نەوتی دەرهێنراوی هــەرێـم لـەڕێـگـەی بـەغـداوە ببرێتە دەرەوە».

### کێشەکان، دوای ناردنە دەرەوەی نەوت

چـــاودێـــران پێیانوایە لـــەدوای ڕێکەوتنی هەرێمو بەغدا لەسەر ناردنە دەرەوەی نەوتی دەرهێنراوی هەرێم، چەند کێشەیەکی دیکە لەسەر هەمان دۆسییە ســەرهــەڵــدەداتو پێویست بەگفتوگۆی زیاتر دەکـات لەسەری، لەوانە گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێم.

لەماوەی چەند ساڵی ڕابـردوودا حکومەتی هەرێمی کوردستان (٢٥) گرێبەستی لەگەڵ (٣٠) کۆمپانیای بیانیدا ئیمزاکرووە، بەمەبەستی دەرهێنانی نــەوتو گـاز لەناوخاکی هەرێمداو شێوازی ئیمزاکردنی ئەم گرێبەستانە وردەکـاریـیـەکـەی جێگەی گومانی وەزارەتی نەوتو دەسەڵاتی ناوەندە، لەو بارەیەوە، د. مەحمود عوسمان ئاماژەی بـــەوەدا، کە شەرعییەتبوون یان نەبوونی گرێبەستە نەوتییەکانی نێوان هەرێم وەک کێشەیەکی نێوان هەولێرو بەغدا دەردەکەوێت، بەوپێیەی بەغدا دان بەوگرێبەستانەدا نانێتو چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە پێویست بەیەکلایی کردنەوە هەیە لەلایەن دادگای باڵای فیدراڵی عێراقییەوە».

یەکێک لەکێشەکانی دیکە، کە ئەگەر هەیە مشتروومڕی سەرکێشەی نەوتی هەرێم بەرێتە جیهانی دەرەوەش، مافی دارایی کۆمپانیا وەبەرهێنەکانی نەوتە لەهەرێم، کە لەدوای ناردنە دەرەوەی نەوت دەرنەکەتووە هەرێم یان ناوەند ئەو پارەیەیان دەداتێ؟.

موعتەسەم ئـەکـرەم بریکاری وەزارەتـــی نەوتی عـێـراق، پێشبینی سەرهەڵدانی ئەو کێشەیەی بۆ ڕۆژنامە پشتڕاست کـــردەوەو ڕایـگـەیـانـد: «کێشەیەکی دیکە کە چاوەڕواندەکرێت لــەدوای ناردنە دەرەوەی نـەوت بێتە ئـــاراوە، ئەوەیە کێ پـارەی کۆمپانیا وەبەرهێنەکانی نەوتی هەرێم دەداتو ئەو کێشەیەک پێویستی بەگفتوگۆی زیاتر دەبێت».

بەتێڕوانینی د.عەلی بەلو سەرۆکی لیژنەی نــەوتو گازیش لەپەرلەمانی عێراق، ئەگەرهەیە ئەو کێشەیە ڕەهەندێکی نێودەوڵەتی وەربگرێت، وتیشی: «نەدانی پـــارەی کۆمپانیاکان ئـەگـەری ئەوە دەهێنێتە ئاراوە، کە ئەو کۆمپانیا بیانیانە بۆ وەرگرتنی مافەکانیان پەنا بۆ دادگای نێودەوڵەتی ببەنو شکات لەعێراق بکەن، تا مافیان فەرامۆش نەکرێت».

ســـەرەڕای ئـامـاژەدان بەلایەنە ئیجابییەکانی ناردنە درەوەی نەوتی هــەرێــم لــەســەر زیـادبـوونـی ڕێـژەی نـاردنـە دەرەوەی نـەوتـی عـێـراقو فەراهەمبوونی دەرفەتی کار لەهەرێمدا، د.عـەلـی بەلو پێشبینیکرد کێشەی گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێمو مافی کۆمپانیا بەرهەمهێنەکان سەرهەڵبداتو پێوست بەگفتوگۆیەکی چڕوپڕی نێوان هــەرێــمو نــاوەنــد بکات، بەمەبەستی چارەسەرکردنی ئەو کێشانە.

بەشێک لەهۆکارەکانی گەیشتنی کێشەکانی هەرێم بەم ئاستەی ئێستای دەرنــەچــوونــی یاسای نــەوتو گازە لەپەرلەمانی عـێـراق، کە بەپێی ئەو یاسایە ئەنجومەنی فیدراڵی نەوتو گازی عێراق پێکدەهێنرێت، کە ئەرکی پێداچوونەوەبێت بەو گرێبەستانەی کە حکومەتی هەرێم لەبواری نەوتدا لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکاندا ئیمزای کردوون، هەرچەندە چاوەڕواندەکرێت هەروەک دەزگاو دامەزراوەکانی دیکەی عێراق لەسەر بنەمای تەوافوقی بەسەر پێکهاتەکەیدا دابەش بکرێتو دەرکردنی بڕیار تیایدا پێویستی بەڕێکەوتنی هاوشێوەی پەرلەمانی عێراق بێت.

# ئایا مالیکی سیستمی سیاسیی عێراقی پێ دەگۆڕدرێت؟



**محەمەد ساڵح حەمەلاو**

نوری مالیکی، سەرۆک وەزیرانی عێراق، پێشنیازی گۆڕینی سیستمی سیاسیی وڵات لە پەرلەمانییەوە بۆ سیستمی سەرۆکایەتی پێشکەش بە لیژنەی هەموارکردنی دەستوور دەکـــات، ئـەنـدامـێـکـی لیژنەکەش پێیوایە «پێشنیازەکەی مالیکی تەنیا پڕوپاگەندەیەو هیچی دیکە».

نــوری مالیکی لەناو گۆڕەپانی سیاسیی عێراقدا بە کەسایەتییەکی وا ناسراوە کە مـاوە مـاوە لێدوانی جــۆراوجــۆر دەدات، لــە نوێترین لێدوانیشیدا مالیکی پێشنیازی گۆڕینی سیستمی سیاسیی عێراقی کرد لە سیستمی پەرلەمانییەوە بۆ سیستمی سەرۆکایەتی، بــەڵام بە بۆچوونی شارەزایان «ئەو لێدوانانە زیاتر بۆ پڕوپاگەندەکردنە بۆ شەخسی خۆی لەناو جەماوەرداو هیچی دیکە».

سامی ئەتروشی، ئەندامی لیژنەی هەموارکردنی دەستوور لەئەنجومەنی نوێنەرانی عــێــراق، نیگەران بوو لــەوەی گەلانی عێراق وا ناسراون سەرکردەیەکیان خۆشدەوێت کە هەمیشە هەوڵبدات کە دەســەڵات لە ناوەندەوە بەهێزبکات.

ئێستا لە هەندێک لە وڵاتانی ئەورووپا سیستمی سەرۆکایەتی وەک فەرەنسا سەرکەوتنی بەدەستهێناوە، بەڵام سیستمی سەرۆکایەتی لە وڵاتانی ئاسیا دەبێتە سیستمێکی دیکتاتۆری بۆ بەرژەوەندی شەخسیو توندوتیژیی بەکاردەهێنرێتو ئەزموونی وڵاتانی عــەرەبــیو سیستمی بەڕێوەبردنی عێراق لە ڕابـــردوودا، بەڵگەی ئەو ڕاستیانەن.

ســامــی ئــەتــروشــی، ئـامـاژەی بەوەکرد «پێشنیازەکەی مالیکی جێگای ڕەزامەندیی لیژنەی هەموارکردنی دەســتــوور نییە»، لەوبڕوایەشدایە «جێگای ڕەزامەندیی هیچ قەوارەیەکی سیاسیی ناو پەرلەمان نابێت».

عــەبــاس بــەیــاتــی، ئــەنـدامـی ئەنجومەنی نوێنەران لەسەر لیستی ئیئتیلافی یەکگرتوو، باس لەوەدەکات بۆئەوەی پێشنیازەکەی مالیکی یەکلایی بێتەوەو نەکەوێتە چوارچێوەی کێشمە کێشمی سیاسییەوە، دەبێت ڕاپرسی ئەنجامبدرێت بۆئەوەی جەماوەر خۆی بڕیاربدات کە ئاخۆ چ سیستمێکی دەوێـت، سیستمی سەرۆکایەتی یان پەرلەمانی؟

لیژنەی هەموارکردنی دەستوور نـزیـکـەی سـێ سـاڵـە سـەرگـەرمـی هەموارکردنی دەستووری عێراقن کە تائێستا (٥٠) مــادەی هەموارکراوە، بەڵام شەش مادەی دیکە کە جەوهەری ناکۆکییە سیاسییەکانی عـێـراق پێکدەهێنن، وەک دەسەڵاتەکانی ســـەرۆک کـــۆمـــارو دەســـەڵاتـــی هەرێمەکانو مادەی (١٤٠)و یاسای نەوتو گازو یاسای باری کەسێتیو چەند کێشەیەکی دیکەی لەوجۆرە، تائێستا بە هەڵپەسێردراویو بێ چـارەسـەرکـردن لـەنـێـوان بەغداو هــەرێــمــدا مــاوەتــەوە، ئەتروشی دەڵێت: «پێشنیازەکەی مالیکی دژی دەستوورەو لەگەڵ دەستووری عێراقدا ناگونجێت، چونکە خودی دەستوور ئێستا چەندین کێشەی بۆ دروستبووەو لەبەردەم گۆڕاندایە».

ئەتروشی کە ئەندامی لیستی یەکگرتووی ئیسلامییە پێیوایە، هەرچەندە بەشێکی زۆری ئەندامانی پەرلەمانی عێراق لەگەڵ ئەوەدانین کە سیستمی سیاسی لە پەرلەمانییەوە بۆ سیستمێکی سەرۆکایەتی بگۆڕێت، بەڵام مالیکی پێیوایە، کە لایەنگرێکی زۆری لەناو جەماوەردا هەیەو ئەگەر هەڵبژاردن بکرێت، ئەوا خودی مالیکی یان لیستەکەی دەنگێکی زۆر بەدەست دەهێنن.

عەمار تەعمە ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران لەسەر لیستی فەزیلە، ئاماژە بەوە دەکات گۆڕینی سیستمی سیاسی لە پەرلەمانییەوە بۆ سەرۆکایەتی کارێکی نەگونجاوەو لەڕووی سیاسیو دەستوورییەوە ڕێگا بە چەسپاندنی ئەو بیرۆکەیە نادرێت، ئەوە لەکاتێکدایە کە نوری مالیکی لەلێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند: ئەو لەگەڵ ئەوەدایە کێ زۆریـنـەی دەنگەکانی بەدەستهێنا حکومەت پێکبهێنێت، وتیشی: «زاراوەی دیموکراتی تــەوافــوقــی نامۆیە بە دیموکراتیەت، چونکە زۆر کێشەی ڕووبەڕووی حکومەتی ئێستای عێراق کردووەتەوەو پێویستە کار بە سیستمی دیموکراتی پێشکەوتوو بکرێت».

سیستمی سـیـاسـی تــەنـیـا بە ئەنجامدانی ڕاپرسی ناگۆڕێت، بەڵکو دەبـێـت دەســتــوورو مادەکانی ناو دەستوورو دەسەڵاتەکانی سەرۆکاتی بگۆڕێن کە ئێستا لەسەر بنەمای سیستمی پەرلەمانی داڕێژراون.

ئەتروشی ڕوونیکردەوە، «ئەگەر پێشنیازەکەی مالیکی لە پەرلەماندا سەرکەوتوو نەبوو هــەروەک لەم قۆناغەی ئێستای هەموارکردنی دەستووریشدا ئەو پێشنیازە پەسەند نــەکـرا، ئــەوا بەپێی مــادەی (١٢٦) پەرلەمان بـۆی نییە تا دوو خولی دیـکـەی هــەڵــبــژاردن دەســتــکــاری دەستوور بکرێت»، هەربۆیە مالیکی خۆشی ئەوەی لا ڕوونو ئاشکرایە، کە ناتوانێت سیستمی سیاسی بگۆڕێت بۆ سیستمێکی سەرۆکایەتی، وتیشی: «لــە گۆڕینی سیستمی سیاسی لە سیستمێکی پەرلەمانی بۆ سیستمی سەرۆکایەتی، زەرەرمــەنــدی یەکەم کورد دەبێت».

www.netewe.com

# ــــرانسە نەتەوەییەکەیان کۆک نین



جەخت لەوەدەکاتەوە، کە کاتو لیژنەی ئامادەکاریی بۆ ئەو کۆنفرانسە تائێستا دیارینەکراوە، لەمبارەیەوە وتی: «تائێستا هەنگاوی پێویست بۆ ئەو بابەتە رەنگە نەنرابێت، ئەوە کاری لەسەر دەکرێتو لەلایەن سەرۆکایەتیی هەرێمەوە زەمینەی بۆ خۆشدەکرێت».

لە بەرامبەریشدا بەرپرسانی حکومەتی تورکیا بەپێچەوانەی ئۆپۆزسیۆنەکانیانەوە، گەشبینن بەرامبەر بەو کۆنفرانسە، بەڵام بەمەرجێک لە ئامانجی خۆی لانەدات، لەوبارەیەوە بەر لەماوەیەک سەرۆکی تورکیا وتی: «نابێت رێگا بدرێت ئەو کۆنفرانسە ببێتە مینبەرێک بۆ پەکەکە»، لەلایەکی دیکەشەوە، حیزبە ئۆپۆزسیۆنە کوردییەکانی ئێران کە بنکەو بارەگا سەرەکییەکانیان لە شارۆچکەی کۆیەی نێوان هەولێرو سلێمانیو گوندی زرگوێزی نزیک شاری سلێمانیدایە، بەگومانەوە لەم کۆنفرانسە نەتەوەییەی کورد لە هەولێر دەڕوانن و دەڵێن ئامادەنین دەستبەرداری هێزی پێشمەرگەی خۆیان ببن.

جێگری سکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، حەسەنی شەرەفی لەلێدوانێکدا بە سایتی نیقاشی راگەیاند، ئەرکی پاراستنی حکومەتی هەرێمی کوردستان تەنیا لەئەستۆی هاوڵاتییانی ئەم هەرێمەدا نییە، بەڵکو لەئەستۆی کوردی پارچەکانی دیکەی کوردستانیشدایە (تورکیا، ئێرانو سوریا)، بەڵام کوردی ئەو پارچانەی دیکەش «چاوەڕوانی ئەوە لە حکومەتی هەرێم دەکەن یارمەتیدەری بزووتنەوەی کورد بێت لە پارچەکانی دیکەدا، ئەگەر لەبەر چەند هۆکارێکی سیاسیش ئەوەی بۆ نەکرا، لانیکەم چاوەڕوانی ئەوەی لێدەکرێت کارێک نەکات بە لاوازبوونی کورد لە پارچەکانی دیکە تەواوبێت».

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کە لە دەیەی ١٩٨٠دا لەدژی کۆماری ئیسلامیی ئێران خەباتی چەکداریی دەکرد، دوو سکرتێری پێشووی لەلایەن رژێمی ئێرانەوە تیرۆرکراون، چەندین ئەندامو هەڵسوراوی ئەم حیزبەش لە دەیەی ١٩٩٠دا لە هەرێمی کوردستاندا لەلایەن دەزگای هەواڵگریی ئێران (ئیتیلاعات)ەوە تیرۆرکراون.

هاوکات کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان کە رێکخراوێکی چەپی کوردی ئێرانەو زیاتر لە دە ساڵە خەباتی چەکداریی دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەکات، چاوەڕوانی ئەوە لەم کۆنفرانسە دەکەن کە ببێتە چەترێک بۆ کۆکردنەوەی هەموو هێزە کوردییەکانی ئێرانو عێراقو تورکیاو سوریا، سکرتێری رێکخراوەکە، عومەری ئێلخانیزادە بە سایتی نیقاشی راگەیاند، ئەوان پێشوازیی لە هەر کۆنفرانسێکی نەتەوەیی کوردیی دەکەن، روونیشیکردەوە «وەک چۆن وڵاتانی عەرەب کۆمکاری عەرەبیان هەیە، پێمانوایە دەبێت دامەزراوەیەکی هاوشێوەی ئەوەو تایبەت بە کوردیش هەبێت، کە ساڵانە کۆببێتەوەو لەسەر مەسەلە گرنگەکانی کوردستانو لەسەر هەماهەنگی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان گفتوگۆ بکات».

ئێلخانیزادە ئەوەی بەلاوە گرنگە کە سەرۆکایەتیی هەرێم بەو کارو ئامانجە هەستێت، ئاماژە بە مەترسیی ئامانجی ئەو جموجۆڵە دیپلۆماسیەش دەکات کە ماوەیەکە ناوچەکەی گرتووەتەوەو بەرپرسانی تورکیاو ئێرانو سوریاو عێراق لە هاتوچۆو پەیوەندییەکی بەردەوامدان، ئەو وتی: «تورکیاو سوریاو ئێران لە خۆئامادەکردندان بۆ قۆناغی دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق، مەبەستی سەرەکیشیان هەماهەنگییە لەگەڵ حکومەتی عێراق بەمەبەستی لاوازکردنی هەرێمی کوردستان»، چونکە هەر ئێستا حکومەتی عێراق دەربارەی تۆپبارانەکانی ئێرانو بۆردومانەکانی تورکیا بۆ سەر هەرێمی کوردستان «بێدەنگە»، جگە لەمەش ئەو حکومەتانە هەمیشە کار بۆ ئەو ئامانجە دەکەن کە «کورد بکەن بەگژ کورددا».

بە گشتی بەرپرسەکانی ئەو حیزبو بزووتنەوە کوردیانە ئاماژە بەوەدەکەن کە کوردەکان لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە بەسەر عێراقو تورکیاو سوریاو ئێراندا دابەشکراون، هەمیشە وەک کەمایەتییەک لەلایەن ئەو دەوڵەتانەوە «مافەکانیان پێشێلکراوە»، لەئێستادا جگە لە عێراق کە مافەکانیان لە دەستووردا سەلمێنراوە، لە هیچکام لەو وڵاتانەی دیکەدا وەک کەمایەتییەکی سەربەخۆو خاوەن ناسنامە لە دەستووردا ئاماژەیان پێناکرێت، لە تورکیادا ساڵانێکی درێژخایەنە وەک گەلێک «نکۆڵی لە بوونیان دەکرێتو سیاسەتی بەتورککردن لەدژیان پەیڕەوکراوە». ئەم هەلومەرجە بووەتە هۆی هەڵگیرسانی خەباتی چەکداریی لەو ناوچانەدا کە هاوسنووری هەرێمی کوردستانن، پریشکی ئەم ئاگرەش ئەم هەرێمە نیمچە سەربەخۆیەی گرتووەتەوە کە لەلایەن کوردەوە بەڕێوەدەبرێتو خاوەنی حکومەتو پەرلەمانی خۆیەتی.

کاربەدەستانی هەرێمی کوردستان خوازیارن لە رێگای رێکخستنی کۆنفرانسی نەتەوەیی کوردەوە لە هەولێر، ئارامییو ئاسایشی ناوچەکەیان سەقامگیربکەن، بەتایبەت کە ماوە ماوە ئێرانو تورکیا لەرێی تۆپو فرۆکەی جەنگییەوە هێرشدەکەنە سەر هەرێمەکە، لەهەمانکاتیشدا لە هەوڵی ئەوەدان هەموو حیزبو لایەنە کوردییەکان بەوە رازی بکەن کە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد ستراتیژییەکی نوێی دژ بە توندوتیژیی بگرێتەبەر، لەپێناو بەدیهێنانی ئاشتی لە ناوچەکەداو چارەسەرکردنی کێشەی کورد بە رێگای سیاسی لەو وڵاتانەدا.

بەرپرسەکەی پارتی، پشتیوان سادق وتی: «حیزبە کوردستانییەکان لەو کۆنفرانسەدا کۆدەبنەوە، بۆئەوەی قسە لەسەر ئەوە بکەن کە چۆن ئامانجو ستراتیژیەتی خەباتی سیاسیی خۆمان دابڕێژین»، تائێستا نازانرێت کەیو چۆن ئەو کۆنفرانسە نەتەوەییە دەبەسترێت، ناشزانرێت کێ بانگهێشت دەکرێتو کێش دووردەخرێتەوە، بەڵام پێدەچێت کۆنفرانسێکی گەورەبێتو کاردانەوەی گەورەشی لێبکەوێتەوە.

*** خزمەتگوزاری سایتی نیقاش**

# ـــــە سیاسییەکانی تورکیا

ئیسرائیلو ئەمریکاو ئێران)و چەندین کێشەی دیکە، لەلایەکی دیکەوە تورکیا بەردەوامە لە هەوڵەکانی بۆ بوونە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا، دوای دەستبەکاربوونی ئۆغلۆ وەک وەزیری دەرەوە، پێشبینی رووداوی گەورەو سەرنجڕاکێش دەکرێت لە سیاسەتی دەرەوەی تورکیا، رۆژنامەنووسانو شرۆڤەکارانی بواری سیاسی لە تورکیا چەندین پێشبینیو بابەتو سەرنجیان سەبارەت بە داود ئۆغلۆ خستووەتەڕوو، عەبدول هامیت بلیچ وەک ستوننووسو رۆژنامەنووس بەسێ بەش باس لەوە دەکات کە داود ئۆغلۆ لەنێوان هەڵوێستێکی گەورەو گرنگدایە، چونکە وەک نووسەر باسیدەکات ئۆغلۆ لەساڵی ٢٠٠٧ بە بەردەوام ئەردۆغان فشاری خستووەتە سەر بۆئەوەی ئەو پۆستە وەربگرێت، بەڵام ئەو حەزی نەکردووەو ویستوویەتی درێژە بە پرۆژە فیکرییەکانی بداتو لەژێر سێبەری ئەردۆغان ئیش بکات، نووسەر لە باسەکەیدا پرسیاری ئەوەی کردووە، ئایا ئۆغلۆ بۆ رازی بوو؟ ئایا سەرکەوتوو دەبێت لە کۆکردنەوەی پرۆژە فکرییەکانو پلانە سیاسییەکانی، لەکاتێکدا ئێستا بارودۆخی ئۆغلۆ بریتییە لە سەردانو کۆبوونەوەو کۆنفرانس؟

## کورد لە نەخشەی ئۆغلۆدا

ئەگەرچی ئەوەی تائێستا هەستی پێدەکرێت نەخشە سیاسییەکانی ئۆغلۆ، ئێستا سیاسەتی تورکیا بەڕێوەدەبەن، لێرەدا پرسیار ئەوەیە، ئایا کورد لەکوێی ئەو نەخشە سیاسیانەدایە کە ئۆغلو خستونییەتە بەردەم ئەردۆغانو دەسەڵاتەکەی؟ بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە پێویستە شرۆڤەیەک بۆ لێدوانەکانی ئۆغلۆ خۆی بکەین سەبارەت بە کوردو دۆزەکەی، لە دیمانەیەکی درێژدا لەگەڵ شەرقولئەوسەت باس لە چەندین تەوەری گرنگ دەکات یەکێک لەوانە، پەیوەندی تورکیاو عێراقو کوردەکانە لە هاوکێشەی سیاسی تازەی تورکیادا، ئۆغلۆ دەڵێت: «هاوکاری ئێمە بۆ هەموو عێراقییەکانە نەک تەنیا تورکمانەکان، ئێمە پەیوەندی بەهێزمان هەیە لەگەڵ هەموو پێکهاتەکانی عێراق، ئەگەر پرسیارم لێ بکەن سەبارەت بە پاراستنی تورکمانو مەسیحیو شیعەو سوننە، لە وەڵامدا دەڵێم هەموویان دەپارێزین».

ئەگەر سەرنج بدەینە ئەو وتانە، دەبینین هەمان ئەو سیاسەتە گشتییەی ئەردۆغان کە بە پلانی ئۆغلۆ بەڕێوەدەچێت، دەیەوێت بەسەر عێراقیشدا جێبەجێی بکات، بۆ سیاسەتی خۆکردنە خاوەنی کێشەکانو نیشاندانی هێز بۆ چارەسەری کێشەکان بەشێکە لەو پلانەی کە بڕیارە سیاسەتی نوێی تورکیا پیادەی بکات، وەک دەزانین لە عێراقدا کێشەی کەرکوک یەکێکە لە گرفتو ئاریشە سەرەکییەکانی حکومەتی عێراق، بەپێی ئامۆژگارییەکانی ئۆغلۆ، ئەردۆغان دەیەوێت خۆی بکاتە خاوەنی کێشەکەو خۆی وانیشانبدات کە هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکە دەدات، بۆ ئەو مەبەستەش ئەوە چەندینجارە بەرپرسە گەورەکانی تورکیا داوا دەکەن کە کۆنگرەیەک بۆ چارەسەری کێشەی کەرکوک لە تورکیا ببەسترێتو هەموو پێکهاتەکان تێیدا بەشداربن، ئۆغلۆ سەبارەت بە کەرکوک لە دیمانەکەی شەرقولئەوسەت وتویەتی: «کەرکوک بۆ تورکیا زۆر گرنگە، چونکە عیراقێکی بچوککراوەیە، عێراقیش خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی بچوککراوەیە، بۆیە دەبێت کەرکوک ئارام بێت بۆ هەموولایەک، دەبێت کێشەکان بەگفتوگۆ چارەسەربکرێن، دەسەڵاتیش هاوبەش بێت، چونکە شارێکی فرە رەنگە».

ئەو تێڕوانینە وردو سەرنجڕاکێشانەی ئۆغلۆ بۆ کوردو کێشەی کەرکوک، مانای ئەوەن ئۆغلۆ لە پرۆژە سیاسیو فیکرییەکانی خۆی بابەتی کوردو کێشەی کەرکوکی شیکردووەتەوە، بۆیە ئێستا لە هەوڵی بەجێهێنانی ئەو نەخشانەدایە کە خستونیەتە دەستی ئەردۆغان.

# (٣٥) ژنی خۆکوژ ڕەوانەی کەرکوک دەکرێن

**ئارام جەمال**

سەرچاوەیەکی ئەمنیی لە شاری کەرکوک ئاماژە بە هاتنی (٣٥) ژنی خۆکوژ دەکات بۆ شاری کەرکوک لەلایەن رێکخراوی قاعیدەوە، بەمەبەستی تێکدانی رەوشی ئەمنییو نانەوەی ئاژاوەی تاییفی لە شارەکەدا، ئەوەش دوای ئەو زنجیرە تەقینەوانە دێت کە هەفتەی رابردوو شاری کەرکوک بەخۆیەوە بینی.



هەفتەی رابردوو شاری کەرکوک چەند تەقینەوەیەکی جیاوازی بەخۆیەوە بینی، کە بە پێی وتەی رائید سەلام جەلال، بەرپرسی سریەی پۆلیسی نەخۆشخانەی گشتیی کەرکوک، لەئەنجامی ئەو تەقینەوانەدا ٣٥ قوربانییو برینداری لێکەوتەوە، ئەوەش رەوشی ئەمنیی شارەکەی بەرەو خراپ بوون برد، بەرپرسانی ئەمنیی شارەکەش ئەوە رادەگەیەنن کە رێوشوێنو پلانی ئەمنیی توند لەشارەکەدا گیراوەتەبەر، هاوکات سەرچاوەیەکی بەرپرس لە هێزەکانی پۆلیسی کەرکوک کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە بە رۆژنامەی راگەیاند: هێزە ئەمنییەکانی شارەکە لە هاتنی (٣٥) ژنی خۆکوژ لەلایەن رێکخراوی قاعیدەوە ئاگادارکراونەتەوە، بەڵام بەڵگەی پێویست لەبەردەستدا نییە، بەوهۆیەوە هێزەکانی پۆلیس خراونەتە حاڵەتی ئامادەباشییەوەو رێوشوێنی توندی ئەمنیی لەسنوری پارێزگاکەدا گیراوەتەبەر.

سەرچاوەکە ئەوەشی وت: «وەک هێزەکانی پۆلیس ئاگاداری جموجۆڵی رێکخراوە توندڕەوەکانی سنووری پارێزگای کەرکوکینو لە چەند رۆژی رابردووشدا پۆلیس ژمارەیەک گومانلێکراوو داواکراوی دەستگیرکردووە».

ئەم کردەوانەش لەکاتێکدایە کە لە ماوەی رابردوو کەسێکی خۆکوژی بە رەگەز سوری بەر لە خۆتەقاندنەوەی لەناوحوسێنیەیەکی شارەکەدا دەستگیرکرا، پێشتریش عەمید سەرحەد قادر، بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزاو ناحیەکانی کەرکوک هۆشداریدا، کە لە سەروبەندی هەنگاوەکانی چارەسەری کێشەی سیاسی کەرکوک، هەوڵی نانەوەی ئاژاوەو بەرپاکردنی شەڕی تاییفی لە کەرکوک لەئارادایە، لەکۆتایی مانگی رابردووشدا ژمارەیەک کەسایەتیو هاوڵاتی کوردو عەرەبو مەسیحی تیرۆرکران.

# کوردەکان لەسەر ئامانجی کۆنف



سەردار محەمەد *

دەربارەی ئامانجی ئەو کۆنفرانسە نەتەوەییەی چاوەڕواندەکرێت لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستاندا ببەسترێت، کوردەکان بیروبۆچوونی جیاوازیان هەیە، هەندێکیان تائێستا بانگهێشت نەکراون، هەندێکی دیکەشان پێدەچێت بایکۆتی کۆنفرانسەکە بکەن، لەلایەکی دیکەشەوە پێشوازیی لێدەکرێتو هیوا دەخوازرێت جێگای کۆمکاری عەرەبی (الجامعة العربية) بۆ کورد بگرێتەوە.

ماوەیەکە سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستانی عێراق بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە هەر چوار پارچەکەی کوردستان، لەگەڵ حکومەتەکانی عێراقو تورکیاو ئێرانو سوریا بەنیازە کۆنفرانسێکی نەتەوەیی ببەستێت، ئەگەر چی تائێستا بەهۆی ئەوەی هەموو لایەک سەرقاڵی خۆئامادەکردنن بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانو سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان، وادەو ناوەرۆکێکی روون بۆ ئەو کۆنفرانسە نەتەوەییە دیارینەکراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەنگدانەوەیەکی ناوخۆو ئیقلیمی گەورەی لێکەوتووەتەوە.

پشتیوان سادق ئەندامی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەلێدوانێکدا بۆ سایتی نیقاشی رایگەیاند، کە سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان ئامادەکاریی بۆ رێکخستنی کۆنفرانسێکی نەتەوەیی دەکاتو پێشبینی ئەوەش دەکرێت هەموو حیزبو رێکخراوە سیاسییەکانی هەر چوار پارچەکەی کوردستان بەشداریی تێدابکەن.

پشتیوان سادق کە پارتەکەی یەکێکە لەو دوو لایەنە سەرەکییەی لەساڵی ١٩٩١-ەوە هەرێمی کوردستان بەڕێوەدەبەن، پێیوایە ئامانج لەو کۆنفرانسە «پاراستنی ئارامیو دەستکەوتەکانی هەرێمی کوردستانە وەک بەشێک لە بەرژەوەندیی نەتەوەیی کورد»، لەهەمانکاتیشدا «دیاریکردنی ستراتیژییەکی نوێیە بۆ بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد»، ئەمە جگە لەوەی هەوڵێکە بۆ «گرتنەبەری رێگای ئاشتیانە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان».

ئەم کۆنفرانسە لەکاتێکدایە کە ساڵانێکی درێژخایەن کورد لە وڵاتانی عێراقو ئێرانو تورکیادا لەپێناو «بەدەستهێنانی مافەکانی خۆیدا خەباتی چەکداریی کردووە»، لەئێستاشدا پەکەکەو پژاک تاکە هێزی کوردین کە هێشتا لەم خەباتە بەردەوامنو گەریلاکانیان دژ بە دەوڵەتی تورکیاو ئێران دەجەنگن. هەروەها حیزبە کوردییەکانی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانیش کە بنکەو بارەگاکانیان لە سنووری هەرێمی کوردستاندان، خاوەنی هێزی چەکداریی تایبەت بە خۆیانن، هەرچەندە چەند ساڵێکە وەک خۆیان دەڵێن لەبەر بەرژەوەندی هەرێمی کوردستان کاری چەکدارییان لەدژی کۆماری ئیسلامیی ئێران راگرتووە.

پشتیوان سادق پێیوایە، بارودۆخی ئێستای جیهان ئەوە دەخوازێت کە پەکەکەو بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد شێوازی خەباتیان بگۆڕن، لەم قۆناغەدا لەبری خەباتی چەکداریی خەباتی سیاسی بکەن، ئەو دەڵێت: «ئەمڕۆ لەڕووی یاسای نێودەوڵەتیو پەیوەندی دیپلۆماسیو لەڕووی دەستووری عێراقیشەوە، دەبێت پابەندبین بەو سنوورەی کە لەنێوان عێراقو تورکیادا هەیە، ناکرێت ئەمڕۆ گەریلای پەکەکە لە سنووری هەرێمی کوردستانەوە بپەڕێتەوە بۆ تورکیاو لەوێدا کاری چەکداریی بکاتو پاشان بگەڕێتەوە».

ئاماژە بەوەشدەکات کە ئەمە یەکێک دەبێت لەو مەسەلانەی لە کۆنفرانسە نەتەوەییە چاوەڕوانکراوەکەی هەولێردا قسەی لێدەکرێت، بەڵام لە بەرامبەردا بەرپرسانی پەکەکە نارەزایی خۆیان بەرامبەر بەو قسەوباسانە دەردەبڕن، کە گوایە لەو کۆنفرانسەدا داوای چەکدانانیان لێدەکرێت.

بەرپرسی یەکەمی پەکەکە، موراد قەرەیلان لەلێدوانێکدا بۆ سایتی نیقاشی رایگەیاند: چەکدانان مەسەلەیەک نییە لە کێشەی کورددا ببێتە خاڵی یەکەم، بەبڕوای ئێمە مەبەست لەمە لاوازکردنی ئیرادەی کوردانە، ئێمە بە کۆنفرانسێک رازی نابین کە سەرەتاکەی بە داوای چەکدانانی ئێمە دەستپێبکات.

پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە)، کە بە گەورەترین رێکخراو دادەنرێت لەئاستی هەر چوار پارچەکەی کوردستاندا، لە ساڵی ١٩٧٨دا دامەزراوەو لە ١٩٨٤یشەوە خەباتی چەکداریی لە ناوچە کوردنشینەکانی باشووری خۆرهەڵاتی تورکیادا دەستپێکردووە، لەساڵی ١٩٩١یشەوە پشتێنەیەکی باریکی سەرسنووری نێوان عێراقو ئێرانو تورکیا بەناوی (هەرێمی میدیا)ی لەژێردەستدایە، بنکە سەرەکییەکانی مەشقو راهێنانی گەریلاکانی تێدا جێگیرکردووە، کە زۆرجار بوونی ئەم هێزە لەو ناوچانەدا لەلایەن تورکیاوە دەکرێت بە بەهانەی بۆردوومانکردنو هێرشکردنە سەر هەرێمی کوردستانی عێراق.

قەرەیلان پێیوایە، وروژاندنی ئەم قسەوباسانە بەناوی کۆنفرانسی نەتەوەییەوە، بەمەبەستی رازیکردنی تورکیایە، ئەو روونیکردەوە، کە پێویستە لەسەرەتادا کورد لەنێو خۆیاندا گفتوگۆ لەسەر ئەو مەسەلەیە بکەن «نەک بچین لەپێشدا لەگەڵ تورکەکان گفتوگۆی لەسەر بکەین»، وتیشی: «کۆنفرانسەکەی هەولێر نەک یەکێتی نەتەوەیی بەدیناهێنێت، بەڵکو نەتەوەی کورد دەکات بە دوو پارچەوەو ئەمەش بە مەترسی دەبینین».

لەهەمانکاتیشدا، پەکەکەو هەموو حیزبو رێکخراوە کوردییەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان، ئاماژە بەوە دەدەن کە تائێستا نازانن کۆنفرانسەکە چۆنو کەی پێکدێتو خشتەی کارو ئامانجەکانی چین، بەرپرسەکەی پارتیش، پشتیوان سادق

# ئەحمەد داود ئۆغلۆ، ئەندازیاری پلان



ئەحمەد داود ئۆغلۆ

ئارام شێخ وەسانی

**مامۆستاکەی ئەردۆغان،**
**چ پلانێکی تازەی هەیە؟**

پرۆفیسۆر ئەحمەد داود ئۆغلۆ بە مامۆستاکەی ئەردۆغان ناسراوە، هەر لەدوای سەرکەوتنی پارتی دادو گەشەپێدان وەک راوێژکارێک لەپشتی ئەردۆغان بووە، ئۆغلۆ کە داڕێژەری سیاسەتەکانی ئەردۆغانە، سیاسیەتی نێودەوڵەتی تورکیا بەپێی هەندێک سەرچاوە لەژێر سێبەری رێنماییەکانی ئۆغلۆوە گوزەری کردووە، ئەو لەسەرەتادا داوای ئەوەی کردووە کە تەنیا لە سێبەردا کاردەکات لەگەڵ ئەردۆغان، ئۆغلۆ ئەگەرچی ئەندامی پارتەکەی ئەردۆغان نییە، بەڵام دڵسۆزییەکی بێوینەی نواندووە بەرامبەر هەموو ئەو ئەگەرو پێشهاتانەی لەماوەی دەسەڵاتی ئەردۆغاندا دروست بوون، هەر ئەو دڵسۆزییەش بووە وای لە ئەردۆغان کرد کە بیکات بە وەزیری دەرەوەی تورکیاو چیتر لەژێر سێبەریدا کار نەکات.

ئۆغلۆ لەگەڵ سەرکەوتنی ئەکەپە کتێبێکی نووسی سەبارەت بە سیاسەتی دەرەوەی تورکیا کە سەرنجی بەرپرسە سیاسییەکانی تورکیای راکێشا، ئەویش پەڕتوکی (قوڵایی ستراتیژی) بوو، ئەگەرچی ئۆغلۆ پێشتر لە چەند دەوڵەتێک باڵوێزی تورکیا بووە، بەڵام بوونی ئۆغلۆ بە وەزیری دەرەوە بە گۆڕانێکی گرنگو سەرنجراکێش دادەنرێت لە مەیدانی سیاسی تورکیا، چونکە بەهۆی ئەوەی کە ئۆغلۆ ئەندامی پارتەکەی ئەردۆغان نەبوو بە ئەگەرێکی دوور دەزانرا بکرێتە وەزیری دەرەوە.

ئەو لەکتێبەکەیدا باس لەوە دەکات کە بەهۆی ئەو رابردووە گرنگو پێگە جوگرافییەی کە تورکیا هەیەتی، دەتوانرێت رۆڵی تورکیا بەرامبەر جیهان زۆر گەورە بکرێتو سوودی لێوەربگیرێت بۆ داهاتوو، هەروەها دەکرێت تورکیا پەیوەندییەکی گرنگ دروستبکات لەناو جیهاندا، ئەو پەیوەندییەش بە دروستکردنو رۆڵگێڕان لە کێشەو گرفتی دراوسێکانی دەستپێدەکات، هەروەها تورکیا هەم لەگەڵ خۆرهەڵاتو هەم لەگەڵ خۆرئاوا خاوەنی دەرگای پەیوەندیو گفتوگۆیە، بۆیە لە رێگای ئەو دەرگایانەوە دەکرێت تورکیا لە چەندین لاوە سیاسەت بکاتو بوونی خۆی بسەلمێنێت.

## پۆستەکەی ئۆغلۆو کاریگەرییەکانی

ئەگەرچی ئەردۆغان لەو گۆڕانکاریانەی کە ئەنجامیدا لە کابینەی حکومەتو سەرۆکی فراکسیۆنەکانی پەرلەمان، بەڵام لە تورکیا لە هەمووی زیاتر گرنگیو تیشک خرایە سەر دەستبەکاربوونی پرۆفیسۆر ئۆغلۆ وەک وەزیری دەرەوە، سیاسەتی وەزیری دەرەوەی تورکیا ئەگەرچی بە خراپ باس نەکرا لەکاتی لێدوانی ئەردۆغان سەبارەت بە گۆڕانکارییەکان، بەڵام بەهۆی هەبوونی شارەزاییەکی زیاتری لە کەرتی ئابووریو پسپۆڕبوونی لە ئابووریدا، ئەردۆغان عەلی باباجانی گواستووەتەوە بۆ وەزیری دارایی کە لەئێستادا پۆستی وەزیری دارایی هیچی کەمتر نییە لە وەزیری دەرەوە بۆ ئەردۆغان، چونکە لەئێستادا تورکیا لەناو مەترسی قەیرانە ئابوورییەکاندایە، لێهاتوویی ئۆغلۆ بۆ پۆستی وەزیری دەرەوە سەرنجی ئەردۆغانی راکێشاوە، هەروەها ئۆغلۆ رۆڵی سەرەکی هەبووە لەو رەوشە نێودەوڵەتییە گرنگەی کە ئێستا تورکیا دەیگێڕێت لەنێوان (ئیسرائیلو سوریاو ئێرانو ئەمریکاو عێراق)، تورکیا بەهۆی ئەو سیاسەتە نێودەوڵەتییەیەوە توانیویەتی تا رادەیەکی زۆر خۆی لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی نزیک بکاتەوە، لەلایەکی دیکەشەوە هەنگاوی گەورەی ناوە بەرەو ئامانجی بەئەندام وەرگیرانی لە یەکێتی ئەوروپا.

پێدەچێت ئەردۆغان سوودی راستەوخۆی لە بۆچوونەکانی ئۆغلۆ وەرگرتبێت، چونکە لە کتێبەکەیدا ئاماژەی بەوە داوە کە تورکیا پێویستە خۆی بکاتە خاوەنی هەموو کێشەکانی ناوچەی خۆرهەڵات، بەڵام ئەو خاوەن کردنە بە ئامانجی چارەسەرکردنی کێشەکان بێت نەک دروستکردنی کێشە، وەک دەبینین لەم چەند رۆژەدا ئەردۆغانو عەبدوڵڵا گویل کەوتوونەتە قسەکردن سەبارەت بە رۆڵگێڕان لە چەندین کێشەی گەورەی جیهانی، بۆ نموونە کێشەی نێوان (عەرەب

# هەڵبژاردن‌و ئەگەرەکان



سەردار قادر

لەماوەی پێشوودا لەو کاتەوەی کە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بڕیاری لەسەر دراوەو ڕۆژی جێبەجێکردنەکەی دیاریکرا، کۆی میدیاکان لەسەر ئەم بابەتە دەدوێن‌و بووەتە بابەتی سەرەکی لای خەڵک‌و دەسەڵات‌و قەوارە سیاسییە بەشداربووەکان.

دەزگـاکـانـی ڕاگەیاندنی هـەردوو حیزبی دەســەڵاتـدار هەر زوو کەوتنە بڵاوکردنەوەی بیروڕای خۆیان ئەویش بەسێ شێوازی جیاواز:

١- دەستپێکردنی هەڵمەتێکی هێرشبەر بۆ سەر لیستو قەوارە جیاوازەکان لە خۆیان‌و زۆرینەیەک لەو کەسانەیان بەکارهێنا کە خاوەنی زمانی زبـرو لە یـادەوەری شەقامی کوردیدا یادەوەری شـــەڕی نـاوخـۆیـان بیر دەهێنایەوە.

٢- پاش ئەوە بارودۆخێک لە ترس‌و داهاتووی نادیاریان دەخستە بەردەم تاکی کوردی چ بە خەتەرە هاتووەکانی دەرەوەی کوردستان‌و نەمانی یەکڕیزیی ماڵی کوردی‌و ئەگەری توندوتیژی ڕوودان، تا شەقام لەئێستاوە لەدەرئەنجامی هەڵبژاردن بترسێت‌و کەمتر هیوای لا دروست بێت.

٣- پاشتر هەڵوێستیان گـۆڕا بۆ بێمنەتی پیشاندان دەرهەق هەڵبژاردن‌و دەرئەنجامەکانی، خۆیان بەشێوەیەک پیشاندەدا کە گرفتیان نییە لە بەشداریی ئەو هەموو قەوارە سیاسییە نوێیەو بێ گومانن لە مەوقیعی داهاتووی خۆیان.

لە بەرامبەردا لیستەکانی دیکە جۆرێک لە بێدەنگی‌و تێڕامانی بە دیقەتەوە دەبینرا، کە خۆی لە خۆیدا ئەمە بووە هۆکاری ئـەوەی کە تاکی کـــوردی‌و شەقامی کوردی ئەم هەڵبژاردنە بە سەرەتایەکی وەرچەرخاندن ببینێت.

ئەگەرەکان دەرهەق هەر ڕەهەندێک یـان هـەر پێشهاتێک هەمیشە بوونی هەیەو زیاتر لە وڵاتـی ئێمەدا ئەگەر دەرکەوتنی هەیە، شیکردنەوەو لێکۆڵینەوە لای ئێمە بەهۆی نەبوونی زانیاری ڕاســت‌و دروســت‌و ئـامـاری پشت پێ بەستوو، هەمیشە ناتوانرێت بگەینە ڕاستی ژمارەکان، هەموو پرسیارێک کە دروستدەبێت لە ناوەخنیدا ئەگەرێک هەیە، وڵاتی ئێمە بازاڕی گەورەی ئەگەرەکانە، خوێندنەوە بۆ کەس‌و گروپ‌و لیستەکان هەمیشە لەبەردەم ئەگەردایەو دەکرێت لە ساتەوەختی پاراستنی بەرژەوەندیدا کۆی دەرئەنجامی ئەگەرەکان بگۆڕێت، پرسیارو قۆناغ لای ئێمە پەیوەندییان پەیوەندی سروشتی نییە، بیناکردنی پرسیارەکانمان بیناکردنی مەعریفی نییە بەتەنیا، بگرە ڕێکەوت‌و میزاج زۆرجار ئاکاری پرسیارەکان دەگۆڕێت، ئەگەر پرسیارەکان یان ئەگەرەکان خاوەنی ئەم بارودۆخە بێت، ئەوا وەڵام‌و دەرئەنجامی ئەگەرو پرسیارەکان زۆر زیاتر ناڕوون‌و بێ بنەمایە.

لـە کـوردسـتـان، ئـەگـەر هەمیشە بە میزاجی ئـەو سـەرکـردەو یـان ئەو سەرکردەی دیکە دەگۆڕێت، ئەم وڵاتەی ئێمە کوانوویەکی بەهێزە بۆ ڕۆڵبینینی ئەگەرەکان، لەئێستادا ئەگەرەکان دەکرێت پۆلێن بکرێت بەسەر چوار شێوەدا کە ئەوانیش:

١- ئەگەر لە هەڵبژاردندا یەکێتی‌و پارتی زۆرینەیان بەدەست نەهێنا:

ئەم ئەگەرە پرسیارێکەو تەنیا بە نیازپاکی دەکرێت‌و بێ هیچ بانگەشەیەکی هـەڵـبـژاردن کــراوە، ئـەگـەر وابــوو!!! بارودۆخەکە چی بەسەردێت، وەڵامێک کە زیاتر لە وەڵامـی یۆتۆبیا دەچێت، ئەوە ئەوان دەسەڵات بەشێوازی ئاسایی دەگوێزنەوە بۆ لیستە براوەکان‌و کۆی داهـات‌و بودجەو خەزنەکان کە داهاتی گشتی وڵاتــە، دەخـەنـە بـەردەســت‌و بەوپەڕی شەفافیەتەوەو خۆیان وەک حیزبی ئۆپۆزسیۆن کاردەکەن‌و پاڵشتی لیستی براوە دەکەن، هەرچی ئەزموونیان هەیە لەچۆنێتی بەڕێوەبردنی وڵات دەکەنە ئەزموونی گشتی‌و دەبنە پاڵپشتی حکومەت‌و پەرلەمانی داهاتوو، خۆیان ئامادە دەکەن بۆ چوار ساڵی داهاتوو کە جارێکی دیکە بێنەوە سەر دەســەڵات‌و پـرۆژەی نوێ بخەنە بـەردەم شەقامی کـوردی، هەوڵی ئاشتبوونەوە دەدەن لەگەڵ دەنگدەران بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو، ئەم وەڵامە تەنیا وەڵامێکە بۆ ئەگەرێکی نادیار، وەڵامێکە بۆ هێنانەدی بارودۆخێکی تەندروست.

وەڵامێکی دیکەی ئەم ئەگەرە هەیە کە وێنایەکی ترس‌و تێڕامانە لە داهاتوویەکی نادیار ئەویش ئەوەیە، کە یەکێتی‌و پارتی دەســەڵات بەجێناهێڵن‌و کار بۆ ئەوە دەکەن پرەنسیپی تەوافوق بکەنە ڕەوگە بۆ کاری داهاتوو، ئەوان وا هاتوون کە نـەڕۆن، ئـەوان خــاوەن‌و دروستکەری مێژووی ئەم دەسەڵاتەن، ئەوان مێژووی قوربانییەکانیان ڕێگایان دەداتێ کە جێگا چۆڵ نەکەن، ئەوان حیزبی مێژوویین، ئەوان خاوەنی بەرەی کوردستانی بوون، ئەوان ئەندازیاری ڕاپەڕینن، هەر ئەوانن لە عێراق پارێزەری بەرژەوەندی باڵای گەل‌و نیشتمان، ئەوان گومان لەسەر هەموولا دروستدەکەن، ئەوەی دەنگێک کە هات، ئەوە بە فیتی ئەملا یان ئەولایە، ئەوەی گوتارەکەی جیاواز بوو، ئەوە هەرچی تۆمەتی حیزب هەیە دەیکەن بە کۆڵی ئەوەوە.

٢- ئەگەر لە هەڵبژاردندا یەکێتی‌و پارتی زۆرینەیان بەدەست هێنا:

ئەم ئەگەرە هەوڵدانە بۆ خوێندنەوەی هەڵوێستی ئـەوان لـەدوای بـردنـەوە، هەمان وەڵامی یۆتۆبیا هەیە، یەکێتی‌و پارتی لەپێناوی بـەرژەوەنـدی بەرزی وڵات‌و هاوڵاتییاندا، باوەشی کراوەن بۆ گشت ڕا جیاوازو لیستە جیاوازەکان‌و هیچ هەڵوێستێکی نەگەتیڤ وەرناگرن بەرامبەریان‌و هۆڵی پەرلەمان دەکەنە هۆڵی بەیەک گەیشتنی ڕا جیاوازو پـرۆژە جیاوازەکان، زیاتر دەکرێنەوە بە ڕووی گشت لایـەکـداو کـاردەکـەن بـۆ بـەرقـەراربـوونـی دیموکراسی‌و بەجێگەیاندنی پرۆسەی هەڵبژاردن بەشێوازی تەندروست، وەڵامێکی دیکەی ئەم ئەگەرە ئەوەیە، کە یەکێتی‌و پارتی دەکەونە گیانی بەرامبەرو لیستەکانی دیکەو هەوڵدەدەن بۆ بچووککردنەوەیان‌و ئیحتواکردنیان.

٣- ئەگەر لە هەڵبژاردندا لیستێکی دیکە زۆرینەی بەدەست هێنا:

ئەم ئەگەرە وەک ئەگەرەکانی دیکە پرسیارێکەو بوونی هەیە، وەڵامەکەی چۆن دەبێت، ئایا ئەم لیستە چۆن کاردەکات لەگەڵ لیستەکانی دیکە؟ ئایا دەرفەتی کوالیسیۆن دروستبوون چۆن دەبێت؟ ئایا کوردستان بەرەو شامی شەریف دەڕوات؟ ئایا هەموولا ئەو بارودۆخە نوێیە قبوڵ دەکەن؟.

٤- ئەگەر لە هەڵبژاردندا هیچ لیستێک زۆرینەی بەدەست نەهێنا:

ئەم ئەگەرە پێدەچێت ئەگەری ڕوودانی زیاتر هەبێت، ئایا کوالیسیۆن چۆن دروستدەبێت؟ عیلمانی‌و ئیسلامی دەکرێت ئیئتلاف بکەن یان نا؟ ئایا ئایدۆلۆژیا ڕۆڵ دەبینێت لەپێکهاتەی نوێی دەسەڵاتدا؟ ئایا ئۆپۆزسیۆن بە فیعلی دروستدەبێت یان بە تەوافوق هەموو بەشداردەبن‌و چەمکی بەرە زاڵدەبێت بەسەر کۆی چەمکەکانی دیکە؟.

ئەمانە هەمووی ئەگەرن‌و بەشێوازی پرسیار دەردەکەوێت‌و وەڵامیش ڕۆژانی داهاتوو دەریدەخات.

**ئەگەر لە هەڵبژاردندا هیچ لیستێک زۆرینەی بەدەست نەهێنا: ئەم ئەگەرە پێدەچێت ئەگەری ڕوودانـی زیاتر هەبێت، ئایا کوالیسیۆن چۆن دروستدەبێت؟ عیلمانی‌و ئیسلامی دەکرێت ئیئتلاف بکەن یان نا؟**

# گەلێکی بەئەمەک‌و سەرکردایەتییەکی بێباک...



کەمال هەورامی

لەو ڕوانگەیەوە کە کورد بەئەندازەی درێژی مێژووەکەی خاوەنی دەسەڵاتێکی خۆماڵی نەبووە، نەیتوانیوە ئەزموونی مافەڕەواکانی بکات، بۆیە هەرکەس‌و گروپ‌و لایەنێک لەوماوەیەدا، بەمەبەست‌و بەناوی گەیشتن بە مافەکانی، تێکۆشانی بەردەوام کردبێت، جۆرێک لە متمانەی خۆی بێبەرامبەر پێشکەشکردووە.

هـاوکـات بە درێـژایـی ئـەو مـێـژووە، دوژمنانی کورد چەندێک زەبروزەنگ لە هەگبەیاندا هەبووە، لەئاستیدا درێغییان نـەکـردووەو لـەدژی بەکاریان بـردووە. لێرەشەوە بەهێندەی دیکە کۆمەڵی کوردی گەیشتووەتە ئـەو بـاوەڕەی تێکۆشانی تێکۆشەرەکانی بەجۆرێک لەجۆرەکان پیرۆزبکات، کەسایەتی پێشمەرگەش لە زەینیدا ئەژماردەی پەرییەکی پاکژی بۆ بکات، بۆیە زۆرجار لە بەرامبەر هەڵەی گەورەی تێکۆشان‌و تەنانەت تێکۆشەرەکانیشی، مافی بەخۆی نەداوە لە بازنەی (ناپاکی)دا بەئاستێک کۆمەڵایەتی بکاتەوە، سەرنجیان بخاتەسەر، هەربۆیە لە درێژایی ئەو مێژووەدا گۆشەنیگایەکی لەوجۆرە بووەتە بەشێک لە فەرهەنگی کوردی‌و لە وێنەی (وەفادا) ڕەنگیداوەتەوە.

ئەمە لەکاتێکدا هەرچەندە (وەفــا) خەسڵەتێکی باش‌و پەسەندکراوی مرۆییە، بەڵام مەرج نییە لە هەموو کاتێک‌و بۆ هەموو شوێنێک بەشی پێویستی چاوپۆشینی بـەردەوام بکات، لە زۆرجاریشدا بەباری باشەدا بکەوێتەوە.

بەهەرحاڵ دەبوو لە بەرامبەردا دەسەڵاتی کـوردی زۆر بەباشی درکـی ئـەم هێزە مەعنەوییەی خەڵکی کوردستانی بکردایە، بۆ پشتگیری‌و بەهێزکردن‌و پاڵپشتی دەسەڵاتی کوردی بەکاربېردایە، بۆ ئەو مەبەستەش لە چاکترین بەرنامەی کاری سیاسی‌و ئیداریدا بەجۆرێک لە خزمەت ئەو خەڵکە ماندووەدا لە تێکۆشان بێتەوە، دەستیان بەو هێزە مەعنەوییە پاکژەی خەڵکەوە بگرتایەو ڕایەڵی پەیوەندیی گەل‌و دەسەڵاتیان لە ئەجندای کاریاندا پانتاییەکی بەرفراوانی بۆ تەرخان بکرایەو بەهێندیان وەربگرتایە.

ئاخر نەدەبوو لە هەلومەرجێکی زۆر نالەبارو سەخت‌و گوزەرانی ژیاندا، کاتێک توێژێکی هۆشیاری گەل، (مامۆستایان) لەژێر دروشمی (لەپێناو مووچەدا سەری بەرزمان نەوی ناکەین)، کە لەوساتەدا پیلانی دوژمنکارانەی دوژمنیان هەڵوەشاندەوەو دەیان هەڵوێستی جوانی لەشێوەی توێژەکانی کۆمەڵ، بەهێند وەرنەگیرێت‌و خوێندنەوەیەکی دروستی بۆ نەکرێت. شەرمە ئەو هەڵوێستە جـوان‌و دروستانەی گـەل کە بەهەموو شێوەیەک ئاماژەن بۆ کۆمەڵێک کە شایستە بە ژیانێکی شەرافەتمەندانەیە، فەرامۆش بکرێن، دەبوو لانیکەم لەو پێناوەدا لە باشترین میکانیزمی کاری دەوڵەتیدا، دەسەڵات کاری لەسەر بەگەڕخستنی تواناکانی کورد بکردایە، تا بەباشترین شێوەو وەک نەتەوەیەکی زیندوو خۆی نمایش دەکردو وێنەیەکی جوانی بە دنیای دەرەوەی خۆی پێشکەش دەکرد، لە کردەیەکی لەوجۆرەشدا دوژمنەکانی پێ شەرمەزار دەکرا، کە لەمێژە دەهۆڵی ئەوە دەکوتن گوایە (کورد کۆمەڵێکی دواکەوتووەو ناتوانێت ئیدارەی خۆی بەڕێوەبەرێت، لەو ڕێگایەشەوە سەرئێشە بۆ ناوچەکە دروستدەکات). هاوکات لەو وێنە جوانەشدا بۆ دنیای دەسەلماند کە بەڵێ کورد گەلێکە زیندووەو شایستە بە ژیانێکی ئازادە، بەوەش پێی دەکرێت لە ڕێگای چەندین داهێنانەوە خزمەتی خۆی‌و کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بکات.

کەچی بەداخەوە دەسەڵاتی کوردی نەک هەر نەیتوانی لەئاست ئەو ڕێزەی کورددا لەشێوەی (وەفـادا)بـن، بەجۆرێک لانیکەم ڕێگا لە بەرژەوەندیی تەسکی حیزبایەتی‌و ناوچەگەرێتی بگرێت، بەپێچەوانەوە ئەو ڕۆحە پاکژەی کوردیان بە ئاراستەیەکی پێچەوانەو لەدژی خۆیدا بەکاربردو لەوێشەوە تووشی دەردێکی خراپیان کرد، بەهێندەی دیکەش بارگران کرا، بەجۆرێک ئـەوەی لەماوەی هەژدە ساڵداو لە سێبەرو لەسەر دەستی دەسەڵاتی کوردی پێی کرا، بە دوو هەژدەی دیکەش بەپێی پلان‌و بەرنامەیەکی دروست ئاسەوارەکانی ناسڕدرێتەوە.

لەئێستادا تەنیا ئـەوەی کە جێگای هیواو ئومێدێکی قوڵە، لەوەدا دەبینرێتەوە کە خەڵکی کوردستان ڕاچڵەکیوەو گۆڕان بووەتە خواستێکی میللیی، هەستدەکەم بەبێ گوێدانە پەیمانە سواوەکان‌و بەبێ ترسان لە دوژمنە وەهمییەکان‌و هەڕەشەی نانبڕین، بەبێ خۆگرێدانەوە بە ڕابردوویەکەوە کە سـەردەم تێپەڕاندبێت، بڕیاری گۆڕان‌و خۆنوێکردنەوەی داوە، ئەم بڕیارە بەکۆمەڵەش ئاماژەیەکە بۆ بەزیندوو هێشتنەوەی نەتەوەیەک، چیدیکە خۆدارنینە لە وەفایەک کە بەرامبەرەکەی بێباک بێت، بۆیە ڕەوایە هەزارانجار ئافەرینی پێ بوترێت‌و بڕیارێکی لـەوجـۆرە بـەرز ڕابگیرێت‌و بـەکـردەوە پشتگیریی بکرێت‌و هێزی جەماوەریی بۆ کۆبکرێتەوە...

**کەچی بەداخەوە دەسەڵاتی کوردی نەک هەر نەیتوانی لەئاست ئەو ڕێزەی کورددا لەشێوەی (وەفادا)بن، بەجۆرێک لانیکەم ڕێگا لە بەرژەوەندیی تەسکی حیزبایەتی‌و ناوچەگەرێتی بگرێت، بەپێچەوانەوە ئەو ڕۆحە پاکژەی کوردیان بە ئاراستەیەکی پێچەوانەو لەدژی خۆیدا بەکاربردو لەوێشەوە تووشی دەردێکی خراپیان کرد**

www.netewe.com

# گۆڕانمان پێویستە

پارێزەر عەبدوڵڵا محەمەد ئەمین قەڵادزێ

**«هـەمـوو خـەڵـک بـۆ مـاوەیـەک هەڵدەخەڵەتێنرێت، هەندێک خەڵک بۆ هەمیشە هەڵدەخەڵەتێنرێت، بـەڵام هەموو خەڵک بۆ هەمیشە هەڵناخەڵەتێنرێت».**

**ئەبراهام لینکوڵن**

گـۆڕان پێویستییەکی واقیعیو دیاردەیەکی شارستانییە، نمایندەی پەرەسەندنی ئاستی هۆشیاریی تاکەکانی کۆمەڵو بوێرییانە بۆ هەڵوێستوەرگرتن بەرامبەر بە کەڵەکەبوونی ناعەدالەتیو گـەنـدەڵـیو جیاوازییەکانی نـێـوان چینەکانی کۆمەڵگا، بەتایبەت لەنێوان چینی دەسـەڵاتـدارو هاوڵاتییاندا، ئەو لاسەنگییەی ئەمڕۆ لە کوردستاندا دەبینرێت، هەوێنی گۆڕانێکی جۆرییو فرەڕەهەندە کە وەکو شەپۆلێکی بەهێز پـاشـەڕۆی عەقڵیەتی پاوانخوازییو بێمنەت بوو لە میللەت رابماڵێت، لە واقیعی ئەمڕۆی کوردستاندا لە هەموو رەهەندەکانەوە دەرفـەت لەبەردەمی دەسەڵاتی کوردیدا رەخساوە بۆئەوەی خزمەتی خەڵکی بکات، بەڵام گوتاری ئەو دەسەڵاتە بریتی نەبووە لە خزمەتی خەڵک (بەشێوەیەکی گشتی)، بەڵکو بەکارهێنانی خەڵک بۆ خزمەتی مانەوەو رەگ داکوتانی هەتاهەتایی ئەو دەسەڵاتە.

گۆڕانمان (change we need) پێویستە، پەیامی دیموکراتەکانی ئەمریکا بوو لە هەڵبژاردنی ٢٠٠٨ی سەرۆکایەتیدا، بۆئەوەی ئەو نابوتبوونەی بوش لە سەردەمی سەرۆکایەتیدا بۆ ئەمریکای دروستکردبوو، لە هەموو روویەکەوە رایبماڵن، عەلی حەرب، نووسەری گەورەی عەرەب، دەڵێت: «با لە خۆرئاوا رانەمێنین، بەڵکو لە خۆرئاوە فێربین»، بۆیە پێویستە گۆڕان ببێتە پەیامو خواستی هەموو مانو بەشێوەیەکی ژیرانەو جدیی کاربکەین بۆ گۆڕان، بەو مەرجەی بەرژەوەندیی گشتی خاڵی سەرەکی پەیامەکە بێت، بۆئەوەی وەرچەرخانێکی مێژوویی بەسەر ئەم گەندەڵیو بنەماڵەچێتییەدا بهێنرێت، وڵاتەکەمان خەریکە دەبێتە وڵاتی دیکتاتۆر کە قۆرخی ژیان دەکەن لە هەموو روویـەکـەوە، ئەو راستیانە لە هزری خەڵکی بە گشتیدا زۆر جوان دیارە، بۆیە بێباک بوونو کەمتەرخەمی لەئێستادا باجەکەی ژیانی نەوەیەکو نەتەوەیەکە.

**بۆچی گۆڕان پێویستە؟**
**چی بگۆڕدرێت؟**
**چـەنـد روانـگـەیـەکـی سـەرەکـی دەخەمەڕوو:**

**یەکەم لەڕووی ئەمنو هەواڵگرییەوە:**

ئایا دەزگای ئەمنو هەواڵگریی لە کوردستاندا ئینتیمایان بۆ کێ هەیە؟ بۆ میللەت یان بۆ حیزب، بۆ حیزب یان بۆ بنەماڵەیەکی دیاریکراو؟ ئەگەر دەزگای ئەمنو هەواڵگریی ئینتیمای بۆ میللەت کەمتر سەیربکات لە حیزبو بنەماڵە، ئەوا ئاسایشی میللەت دەکرێتە خزمەت ئاسایشی ئەم دوانـەی دیکەوە، کاتێک پێویست بکات ئەمنی میللەت دەکرێتە قوربانیی، کەواتە ئەم شێوازە لە بونیادو ئیدارەی ئەم دەزگایانە، هەڵگری هۆکاری ترسە نەک ئەمن، سادەترین پرسیار بۆچی بەرپرسی هەردوو دەزگای پاراستنو دژەتیرۆر، کوڕەکانی هەردوو بەڕێزان سەرۆکو سکرتێری پارتیو یەکێتین؟ لەتەنیشت ئەم دەزگایانەوە چەندین ئاماژەی ترسناک هەیە، لەوانە گرتنی بەبێ هۆکارو مانەوەی هاوڵاتییانی کوردستان لە زیندانی دەزگای ئەمن بۆ ماوەیەکی زۆر بەبێ دادگایی، راپۆرتەکانی مافی مـرۆڤـو ئەو هاوڵاتییانەی رزگاریان بووە لەو زیندانانە، نیشانەی پرسیارن لەسەر تەندروستی ئەو دەزگایانە.

**دووەم: لەڕووی سیاسییەوە:**

**١- رەوایەتی سیاسی:**

هـەر دەسـەڵاتـێـک لـە رێـگـای هەڵبژاردنێکی پاکو ئازادەوە دەسەڵات بەدەست نەهێنێتو بەرپرسانەو بە ئەمانەتەوە ئەو دەسەڵاتە بەکارنەهێنێت، رەوایەتی سیاسی نییە، ئایا دەسەڵاتی یەکێتیو پارتی لەبەردەم بچووکترین پرسیاری رەوایەتیدا خۆیدەگرێت؟ ئایا دیموکراسی لە هەرێمی کوردستاندا لە دروشمەوە بووەتە کردارو لە رەهەندە جۆربەجۆرەکانی ژیاندا رەنگیداوەتەوە؟ ئێستا ئێمە چەند سەرنجێک دەخەینەڕوو با خوێنەر خۆی وەڵام دروستبکات، (یەکێتیو پارتی) دیموکراسییان دەوێت هەتا ئەو شوێنەی کە لە پاوانخوازییەکەیان کەمنەکاتەوە! ئەمەش دیموخێڵە نەک دیموکراسی، هەمیشە رای ئازاد لەژێر هەڕەشەدا بووە، ئەوەی دەبیسترێت ئەوە رای ئازایەو قوربانیشیداوە، هەڵبژاردن پـاکو ئـازادو لەکاتی خۆیدا نییە، بۆ نموونە هەر هەڵبژاردنێک لە هەرێمی کوردستاندا لیستی رەش بوونی هەبووە بەهۆی تەزویراتەوە، جگە ترساندنو چاوسوورکردنەوە، ئەو هێزانەی بەجیا لە یەکێتیو پارتی بەشدارییان کردووە، گورزیان خـواردووە، ئینجا یەکێتیو پارتی هێزە بچووکەکان بەشداریی پێناکەن لە پرسە سیاسییەکانی پەیوەست بە مەسەلەی کورد (زۆر بەکەمی نەبێت)، لەکاتێکدا هیزە بچووکەکان راگری دیموکراسین، هاوکات بە هیچ جۆرێک نەگەڕاونەتەوە بۆ رای خەڵک، لەسەر هیچ مەسەلەیەک راپرسی نەکراوە، بۆئەوەی سیاسەتێکی تەندروست بەرهەمبێت، بەڵکو سەرکردەکانی ئێمە هەندێکجار حـاڵـەتـی کـەسـیو سەرکردایەتیان تێکەڵکردووە، ئەمەش لاوازیی سەرکردەو لاوازیی دیموکراسیو هەست نەکردنە بە بەرپرسیارێتی، بۆیە دەبینین حیزبچێتی شوێنی نەتەوەی گرتووەتەوە، ئەمەش بە هیچ جۆرێک سەرکەوتوو نەبووەو نابێت، هەڵبژاردنەکانی ئەمدواییەی پارێزگای دیالەو موسڵ باشترین نموونەن.

**٢- شەفافیەتی سیاسی:**

ئـەگـەر هـێـزێـک شـەفـاف نەبوو لەگەڵ خەڵکدا، ئەوا بێگومان دەیەوێت سەقەتیەکانیو پـۆخـڵـەواتـی خۆی بشارێتەوە، ئەگەر نا، کاتێک کارێکی باش دەکەن لە رێگای هەزارویەک کەناڵەوە پێماندرادەگەیەنن، زانینی ئەوەی دەسەڵاتی وڵاتێک خەریکی چییەو چۆن دەیەوێت مامەڵە لەگەڵ پێشهاتە سیاسییەکاندا بکات، چی گرێبەستو رێککەوتنێک لەگەڵ کێ ئیمزا دەکات، مافی هاوڵاتییانە، هەندێک بابەت هەیە منیش دەڵێم دەبێت نهێنی بێت، بەڵام گرێبەستە نەوتییەکان، سەردانەکانی سەرکردەکان، ئایا لەسەر چی قسـەدەکەنو رێککەوتن دەکـەن؟ ئەمانە مافی هاوڵاتییانە ئەگەر دەسەڵات رێز لەو مافانە نەگرێت، ئەوا بێگومان رۆژێـک دێت باجەکەی بـدات، ئەویش دەنگی هاوڵاتییانە لە رۆژی هەڵبژاردندا، یەکێتیو پارتی وا هەڵسوکەوت دەکەن کە کوردستان موڵکی ئەوانەو هەموو مافێکیان هەیە بەسەر ئەو خاکەوە، کە ئەوە سوود بە ئەزموونی میللەتەکەمان ناگەیەنێت.

**سێیەم: لەڕووی یاساییەوە:**

ئەگەر یاسا دەسەڵاتی نەبوو، ئەوە لەبەرئەوەیە کە دەسەڵات یاسای هەیە، ئەمەش کۆمەڵێک خەڵک دەکات بە کۆیلەو کۆمەڵێکیش دەکاتە خاوەن ئازادیی رەها، ئەگەر داواکاری گشتی توانی سەرۆکی وڵات راپێچ بکاتە بـەردەم دادگـا، ئەوە کلتووری دیموکراسیو رێزگرتن لە یاسا لەئاستێکی زۆر گەشەسەندوودایە، بەڵام ئەگەر زۆرینەی خەڵک تەنانەت نەیزانی داواکـاری گشتی چییەو رۆڵی چییە؟ داواکاری گشتی دەسەڵاتی نەبوو لەو پێشێلکاریانە بپرسێتەوە کە دژی بەرژەوەندیی گشتی دەکرێت، ئەوا واتە یاساو دیموکراسی نیشانەی پرسیاریان لەسەرە کە ئاخۆ شتێک هەیە پێی بوترێت دیموکراسیو سەروەریی یاسا؟

**چوارەم: لەڕووی ئابوورییەوە:**

سیاسەتی ئـابـووری پێویستە بەشێوەیەکی زانستیو واقیعی بەرنامەڕێژ بکرێتو بە شەفافی بەڕێوەبچێت، ئایا تەندەر بە یاسا مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، هێنانە نـاوەوەی ئەم هەموو ئۆتۆمبێلە، خۆراکی وەک ژەهر پیس، کێ پشتگیری ئـەو کۆمپانیایانەیە؟ لەپشت هەموو لێڵکردنێکەوە پیلانێکی چەتەگەریی خۆی مـەڵاسـداوە، یەکێتیو پارتی لە دوو حیزبی سیاسیی شەڕخوازەوە خەریکە دەگۆڕێن بۆ دوو هێزی تەواو پێچەوانە، کوردستانیش وەکو دەستکەوتی شەڕی لێدێت، بودجەیەکی خەیاڵی هەیەو کەس نازانێت چۆن تەخشانو پەخشان دەکرێت، یەکێک مووچەکەی لە ئاسمانو یەکێکیش مووچەکەی لە ژێـرزەوی، بودجەیەکی خەیاڵیش دەدرێتە حیزبەکان، سەفەرەکان وەک ئەژدیها پـارەی ئەو وڵاتە هەڵدەلوشن، ئەوە مافی ئەو لاوانەیە کە دەیان خەونیان هەیەو هیچ دەرفەتیان نییە، ئابووری ئەگەر ئابڕووی دروست نەکرد، ئابڕو دەڕووخێنێت.

**پێنجەم: لەڕووی کشتوکاڵییەوە:**

خەڵکی لادێکان وزەی بەهێزبوون بۆ شۆڕشی گەلەکەمانو یەکێک بوون لە هۆکارەکانی بەزیندوویی هێشتنەوەی شۆڕشو جوڵانەوەکانی کوردایەتی، بەڵام دەسەڵاتی کوردی بەهۆی سیاسەتێکی سەقەتی ئـاوەدانـکـردنـەوە، وزەی لە لادێکان بڕی، بەعس لادێکانی رووخاند، بـەڵام نەیکوشتن، بـەڵام دەسـەڵاتـی خۆماڵیی کوردی نەیڕووخاندن، بەڵام کوشتنی. بـوژانـدنـەوەی کشتوکاڵو هاندانی کشتوکاڵ لەئاستێکی زۆر نزمدایە، لەکاتێکدا بواری کشتوکاڵ بڕبڕەی پشتی بەرهەمی ناوخۆییە، تەماتەی سوریا لە تەماتەی لادێکانی خۆمان هەرزانتر دەگاتە بازاڕ، پرۆسەی ئاوەدانکردنەوە دەبێت بە بەرنامەو پلەبەندی بێت، کۆی دامەزراوەکانی دیکەی حکومەت بەگوێرەی ئەو نەخشەڕێیەی ئاوەدانکردنەوەیە بڕوات بەڕێوەو ببێتە تۆڕێکی بەرنامەڕێژکراو.

**بۆیە پێویستە دڵنیابین لەوەی کە:**

**یەکەم:** دەبێت لـەدەرەوەی یەکێتیو پارتی گـۆڕان بکرێت، چونکە ئـەوان ئـیـرادەی سیاسییان لەگەڵ گۆڕاندا نییە، بۆیە ئـەوەی پێویستە بـەر لە هـەر شتێک بـگـۆڕدرێـت، دەسـەڵاتـی سیاسییە، چونکە ئیرادەی سیاسیی ئەو دوو حیزبە لـەدەرەوەی بەرژەوەندیی حیزبیدا دەخولێتەوە نەک بەرژەوەندیی میللەتدا، هەروەها دەسەڵاتی سیاسیی لە کوردستان هەڵگری گوتاری مانەوەیە، مانەوەی حیزب لە لوتکەی دەسـەڵات، گوتارێک تەواو میکیاڤیلیانە لەوەدا کە هەموو شتێک بکرێت لەپێناو مانەوەی ئەم دوو حیزبە لە دەسەڵاتدا، لەتەنیشت ئەو گوتارەش دەیان پاساوی ناواقیعیو ناعەقڵانی دروستدەکەن، کەواتە پێویستە فشارێکی دیموکراسی دروستبکرێت بۆ گۆڕینی دەسـەڵات لە دەسەڵاتێکی پاوانخوازو هەڵگری گوتاری مانەوەوە، بۆ دەسەڵاتێکی دیموکراتی خزمەتگوزار کـە بـەرژەوەنـدیـی گـەل لـەسـەرووی بەرژەوەندیی حیزبەوە دابنێت، یاخود تاقیکردنەوەی مۆدێلێکی دیکە لە دەسەڵات کە خاوەنی ئیرادەیەکی دیموکراتیانە بێت، کە لە واقیعدا خۆی بسەلمێنێت کە ئامانجی سەرەکی بەرژەوەندیی گەلە، چونکە دەسەڵاتی (یەکێتیو پارتی) تاقیکرانەوەو دەرنەچوون، ئیدی تاقیکراوان نابێت تاقی بکرێنەوە.

**دووەم:** پێویستە هاوڵاتییان خۆیان بیر لەوەبکەنەوە ببنە بەشێک لە گۆڕانو پشتیوانیی لە گـۆڕانو هێزی جیاواز لە یەکێتیو پارتی بکەن، چونکە ئەگەر میللەت خۆی گۆڕان نەکات، فریادڕەسێک نایەت لەدەرەوە گۆڕانمان بۆ بکات، وەکو خوای گەورە دەفەرموێت (**ان اللە لایغیر مابقوم حتی یغیروا مابانفسهم**).

# بۆ دەمامکە شاراوەکان



هەورامان محەمەد

باسکردن لە مێژووی دەسەڵاتی سیاسیی هەردوو حیزبی فەرمانڕەوای ئـەمـڕۆی نـاو کـۆمـەڵـگـای کـوردی، ئەستەمە بتوانرێت لە بابەتێکیوەهادا ئـەرکو هەنگاوە نادیموکراسییەکانی وەک خۆی دەستنیشان بکرێت، ئامانجە ژێربەژێرەکانی دژ بە خواستو ویستی کۆمەڵگا بخرێتەڕوو، بەڵام دەکرێت تا ئەوەندەی ئەم بابەتە لە پێگەی جوگرافیای رووپەری (رۆژنامە)دا شانسی فەراهەم ببێت بۆ بڵاوبوونەوە، دەتوانین باس لـە تـازەتـریـن هـەنـگـاوی هەستیاری هــەردوو حیزبی دەســەڵات بکەین، کە لـەو کـاتـەوەی باسی بـوونـی لیستی جیاواز بەگشتیو (گۆڕان) بەتایبەتی بۆ هەڵبژاردنەکانی ئایندە هاتووەتە ئاراوە، هەردوو حیزبی دەسەڵات هەموو هێزو توانایەکی خۆیان خستووەتە کارو ئەندامە جۆربەجۆرەکانیان تەیار کردبوو بۆ خۆ خزاندنە ناو ریزەکانی ئەو دەنگە جیاوازانەی ئەمڕۆ، ئەمەش بۆئەوەی رۆژ بە رۆژ هەردوو حیزبی دەسەڵات لە رێگای کەناڵە جیاجیاکانیانەوە لە نەخشەو ئایندەی ئەو لیستانە ئاگاداربن.


نکۆڵی لەوە ناکرێت هەموو دەسەڵاتێکی سیاسیی لە هەر کۆمەڵگایەکدا هۆشیاری خـۆی دەخاتەگەڕ لەپێناو پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی، بەڵام مخابن بەپێی سەرچاوەو مێژووی دەسەڵاتی هەردوو حیزب، دەرکەوتووە کە ئـەوان هەموو هێزو تواناکانیان هەمیشە بەرامبەر ئەو لایەنە سیاسیانە بەکاردەهێنن، کە کاتێک بە غەیری دەسەڵاتی خۆیان لایەنێکی دیکە دێتە مەیدان بۆ کارکردن لەپێناو خواستو ویستەکانی کـۆمـەڵـگـادا، سـەرەتـای هەنگاونانی دەزگا هەواڵگرییەکانی سەر بە هــەردوو حیزب لە دەستخستنە ناو یەکێک لە حیزبە کوردییەکاندا خۆی نمایشکرد، کە لەپاڵ ئـەم کارانەشدا رۆژانە هەست دەکراو هەست دەکرێت کە هەمیشە بەرامبەر بە لیستی (گۆڕان) بێ وچان لەو هەوڵانەدان کە دەیانەوێت بۆ تێکدانی مەرامەکانی خۆیان شیرازەی ئەم کاروانە لەبار بەرن، بەڵام لەبەرئەوەی (گۆڕان) شێوازێکی بەرفرەیی جەماوەری بەخۆیەوە گرتووەو نەچووەتە قاڵبی ئایدۆلۆژیایەکی دیکتاتۆریانەوە، بۆیە هەرچەند دەکەن هەوڵەکانیان لەئاست (گۆڕان)دا بێ ئاکامە، ئەمەش بەو مانایە نییە کە (گۆڕان) لەو هەوڵە نەزۆکانە بێئاگا بێت، بەڵاموەک وتمان، چونکە (گۆڕان) تەنیا یەک دەرگـای نییە بۆ چوونە ناو کۆمەڵگاوەو هەڵقوڵاوی خواستی خودی کۆمەڵگاشە، بۆیە ناتوانن وەک پێویست بەسەر کارە دزێـوە سیخوڕییەکانیاندا زاڵبنو بگەنە ئامانجی گێرەشێوێنی.

قسەکردن لەسەر بابەتێکی وەها هەستیارو گرنگ، پێویستە بەڵگەی زیندوو ببێتە شاهید حاڵێک بۆئەوەی ئایندە بە داتا قسەی لەسەر بکرێت، بەڵام ئەوەی کە ئەمڕۆ پێویستە بوترێت، ئەوەیە کە لـەدوای ئاشکراکردنی لیستی (گـۆڕان) بۆ هەڵبژاردنەکانی ئایندەو پشتگیری بوونی لەلایەن زۆرینەی میدیا ئەهلیو رۆژنـامـەنـووسـە سەربەخۆکانەوە سـەرچـاوەی خۆی گـرت، ئیدی دەزگا جۆراوجۆرەکانیش لەپاڵ ئەم هەنگاوانەدا لـێـرەو لـەوێ ئـەو هـەنـگـاوەی نـا، کە کاراکتەری رۆژنامەنووس جارجارە بخزێننە ناو کایە سیاسییەکەوە، بۆئەوەی هەر هیچ نەبێت بتوانن نەخشەی ئایندەی کاروانی (گۆڕان) لەبەرچاوی کۆمەڵگادا ناشرین بکەن، بەڵام هۆشیاری بێوێنەیی هــەوادارو لایەنگرانی (گـۆڕان)یـش لە ئاستێکدان کە هەر زوو درککردن بەو کارانە بوونە مایەی پوچەڵبوونەوەی ئەو تەرەقانەی کە دەسەڵاتی سیاسیی بۆ تەقاندنەوە دایاننابوو، ماوەیەکیش بوو کەفو کوڵی چەندان کەس کە خۆی لە شێوازی گرۆتینێک دەهاتنە پێشەوە، کە رۆژانـە دەمامکی (گـۆڕان) بوونو شەوانەش لە (ماڵە بـاوانو شۆستەی شەقامە نهێنییەکان)، پوچەڵبوونەوەی ئەم هەنگاوانە هەمیشە لەلایەن هۆشیاری کۆمەڵگاو هـەوادارانـی (گـۆڕان)ەوە زوو بەدیدەکرێت، بۆیە ناتوانرێت ئەو خواستانەی کە هـەردوو حیزب هەیانە وەک خۆی بێتەدی.

ئەم ئەرکانەی ئێستا بۆ ئاشکراکردنی ئەو جۆرە کەسانە لەوانەیە تەنیا لەسەر شانی چەند کەسێکی نوخبەی رۆشنبیر بێت، سبەینێش ئەم ئەڵقانە هێندە فراوان بێت کۆمەڵگا خۆی سەرپەرشتیاری دەرخستنی رووی ناشرینی ئەو جۆرە کەسانە لەئەستۆ بگرێت، هەنگاونانی ئەمجۆرە کەسانە بۆ کـاری نابەجێو دزەکـردنو سیخوڕیکردن لەژێر ناوی کەسی سەربەخۆو پاڵپشتیکردن لە خواستو ویستی کۆمەڵگا، لەژێرەوەش مەهامەکانی کۆمەڵگا بداتەوە بە دەسەڵاتی سیاسیی لەپێناو ئیمتیازاتی سیاسییو ئیداری بۆ ئایندەو پاداشتی ئابووری بۆ ئێستای، هەرگیز ناتوانرێت تا سەر ئەم هەنگاوانە شـاراوەبـنو دەمامکی ئیزدیواجییان لەئاست کۆمەڵگادا ئاشکرا نەبێت، چاکتر وایە هەم ئەو دەزگایانەی کە هەمیشە باس لە ئاسایشی نەتەوەیی دەکەنو ئەو کاراکتەرانەشیان لەو پێناوەدا بەکاردەهێنن، با چیتر دژی نەوەی نوێو خواستەکانی کۆمەڵگا نەبن، چونکە ئەگەر ئەمڕۆش هەموو شێوازی پیلانێک بۆ سەرنەکەوتنی (گـۆڕان)ەکـان لەلایەن دەسەڵاتی سیاسییەوە لەئارادا بێت، ئەوا کۆمەڵگا لە قۆناغێکی دیکەداو بەشێوازی شێلگیرانە دێتە مەیدانی (گۆڕان)ەکان، کە ئەویش پێی دەوترێت خۆپیشاندانی سەرتاسەری جەماوەری، ئەمە تەنیا قسەی ئێمە نییە، بەڵکو رەنگدانەوەی هەموو دەسەڵاتێکی ناعەدالەتیو دیکتاتۆریانەیە لە هەر کۆمەڵگایەکدا وجودی هەبێت، دەرئەنجامەکەی بەوشێوەیە دەبێت کە کۆمەڵگا دەوێت بە ئامانجە ستراتیژییەکانی ئایندەی خۆی بگات.

hawramanmhammad@yahoo.com

# گەنجان هێزن.. یان پەراوێزن؟!



رەشاد حسێن

گۆڕان پرۆسەیەکی بەردەوامو حەتمیی ژیانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتییە، گەنجانیش ئەو سامانە دەوڵەمەندو کارایەن کە لەنێو رەهەندەکانی پرسی گۆڕاندا خۆیان بوویەکی مەوزوعیو تازەن، هەر بەو دیدەش لەگەڵ کۆمەڵێک ئـارەزوو و خـەونو خولیادا دەیانەوێت جێدەستی خۆیان بە ژیانەوە دەربخەن، تواناو سەلیقەو هۆشیارییو داهێنان پێشکەش بە کۆمەڵەکەیان بکەن، گەنجان بەوپێیەی بـاری جەستەییو دەروونیان تەندروستو چالاکە، ئارەزووی جوڵەو بەشداریی کۆڕو کۆمەڵو تێکەڵاویی گروپو پارتو رێکخراویان هەیە.

لە سەرخستنی زۆر شۆڕشو مانگرتنو رێپێواندا رۆڵی گرنگو کاریگەریان بینیوەو بوونەتە فاکتەری یەکلایی کـەرەوە لە بەرژەوەندیی خەڵکیدا، کەواتە رۆڵی گەنجان لەنێو ململانێکاندا لەسەرەتای دروستبوونی مرۆڤەوە تا هەنووکە بەرچاوو کاریگەربووە، چونکە ململانێکانی سەرەتای دروستبوونی مرۆڤ (مەبەستمان مرۆڤ لێرەدا بەمانا فیزیکیو جەستەییەکەیە بەدەر لە بوونی هۆشیاریی)، لەپێناوی مانەوەو ژیاندا بووە، ترس فاکتەری سەرەکی تەنیا درکی مرۆڤەکان بووە.

بۆیە لەکاتێکدا هۆشیاریی غائیب دەبێت، هەڵسوکەوتی مرۆڤیش هیچ جیاوازیی نامێنێت لەگەڵ ئاژەڵەکانداو بەهەمان پێودانی ئـاژەڵـەکـان، مرۆڤیش وەک درندەیەکی گۆڕەپانی ململانێکان دەردەکەوێت، مرۆڤ لە سروشت دەتـرسـا، لە دەنـگو ناڵەی هەورەبروسکەو لە لافـاوو لە زریـانو لە گەورەییو سامناکیی دەریا، تا هەنووکەش ململانێو ترس لە قەدەرەکانی سروشتو تێکەڵبوونی بە ئەفسانە، لەنێو رۆمانەکانی جیهاندا دەنگو رەواجو چێژی تایبەتیو دواجـار گەورەیی مرۆڤ لە هەوڵدان بۆ رامکردنیان، جێگای تێڕامانو سەرسوڕمانە، بۆ نموونە لە رۆمانی (پیرەمێردو زەریا)ی هەمەنگوایو (سـەگـەبـازوی) جەنگیز ئیتماتۆفو رۆمانەکانی (موبی دیک)ی ئەمریکیو (١٨١٩- ١٨٩١)و چەندانی دیکە، تا سەردەمەکانی نیشتەجێبوونو کشتوکاڵو ئاژەڵداریی پێکدەهێننو مرۆڤەکان مامەڵەی عەقڵانی لەگەڵ مرۆڤو دەوروبەرو سروشت پەرە پێدەدەن، لێرەوە کە چەمکی مەعریفی مرۆڤ دەبێتە بەشێکی بەردەوامی ململانێکان، دیاردەی گۆڕانو گەشەو پێشکەوتن دەبێتە ئەرکێکی لیبراوانەی مرۆڤگەلەکان.

لەکاتێکدا مـرۆڤـەکـان چەمکەکانی هۆشیاریی ورد ورد بە گەلێک قۆناغی دوورودژواردا دەبـەن، ئیتر بەتەواویش دەیزانن کە ڕەوایەتیو ناڕەوایەتی مانای چییە، هەر لێرەوە مانا بەرجەستەکراوەکانی گۆڕانیش شەقڵو سیمای تایبەتی بەخۆوە دەبینێت، ئـەوەتـا فەیلەسوفی یۆنانی (هیرۆکلیتس) دەڵێت (مرۆڤ دووجار ناتوانێت لە رووبارێکدا مەلەبکات، چونکە رووبارەکە لە گۆڕاندایە)، ئەگەر ماناو تێڕوانینی سەدەکانی پێش (ڕێنیسانس) لە گۆڕان، روو لە کەنیسەو دەسەڵاتی خوایانەی پاشاکان بووبێت، ئەوا ئەمڕۆ بەمانا لیبراڵییەکەی زۆر چەمکو لایەنی ژیان دەگرێتەوەو ئازادییەکان فراوانتر راڤە دەکات، کەواتە ئەو هێزەی دەتوانێت مانای تـەواوی دیموکراسیو ئازادییو گەشەو پێشکەوتنو داهێنان تێبگاتو بیەوێت لەسەر ئەرزی واقیع بەرجەستەی بکات، ئەو توانایەیە کە خۆی هەڵگری سەرجەم ئەو خەسڵەتانە بێت، ئەو وزەو تینو جوڵەو هۆشیارییەش تەنیا لە گەنجاندایە.

### رۆڵی مێژوویی گەنجان:

گەنجان لە گۆڕانکارییە مێژووییەکاندا رۆڵی کاریگەریان گێڕاوە، ئەوەتا ساڵی ١٩٦٨ ئەگەر هێزو هیمەتی گەنجانی فەرەنسا نەبوایە، دەسەڵات لە (دیگۆڵ) نەدەسەنراو دیموکراسیەت لەهەڵکشاندا نەدەبوو، کە ئەمڕۆ جێگای شانازییو گەورەیی ئەو میللەتەی کە خاوەنی شۆڕشی مەزنی ١٧٨٩ی فەرەنسایە.

– ئەگەر خەباتو خۆنەویستی گەنجانو خوێندکارانی سۆدان نەبوایە، دەستەڵاتی (ابـراهـم عبدو العسکری) ساڵی ١٩٦٤ لەناونەدەچوو.

هەموومان شۆڕشی پرتەقاڵی گەنجانو خوێندکارانی ئۆکرانیامان بینی ساڵی (٢٠٠٤- ٢٠٠٥)، توانیان نەخشێکی گەورەی سەروەریی بۆ خۆیان لە مێژووی وڵاتەکەیاندا تۆماربکەن. گەنجانی ئۆکرانیا لەژێر چادرگەکانی کە هەڵیاندابوو لە گۆڕەپانەکاندا، ئەڵقەی هاوسەرێتیان دەگۆڕییەوەو بەڵێنیان بەیەکتر دەدا، کاتێک ئازادبوونو کۆتاییان هێنا بە دەسەڵاتی دیکتاتۆرو تەزویرچی (ڤیکتۆریانوکۆفیتش)، ئەوسا خێزانێکی ئـازادو بەختەوەر پێکدەهێنن، ئەوەیە ئیرادەی گـەورەی گەلێک کە گەنجەکانی بەبێ بەکارهێنانی چەک توانییان رژێمێکی دیکتاتۆری خۆسەپێن بگۆڕن بە رژێمێک کە ویستو ئارەزووی خۆیان بێت، سەرنجی مرۆڤدۆستیو ئەخلاقی سەرجەم جیهانیش بۆخۆیان بەدەست بهێنن.

ئەگەر سەیرێکی هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی سەرۆکایەتیی ئەمریکاش بکەین، دەبینین مەیلی گـۆڕان لەلایەن ئەمریکییەکانەوە رووەو گەنجان بوو، بۆیە ئۆبامای رەشپێستی کۆچەری کینی، چانسی بردنەوەی لە رکابەرەکەی (ماکین) زۆرتربوو، دیارە گەلی هۆشیار هەمیشە داهێنەری چەمکی نوێیە بۆ بەختەوەرییو سەرفرازیی گشت، لە رۆژگارەکانی هەڵمەتی هەڵبژاردنی سەرۆکی ئەمریکادا، هێندە بەلای گەلی ئەمریکیو بەتایبەت گەنجانەوە جێگای بایەخ بوو، بەگوێرەی ئاماری سەنتەرێکی راپرسی لە (١٠) گەنج، (٧) گەنجیان بەردەوام موتابەعەی رێـژەی هەڵکشانو چوونە پێشەوەی دەنگەکانی ئۆبامایان دەکرد.. هەر لەو سەروبەندەدا کالۆرین کەنەدی، کوڕی جۆن کەنەدی سەرۆکی ئەمریکای پێشوو، لە گۆڕەپانێکی گەورەدا ئاپۆرەی گەنجان کۆدەکاتەوەو لەژێر رەحمەتی بارانێکی زۆرو رەشەبایەکی بەتیندا، داوایان لێدەکات دەنگ بدەن بە ئۆباما، چونکە ئەمڕۆ ئەو سەرکردە لاوە بۆ گۆڕانکاریی لە سیاسەتی ئەمریکا زۆر پێویستە، دیارە ئۆباماش کاراکتەرێکی تا بڵێی دیبلۆماسو سیاسییەکی کارامە بوو، دەیزانی چۆن بجوڵێتو بچێتە ناو گەنجانو ورد بیانخوێنێتەوەو دیالۆگیان لەگەڵدا بکات، شارەزایان بێتو خۆی بە نوێنەری راستەقینەی خەونو هیواو ئاواتەکانیان بزانێت.

### ئەرکی ئەمڕۆی گەنجانی کوردستان

گەنجانی هـاوڕێـم من خـۆم ناکەم بـە ریشسپی ئـێـوەی هۆشیارو کـارا، ئەوەی مەبەستمە لەمەڕ پرسو خولیاو ململانێی نەوەکانو ئاڵوگۆڕی بیروڕایە لـەم قۆناغە چەقبەستووەی هـەرێـم، هۆشیارانە لە بەرامبەر بەرژەوەندییە ستراتیژییە نیشتمانیو نەتەوەییەکان پێکەوە لە بەرەیەکی پتەوی یەکگرتوودا لێبڕاوانە ئەرکی ویژدانیو ئەخلاقی خۆیان جێبەجێبکەن، چونکە دەسەڵات مەحکومە بە لادانی سلوکیو بێکارییو کۆچو رەوی نادیار بۆ نەخشە نەدۆزراوەکانی ئەم زەمینەو سەر نان بە دنیای نامۆو نەدیدەو جۆرەها کلتووری هەمەچەشنە، لەکاتێکدا ئێمە خاوەنی هەرێمێکی ئازادو دوور لە دەستی ستەمی بێگانەو دوژمنانین، لەکاتێکدا ئەرکی سەرتاپای شۆڕشو خەباتو قوربانیو مەرگەساتەکانی دەستی داگیرکەر هەر تەنیا گەنجان بوون، راپەڕینو پاککردنەوەی کوردستان سەرقافڵەکەی گەنجان بوو.

جۆشو خرۆشی یەکەمین پەرلەمانی کوردستانو تەنانەت شەڕە خوێناوییەکانی بەرژەوەندیش هەر لەسەر لاشەی گەنجان بوو، بەڵام هەقوایە ئەم هەموو مەرگەساتو سەوداو کڕینو فرۆشتنە کە لەسەر لاشەی گەنجانی هەژارە، ئەنجامەکەشی بێکارییو رووەو تاراوگە سەرهەڵگرتنو مایەپوچییە، بکەینە هێزێکی مادیی گـەورەی گۆڕانو دەرفەتی کەرنەڤاڵی ئەم هەڵبژاردنە بۆ گۆڕان بەرهەم بهێنینو خۆمان لە پارچە پارچەبوونو لیستی زۆرو لێکدابڕان ببوێرین.

ئـەوەتـا هـەردوو پـارتـە حوکمدارە (١٨) ساڵەکەی کوردستان بۆئەوەی تەمەنی گەندەڵیو خۆدەوڵەمەندکردنو پاوانخوازیان زیاتربێت، هێند بە عەزرەتی دەسەڵاتی تاکڕەون، دڵیان ئاو ناخواتەوە کە بەرژەوەندییەکانیان کردووەتە هاوپەیمانی ستراتیژی، دڵیان ئاو ناخواتەوە بە (١٨) ساڵ تێریان لە کەڵەکەکردنی سەرمایە نەخواردبێتو میللەت لەو میحنەتەدا دەژی، ئەوەتا بەنیازن پـارەو چـەکو ئیمتیازو راگەیاندنو جۆرەها شێوازی نایاسایی پیادەبکەن بەرامبەر لیستی رەوایەتی ئێوەی گەنجو گۆڕانو گەشەو پێشکەوتن، چونکە ئەرکی ئایندەی شۆڕشی پرتەقاڵی هەرێمی کوردستانیش تەنیا سەرکەوتنی لیستی خـەڵـکو گەنجان نییە، بەڵکو شۆڕشی پرتەقاڵی هەرێمی کوردستان بـەردەوام دەبێت تا بەتەواویی گەندەڵی رسـواو نابووتو مایەپوچ دەکـرێـت، تا سیستمێکی مۆدێرنی کارگێڕیی دەهێنێتە ئاراوە، عەدالەتی کۆمەڵایەتیو سەربەخۆیی دەسەڵاتە کاراکانی هەرێم بەرهەم دەهێنێت، تا عەقڵیەتی پاوانخوازی خێڵ پاشەکشە پێدەکات، تا خەڵکی لەناو حکومەتێکی گەنجدا هاوبەشی بڕیارو چارەنووسی دەبێت، تا بگەینە ئەو ئاستەی پشت بە ئابووریی خۆماڵی ببەستینو لە میللەتێکی ئیفلیجی بێبەرهەمەوە ببینە هاونیشتمانییەکی هۆشیاری ئازادیی داهێنەری بە بەرهەم. لێرەوە دنیابینییەکی دیکە خۆیمان پێ ئاشنا دەکات، کە گەڕانەوەی رێزو کەسێتی مرۆڤی کوردە، کە دوژمنان لێیان زەوت کردبوو، تا هەنووکەش بەدوایدا عەودالەو گەنجانیش خۆیان پێناسی سەردەمانەی خۆیان دەکەن، دەبنە خاوەنی بوونێک کە خۆیان پێکیانهێناوە.

**هاوڵاتی بەڕێز..**

**– دارستانو لەوەڕگاکان سامانێکی نەتەوەییەو پاراستنیان لە سووتاندن ئەرکێکی ئاینی و نیشتمانییە.**

**– گەشتیاری بەڕێز.. دڵنیابە لە کوژاندنەوەی ئاگرو داپۆشینی پاشماوەکەی تا لە کارەساتی ئاگر کەوتنەوە بەدوور بین.**

**– دروستکردنی ئاگربڕ لە ناو دارستانەکاندا هۆکارێکە بۆ کەمکردنەوەی ئاگر کەوتنەوە.**

**–دروستکردنی ئاگربڕ لەناو لەوەڕگاو پاوانەنکاندا، پارێزراوت دەکات لە ئاگرکەوتنەوەو مەترسیەکانی.**

**–خوشکی بەڕێز.. رێنمایی منداڵەکانت بکە با نەمامە ساواو تازە چێنراوەکان هەڵنەکێشن و نەیانشکێنن.**

**– ئەگەر دەتەوێت هەوای پاک هەڵبمژیت.. رێگە بدە با درەخت بژی.**

**– تاکە شوێنی پشوودانت سەیرانگاو دارستانەکانە.. تکایە تۆش بیانپارێزە لە سوتاندن و گڕگرتن.**

**–برای شۆفێر.. برای هاوڵاتی.. تکایە لەکاتی گەشتکردنتاندا، بە رێگا گشتی و لاوەکیەکاندا پاشماوەی جگەرەکانتان بە داگیرساویی فڕێمەدەنە ناو پوش و پاوانەکانەوە.. تا نەبێتە هۆی ئاگر کەوتنەوە.**

**– راگرتنی پاکوخاوێنی دارستانەکان و سەیرانگاکان پاکوخاوێنی ماڵەکانتانە.**

**بەڕێوەبەرایەتی**
**رێنمایی کشتو کاڵی سلێمانی- بەشی راگەیاندن**

**سوپاسنامە**

سوپاس و پێزانینی زۆرمان هەیە بۆ هەموو ئەو کەس و لایەن و کەسایەتیە حزبی و حکومیانەی کەبەشداری بەخاک سپاردن و پرسەی خاتوو عائیشە رەشید کەریم بوون، بەتایبەتی یـاریـدەدەری بەڕێز مام جـەلال بۆ کاروباری بازرگانی و سـەرۆک و ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و قایمقامەکانی سلێمانی و رانیەو هەڵەبجەو چەمچەماڵ و بنەماڵەی هەمەوەندیەکان و کوێخا سمایلی تـەلان و زانایانی ئاینی و وەرزشکارانی سلێمانی و دەروبەری. جارێکی تر بەناوی بەنەماڵەی حاجی رەشیدی موبرەوە سوپاسی ئەرک و ماندوبونتان دەکەین.

**یاسین مەحمود رەشید**
**بەرێوەبەری گشتی کۆمپانیای بەرێز لەجیاتی بنەماڵەی حاجی رەشیدی موبرە**

**ونبوون**

پێناسێکی باری شارستانی بەناوی (ئەحمەد فارس حمە ئەمین) ونبووە هەرکەسێک دۆزییەوە پەیوەندی بکات بە ژمارە مۆبایلی (٠٧٥٠٤٦٠٩٨٢٠)

دادگای باری کەسێتی لە هەڵەبجە

ژمارە /٣٤٥/ش/٢٠٠٨
بەروار /٢٠٠٩/٥/١١

**ئاگانامە**

داوالێکراو/ سعاد سعدون عبدالمحسن

دادگا لە رۆژی ٢٠٠٩/٥/٣ پێک هات بریاریدا بە ابطال کردنەوەی شهادەی وەفاتی ژمارە (٦٩٣٤٢٦) لەبەر ئەوەی تەزوێرە و سرینەوەی هێمای مردن لە تۆماری رەسمی هاوڵاتی (کەریم حەمەخان محمد) لەبەرئەوەی کەشوێنی نیشتەجێبونت نادیارە دادگاکەمان بریاری دا بەئاگادار کردنەوەت بەناوەرۆکی داواکە ئەویش بەبڵاو کردنەوەی ئەم ئاگاداریەلەرێگەی دوورۆژنامەی ناوخۆی رۆژانەوە کەئەگەر لە ماوەی یاسایدا گعن یان تەمیز نەکەیت ئەوا بریارەکە پلەی کۆتای وەردەگرێت بە گوێرەی یاسا.

**دادوەر**
**قادر محمد نوری**

هەرێمی کوردستان/ عێراق
ئەنجومەنی دادوەری
دادگای باری کەسێتی لە رانیە

ژمارە: ١١٩/ش/٢٠٠٩
رۆژ: ٢٠٠٩/٥/١٤

بۆ داوالێکراو: شیلان وسمان محمد لە رانیە/ نەورۆز
ئێستا شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە

لەبەر رۆشنایی داوای ژمارە ١١٩/ش/٢٠٠٩ کە لەلایەن هاوسەرەکەت داواکار (ئاری غفور حمە)وە لە دادگای باری کەسێتی لە رانیە تۆمار کرابوو دادگا لە رۆژی ٢٠٠٩/٥/١٤ بڕیارێکی نائامادەیی دەرکرد کە تیایدا بڕیار دراوە بە (راستاندنی تەڵاقی نێوان تۆو داواکار)وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە لەکاتی ئێستادا دادگا بڕیاریدا بە ئاگادار کردنەوەت بەم بڕیارە لە رێگەی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی وە ئەگەر هەڵنەستیت بە تانە گرتن و پێداچوونەوەی بڕیارەکە لە ماوەی یاساییدا ئەوا بڕیارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت بەپێی یاسا.
لەگەڵ رێزدا...

**دادوەر**
**سامان فتاح حسن**

**خاوەنی ئیمتیاز:**
**کۆمپانیای وشە**

**سەرنووسەر:**
**عەدنان عوسمان**
ednan.rozhnama@yahoo.com – adnan@rozhnama.com

بەڕێوەبەری نووسین
**ئاودێر شێخ عومەر**
awder.sh.omer@gmail.com

دەستـەی نووسـەران
**سیروان رەشید** ٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ serwan_rm@yahoo.com
**فازڵ نەجیب** ٠٧٧٠١٥٢٦٥٨٣ fazil988@yahoo.com
**هیوا جەماڵ** ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦ hiwa.jamal@yahoo.com
**فرمان عەبدولڕەحمان** ٠٧٧٠٢٢٣٣٣٠٤ frman802001@yahoo.com

ب. ئۆفیسی هەولێر
**ئیبراهیم عەلی**
٠٧٥٠٤٤٤٧١٠٩

کارگێڕیو ریکلامو ئاگاداری
٠٧٤٨٠١٢١١٤٤ – ٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩
info.rozhnama@gmail.com
riklam.rozhnama@gmail.com

**دابەشکردن:**
کۆمپانیای نێوەند ٠٧٧٠١٥١٧٥٣٣ – ٠٧٧٠١٥٤٤٧٨٠

**ئۆفیسی سەرەکیی:**
سلێمانی – بەختیاری – پشت بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی سلێمانی

**ئۆفیسی هەولێر:**
شەقامی زانکۆ ٩٤ نزیک چوارڕیانی حەمرین، تەنیشت بەڕێوەبەرایەتی ژینگەی هەولێر



# ڕوانینێک بۆ ئەرکی ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانیی لە هەرێمدا

پارێزەر: تەها عومەر ڕەشید*

بەشێکی زۆر لە یاساناسانی دەستووریو بیرمەندانی دیموکراسی، دەرکەوتنی ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانیی بە وەرچەرخانێکی گرنگ لە دیموکراتیزەکردنی دەسەڵاتدا لەقەڵەمدەدەن، چونکە بوونی ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانیو چالاکییە سیاسیو یاساییەکانی لەناو بەرزترین دەسـەڵاتـی یاساییو سیاسیدا، چەندین دەرئەنجامی لە سوودی مەسەلەی دیموکراسیدا لێدەکەوێتەوە، بەتایبەتی لـــەڕووی نوێنەرایەتیو چاودێریی دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە، لەهەمانکاتدا ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانیی کە هێزی کەمینەی ناو پەرلەمانە، مینبەرێکی گرنگە بۆ خستنەڕووی بیروڕاو پرۆژەی جۆراوجۆری جیاواز لە بیروڕاو پرۆژەکانی زۆرینەی پەرلەمانیی، هەروەها ئەم شێوازی ئۆپۆزسیۆنە هەمیشە بەربەستە لەبەردەم زیادەڕەوییەکانو خراپ بەکارهێنانەکانی دەسەڵات لەلایەن زۆرینەوە، چونکە حوکمی زۆرینە (ئەگەرچی لایەنە گەورەو دیارەکەی نوێنەرایەتیو دیموکراسییە)، بەڵام ئەم دوو مەسەلەیە بە حەقیقەتو کاملی ناگەن بەبێ بەشدارییو بەهەند وەرگرتنی رای کەمینە لە پرۆسەی سیاسیدا. فەرامۆشکردنی کەمینە یان پەراوێزخستنی لەم پرۆسەیەدا، بەلای بەشێک لە بیرمەندانی دیموکراسییەوە بریتییە لە زاڵبوونی حوکمی زۆرینەو دەرکەوتنی شێوازێکی نوێی تۆتالیتارێتی دەسەڵات، کە هەڕەشەیەکی جدییە لەسەر دیموکراسیی ڕاستەقینە.

ململانێی ئاشتیانەی نێوان زۆرینەو کەمینەی پـەرلـەمـان، بەرئەنجامی گواستنەوەی ململانێکانە لـەدەرەوەی پەرلەمان بۆ ناو هۆڵی پەرلەمانو لەشێوازی توندوتیژییەوە بۆ شێوازی ئاشتیانە، چونکە پەرلەمان بە سروشت دەزگایەکی سیاسییە بۆ خامۆشکردنی توندوتیژیی سیاسیی نێوان هێزە سیاسییەکانی دەرەوەی پەرلەمانو ڕێکخستنیان لەناو کایەی سیاسیی نوێنەرایەتیکردن، بۆ هەریەکەیان بەگوێرەی سەنگو قەبارەی جەماوەری خۆی.

لێرەوە دەمانەوێت باس لە کاری فراکسیۆنی پەرلەمانی (کوتلەی پەرلەمانی) ئۆپۆزسیۆن بکەین، پێویستیی ئەم بابەتەش لەوەدا دەبینین کە کێبڕکێی هەڵبژاردنەکانی داهاتووی هەرێم، بەدڵنیاییەوە فرەییەکی سیاسی لـە پـەرلـەرمـانـی هـەرێـمـدا دەهێنێتەکایەوە کە سەرەتایە بۆ ئایندەیەکی دووری خەباتی ئۆپۆزسیۆن، ئەم بابەتە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زانستیی ورد هەیە بەتایبەتی کە ئێمە خاوەنی ئەزموونی سیاسیو یاسایی خەباتی پەرلەمانی بە گشتیو خەباتی ئۆپۆزسیۆنی بەتایبەتی نین، لەلایەکی دیـکـەوە تائێستاش نە دامـەزراوەیـەکـی زانستیمان هەیە بۆ لێکۆڵینەوەی پەرلەمانی، نە پەرلەمان خۆی ئەم دەزگایەی دامەزراندووە وەک زۆربەی پەرلەمانەکانی دنیا، بۆیە بەمەبەستی بە دامەزراوەبوونی ئۆپۆزسیۆن پێویستە کوتلەی ئۆپۆزسیۆن کار بۆ کۆمەڵێک بابەتی نوێ بکات کە بریتین لە:

**١- بەیاساییکردنی بوونو چالاکیی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی:** ئـەوەی جێگای ئاماژەیە کە بەتەنیا بوونی فرەحیزبیو یاسای کاری حیزبی لە هەرێم، بەو هەموو کەموکوڕییەیەوە دەستەبەری ئۆپۆزسیۆن ناکات، چونکە بەبڕوای ئێمە ئۆپۆزسیۆنی سیاسی بابەتێکی ناو فرەیی سیاسییە کە فراوانترە لە بوونی چەند حیزبێک لەناو پرۆسەیەکی سیاسیی شێواو بەواتای نادروست، یاسای حیزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان ئەگەرچی چەند لایەنێکی پەیوەندیدار بە ئۆپۆزسیۆنی ڕێکخستووە، ئازادیی دامەزراندنی حیزبو ئـازادیـی بـیـروڕای سیاسیی زەمینەی ئاڵوگۆڕی دەسەڵات، بەڵام کەم تا زۆر بۆ کاری ئۆپۆزسیۆنی هیچ دەقێکی تێدانییە.

**٢- مـــافو ئیمتیازی کوتلەی ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانی:**

بـەیـاسـایـیـکـردنـی ئـۆپـۆزسـیـۆن ناساندنیەتی وەک یەکەیەکی یاسایی ناو پەرلەمان، لەبەرئەوەی کوتلەی زۆرینە لایەنی حوکمڕانیی حکومەتیش دەگرێتە دەستو زۆربەی خاڵەکانی هێز لەلای خۆی گلدەداتەوە، ئەوا پێویستە ئۆپۆزسیۆنیش پێداگریی لە بابەتی ئازادییو ڕەوایی خۆی بکات، وەک بەشێکی گرنگ لەناو سیستمی سیاسیداو ڕەوانـــدنـــەوەی تەمومژی نامۆبوونی بـەو سیستمە کە هەمیشە دەسەڵاتە تۆتالیتارو نادیموکراسەکان ئۆپۆزسیۆنی پێ تاوانباردەکەن، لەمەوە پێویستە لە پەرلەمانی داهاتوودا کار بۆ ئەوە بکرێت کە هاوشانی سەرۆکی کوتلەی زۆرینە کە دەبێتە سـەرۆک پەرلەمان، سەرۆکی ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانیش مافو ئیمتیازاتی دیاریکراوی هەبێت، بەتایبەتی لـەڕووی مەعنەوییو ڕاوێـژکـاریو تەشریفاتییەوە.

سـەرەڕای ئەمەش پێویستە کوتلەی پەرلەمانیی بەدەر لە ڕێژەی دەنگەکانی، وەک یەکەیەکی یاسایی کۆمەڵێک مافی هەبێت وەک پێشکەشکردنی پـرۆژەی یاساییو سەرۆکایەتی چەند لیژنەیەکی پەرلەمانیو وەرگرتنی ڕای ڕاوێژکاریانەی لە هەندێک بابەتی چارەنووسسازدا.

**٣- پەیوەندی کوتلەی ئۆپۆزسیۆن بە ناوخۆی پەرلەمانەوە:**

دەشێت لەناو پەرلەماندا زیاتر لە دوو فراکسیۆن هەبن، وەک حاڵەتی ئێستاو پێشبینیکراوی داهـاتـووی پەرلەمانی کوردستان، لەبەرئەوەی دانپێدانانی یاسایی بە کوتلەی پەرلەمانیدا، کۆمەڵێک مافو ئەرکو بەرپرسیارێتی بۆ دروستدەکات، ئەوا پەیوەندیی کوتلەی ئۆپۆزسیۆن لەناو پەرلەماندا لەلایەک لەگەڵ کوتلەی زۆرینەو لەلایەکی دیکەوە لەگەڵ کوتلەکانی دیکەی دەرەوەی حکومەت، دروستدەبێت. ئەم پەیوەندییانە بەمەبەستی فشار خستنە سەر حکومەتو زۆرینە، یان ڕەخنەگرتن یان داوای لێپرسینەوە لە وەزارەت یان چاودێریی حکومەت بەڕێوەدەبرێن.

**٤- پەیوەندیی ئۆپۆزسیۆن بە هاوڵاتییانەوە:**

ئەو بیروڕایانەی کە وایدەبینن ئەندام پەرلەمان تەنیا نوێنەری دەنگدەرانی خۆیەتی (بە نموونە پەرلەمانتاری حیزبیی، نوێنەری ئەندامانی حیزبەکەیەتی، چونکە دەنگیان پێداوە)، بۆچوونێکی هەڵەیە لە مەسەلەی نوێنەرایەتیکردندا، برەودان بەم بۆچوونە بۆ دابڕینی پەیوەندیی پەرلەمانو خەڵکە، لەکاتێکدا ئەندامی پەرلەمان لە کوتلەی زۆرینە بێت یان کەمینە، نوێنەری ئیرادەی گەلە نەک حیزب یان توێژێکی یان ناوچەیەکی دیاریکراو، نیشتمانپەروەریش هەمیشە پـێـچـەوانـەی ئـەو بۆچوونە کورتبینەیە، کەواتە نوێنەرایەتیکردنی ئۆپۆزسیۆن بریتی نییە لە نوێنەرایەتیکردنی ئەو دەنگدەرانەی کە دەنگیان پێداوە، بەڵکو نوێنەرایەتیکردن لە پەرلەمان دەبێت وەک مەسەلەیەکی نیشتمانیی بۆ کەمینەو زۆرینە سەیربکرێت، چونکە پەیوەندی بە هەموو کۆمەڵگاوە هەیە بە هەموو کێشەو داواکارییەکانییەوە، بۆیە پەیوەندیی ئۆپۆزسیۆن بە هاوڵاتییانەوە پەیوەندییەکی گشتییە نەک تایبەت، هەمەلایەنە نەک دیاریکراو.

لەم ڕووەو بەمەبەستی کارابوونی ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانی، پێویستە ئۆپۆزسیۆنی پـەرلـەمـانـی داهـاتـوو نموونەیەکی نوێ لە پەیوەندیی پەرلەمان بە هاوڵاتییانەوە پێشکەش بکات کە پێشتر نەبووە، چونکە لە دیموکراسیی ڕاستەقینەدا پەیوەندیی نوێنەرو دەنگدەر هەرگیز بە ئانو ساتی دەنگدان کۆتایی نایەت، نابێت پەرلەمان بە هەموو کوتلەکانییەوەو بەتایبەتیش ئۆپۆزسیۆنێک کە خواستی گـۆڕان بێت، دابڕاوبێت لە خەڵک، لەم سەردەمەشدا ئەو کەناڵانە زۆرن کە بۆ ئەم مەبەستە بەکاردێن. ئەم پەیوەندییە بەردەوامانە کۆمەڵێک ئامانجی بەدیدەهێنن وەک بەشداریی خەڵک لە یاسادارشتنو گەیاندنی داواکارییەکانیانو بەکارهێنانی هاوڵاتییان لە فشار خستنە سەر حکومەت.

لایەنێکی گرنگ لـەم پەیوەندییە، پەیوەندیی پەرلەمانە بە ڕێکخراوەکانو دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنییەوە، گرنگیی ئەم پەیوەندییە لەوەدایە کە ئەمانە خاوەنی هەیکەلێکی ئیدارییو زۆبەشیان پێگەیەکی جەماوەریی فراوانیان هەیە، دەتـوانـن بەشێوەیەکی دامـەزراوەیـی گوزارشت لە خواستی ئەندامەکانیان بکەن، لەهەمانکاتدا ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی خۆیان کار بۆ پاراستنی مافی مرۆڤو چەسپاندنی دیموکراسیی فشاری سەر حکومەت دەکەن، بۆیە لەم ڕووەوە لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانیی تەواوکەری یەکتر دەبن.

* ماستەر لە یاسای گشتی

> **پێویستە ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانی داهاتوو نموونەیەکی نوێ لە پەیوەندیی پەرلەمان بە هاوڵاتییانەوە پێشکەش بکات کە پێشتر نەبووە، چونکە لە دیموکراسیی ڕاستەقینەدا پەیوەندیی نوێنەرو دەنگدەر هەرگیز بە ئانو ساتی دەنگدان کۆتایی نایەت**



# کاکە حەمە حکومەتی کوردستان، یان وڵاتانی دراوسێ بۆ تۆ خێرو بەرەکەتە

تامان شاکر

**(مەترسی لەسەر هەرێمی کوردستان نەماوەو وڵاتانی دراوسێش تەنیا خێرو بەرەکەتیان بۆ کوردستان هەیە)**

**حەمەی حاجی مەحمود**

ئـەمـەی سـەرەوە وتـەی مـن نییە، ئەوە وتەی سیاسەتمەدارێکی کوردە، کـە ساڵانێکی دوورودرێـــژ خەباتی چەکدارییو سیاسی کردووە لەپێناوی ئازادی کوردستاندا، لەوانەیە ئێستاش درێژە بەو خەباتە بدات، بەو شێوازەی کەخۆی بڕوای پێیەتی.

کاکە حـەمـەی حاجی مەحمود لە دیمانەیەکدا لە ڕۆژنامەی ڕۆژنامە لاپەڕە (٥) ڕۆژی ٢٠٠٩/٥/١٤ کە هاوڕێی ئازیزم (فـازڵ نەجیب) لەگەڵیدا ئەنجامیداوە، باسی لە پرۆسەی هەڵبژاردنو کۆمەڵێک شتی دیکە کردووە، بەڵام ئەوەی بەلای منەوە جێگای قسە لەسەرکردنە، کاکە حەمە باس لە خێرو بەرەکەتی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان دەکات بۆ کورد، ئەگەر کەسێکی ئاسایی یان بازرگانێک ئەو قسەی بکردایە بەلامەوە ئاسایی بوو، بەڵام کەسێکی وەک کاکە حەمە ئەو قسەیە بکات بەلامەوە سەیرە، چونکە ئێمە ئەو وەک سکرتێری حیزبێک دەناسین کە مانگانە (٣٥٠٠٠٠٠٠) ملیۆن دینار بوجەی حیزبەکەی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەردەگرێت، وەزیری هەرێمەو ئەندامی پەرلەمانی کوردستانیشە، بەو پێوەرەبێت کاکە حەمە لە تەوقی سەریەوە تا بنی پێی لە خێرو بەرەکەتی حکومەتی کوردستان غەرق بووە، دەبوایە باسی لە خێرو بەرەکەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکردایە بۆ خۆی، نەک باس لە خێرو بەرەکەتی وڵاتانی دراوسێ بکات بۆ خەڵکی کوردستان.

نـازانـم کاکە حـەمـەوەک کەسێکی نەتەوەیی یان سیاسی بیر دەکاتەوە؟ یـان دەیـەوێـت دڵـی وڵاتانی دراوسـێ نەڕەنجێنێتو پێ لە ویژدانی خۆی دەنێت، باس لە هێرشەکانی سوپای تورک بۆ سـەر پارتی کرێکارانی کوردستانو گرتنو لێدانی ئەندامانی پارتی کۆمەڵگای مەدەنی دەتەپە ناکات، باس لە کوشتنو لەسێدارەدانی کچانو کوڕانی خۆرهەڵاتی کوردستان ناکات.

سکرتێری حیزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان، دەشێت پەیوەندی باشی هەبێت بە وڵاتانی دراوسێوەو ئەوانیش خێرو بەرەکەتی بەسەردا ببارێنن، دڵنیام بێ بەرامبەر نییە،

کاکە حەمە وەک پێشمەرگەیەکی دێرین، دەبوایە وەک کەسێکی نەتەوەیی بیربکاتەوەو ئـەو ڕاستیانە ببینێت کە هەموو کوردێک ڕۆژانـە دەیبینێت، دەبـێـت ئـەوە بـزانـێـت کـە وڵاتـانـی دراوسێو داگیرکەرانی کوردستان نەک لە خـۆرهـەڵاتو بـاکـوورو خۆرئاوای کوردستان کە تائێستا ئازاد نەبوون، بەڵکو خەریکە بە پیلانە دوژمنکارییەکانیان بـاشـووری کـوردسـتـانو شۆڕشی ئـازادیـخـوازی بـەشـەکـانـی دیکەی کوردستانیش لەناودەبەن، ئەوان واتە سیاسەتمەدارو حکومەتەکانیان هەموو هەوڵێکیان ئەوەیە نەهێڵن کورد ببێتە خاوەنی بچووکترین ماف، کام وڵاتی عەرەبی یان سیاسەتمەدارێکی عەرەبمان بینیووە دان بە مافی گەلی کورددا بنێت، بە (٢٢) وڵاتی عەرەبی دژایەتی کوردانی باشوور دەکـەن، دەبوایە کاکە حەمە خۆی باسی ئەو خێرو بەرەکەتانەی بکردایە کە ڕۆژانە لە وڵاتانی دراوسێوە بەدەستمان دەگەن، تووشی بێئومێدییوماڵوێرانیمان دەکەن، هەوڵی سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیمان دەدەن، با لێرە خێرو بەرەکەتەکان بۆ کاکە حەمە بژمێرم نەک خۆی کاتی خوێندنەوەو گوێگرتنی نەبێت. کاولکردنو تۆپبارانکردنی گوندو ناوچە سنوورییەکانی کوردستانو دەربـەدەرکـردنـی دانیشتوانەکەیو کوشتنی مەڕومالاتی خەڵکی کوردستان، ناردنی مادەی بێهۆشکەر بۆ شارەکانی کوردستانو ئالودەکردنی گەنجەکانمان بـە مـادە بێـهـۆشـکـەرەکـان، نـاردنـی خواردنی خراپو بەسەرچوو و کوشتنی لەسەرخۆی خەڵکی کوردستان، کوشتنو لەسێدارەدانی سـەدان گەنجی کورد بەبێ تاوان، قەدەغەکردنی زمانی دایکو کوشتنی سەدان منداڵی کورد، نەبوونی هەلی کارکردن بۆ خەڵکی کوردستان، ئەو خێرو بەرەکەتەی سەدام جاران هەیبوو بۆ کوردی باشوور، ئێستا وڵاتانی دراوسی بەهاوکارییو کارکردنی بە بەرنامە بۆ هەموو کورد هەیانە. کاکە حەمە دەبوایە هیچ نەبێت وەک سیاسەتمەدارانی تورکو عـەرەبو فـارس بیری بکردایەتەوەو بەرژەوەندی گەلی کوردستانی لەپێش بـەرژەوەنـدیـیـەکـانـی خـۆی دابنایە، بەتایبەتی لەم وەختی هەڵبژاردنەدا، من دڵنیام ئەمجۆرە قسانە لەدەنگدەرانو هەوادارانی کەمدەکەنەوە، ئەگەر وڵاتانی دراوسـێ خێرو بەرەکەتیان بۆ چەند حیزبو لایەنێک هەبێت لە کوردستان، مانای وانییە دۆستی کوردن، بەڵکو ئەوان بەو خێرو بەرەکەتەی جەنابت باسی دەکەیت، دەیانەوێت کۆتایی بە ئاواتو ئامانجەکانی گەلی کوردستان بهێننو چەند دەفتەر دۆلارێک بۆ ئەوان هیچ نییە، بەڵام سیاسەتمەدارانی کورد دەبێت بزانن تەنیا بە هێزی خەڵکی کوردستان دەتوانن درێـژە بە ژیانی سیاسییان بـدەنو لە داهاتوویەکی نزیکیشدا گەل بڕیاری خۆی دەدات.

# دەسەڵاتدارانی کوردو هاوڵاتی

جوان ڕەوف ساڵح

لەوڵاتانی دیموکراتیدا پەیوەندیی نێوان دەسەڵاتو هاوڵاتی توندوتۆڵە. هاوڵاتی لەڕێگای پەرلەمانەوە بەشدارە لەهەموو بڕیارێکی سیاسیی، ئابووری، بازرگانی، کۆمەڵایەتی، پەروەردەیی‌و ڕۆشنبیرییدا. هاوڵاتی لەهەموو شتێکدا پرسی پێدەکرێت. لەبەرئەوە دەسەڵات کێشەی بۆ دروست نابێت‌و هاوڵاتیش زیاتر هەست بەبوون‌و گرنگیی خۆی دەکات‌و دڵی بەوڵات خۆشدەبێت‌و بۆی دڵسۆزتر دەبێت.

بەڵام لەلای ئێمە سیاسییەکان چیان بوێت دەبێت هاوڵاتی ئەوە بکات، ئەگینا هاوڵاتی نییە. سیاسییەکانی کورد ساڵی چەندجارێک پێویستییان بەمیللەت هەیە. کە لەبەغدا وەزعیان خراپ دەبێت میللەت دەهێننە سەرجادە، کە لەکەرکوک‌و خانەقین کێشەیان دەبێت میللەت دەڕژێننە سەر شەقامەکان، بۆ هێرشی تورکیا بۆسەر هەرێم، هەروەها بۆ شەڕی بودجە لەگەڵ بەغداو بۆ شەڕی گرێبەستەکانی نەوت بەهەمانشێوە بۆهێنانەوەی تەرمی ئەنفالەکان‌و بۆ هەر کێشەیەکی دیکە، کە دەسەڵات هەست بکات پێویستی بەهاوڵاتییە دەیهێنێتە سەرجادە. لەوەختی تردا دەینێرێتەماڵەوە، نەپرسی پێدەکات‌و نەگوێی لێدەگرێت.

کاربەدەستان کە پرۆژەیەکی بچکۆلە ئەنجامدەدەن، یان بۆرییەکی ئاو بۆ ماڵێک رادەکێشن، کامێرا دەنێرنە بەردەرگای ماڵیان‌و خاوەن ماڵ دەبێت سوپاسی دەسەڵات یان فلان مەسئول یان فیسار سەرۆک بکات. لەکاتێکدا ئەمە واجبی سەرشانی حکومەتە. سوپاسکردنی حکومەت لەبەرامبەر ئەرکەکانی سەرشانیدا وەکو ئەوە وایە منداڵی بەرمەمکانە سوپاسی دایکی بکات، کە شیری مەمکی دەداتێ. دایکێک چاوەڕێ بێت لەپای ئەوەی شیری مەمکی دەدات بەمناڵەکەی سوپاس بکرێت، دایک نییە. حکومەتێکیش هاوڵاتی خۆی واپەروەردە بکات لەپای ئەنجامدانی هەر پرۆژەیەکدا سوپاسی بکات، حکومەت نییە.

وەنەبێت کاربەدەستان هەر بۆ هاوڵاتیانی بەردەستیان وابن، بەڵکو بەهەمانشێوە سەیری کوردستانییەکانی دەرەوەی وڵاتیش دەکەن. کەی ویستیان بەکاریاندەهێنن، کە پێویستیان پێیان نەما پشتگوێیان دەخەن. ساڵی ٢٠٠٥ پێویستیان بەدەنگمان هەبوو ٢ جار بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق دەنگیان پێداین، بەڵام ئەمجارە زاتیان نەکرد کوردستانیانی هەندەران بەشداریی دەنگدان بکەن، چونکە دەیانزانی لەبەرئەوەی ناتوانن هەڕەشەی نانبڕین‌و ترساندنیان لێبکەن بەدڵی ئەوان دەنگ نادەن.

سەرۆکی هەرێم لەهەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردندا بڕگەیەکی بۆ یاساکە زیادکرد بۆئەوەی کوردستانیانی دەرەوەی وڵات دەنگ بدەن، بەڵام لەڕاستیدا ئەوە بۆ پروپاگەندەو بۆ مەبەستی سیاسیی بوو. بەتەمابوون بەبیانووی دەنگدانی کوردستانیانی دەرەوە هەڵبژاردنی گشتیی کوردستان دوابخەن بۆ کاتی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق، ئەگینا ئەگەر مەبەستیان بوایە ئەوانەی دەرەوەی وڵاتیش دەنگ بدەن، دەبوو چەند ساڵ لەمەوبەر کاریان بۆ بکردایە.






• پرۆسەی دەنگدان لە سەرەتاوە تا ئێستا ل ٢-٣
• کوشتنی دیموکراسی لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە ل ٤-٥
• ئاستەنگەکانی بە شەرعیبوونی دەوڵەت ل ٦
• بە ئەفسانەکردنی شۆڕشەکانی کورد ل٨



پرد PIRD
ڕۆژنامە
دووشەممە
دیمانەو لێکۆڵینەوەی سیاسیی‌و ڕووناکبیری
ژمـارە (470) دووشەممە 2009/5/18 ٨ لاپەڕە prd@rozhnama.com




کۆمەڵگەی ئێمە زۆر لەوە ئاڵۆزترە کە بتوانین پێشبینی ڕووداوە سیاسییەکانی تێدا بکەین، چونکە یەکەم ئەحزابی ڕاستەقینەمان نییە، دووەم سیستمێکی دیاریکراوی حکومەتیمان نییە، سێیەم پانتایی گشتیمان نییە، کەواتە چۆن دەتوانین لە واقیع تێبگەین‌و پێشبینێکی ڕێژەیی ڕووداوەکانیش بکەین؟ ناتوانین، لەبەرئەوە هەڵبژاردن لە کوردستان پێدەچێت لەسەر بنەمای هۆشیاریی گشتی‌و بەشێوەیەکی سالم بەڕێوەناچێت

سەرەتا

# هەڵبژاردن‌و پانتایی گشتی


مەحمود شێرزاد


یورگن هابێرماس لە کتێبی (گۆڕانی پێکهاتەیی پانتایی گشتی)دا، لێکۆڵینەوەیەکی سۆسیۆلۆژیی وردی لەبارەی کۆمەڵگای بۆرژوازیی ئەنجامداوە، یەکێک لەم باسە زۆر گرنگانەی کە لە کتێبەکەدا هاتووەو بۆ ئەم «سەرەتا»یەی ئێمە دەشێت، بریتییە لە پەیوەندیی نێوان خەڵک‌و حکومەت.

هابێرماس دەڵێت: (پەیوەندیی نێوان خەڵک‌و حکومەت لە هۆڵ‌و ژوورەکانی دامودەزگا حکومییەکاندا دروستدەبێت‌و خەڵک پێیانوایە بەبێ ئەوەی کە لە پرۆسەیەکی سیاسیی جدیدا بەشداریی بکەن، دەبێت لە هەموو خزمەتگوزارییەکان سوودمەندبن). ئەم تیۆرییەی هابێرماس بەرلەوەی شیکردنەوەی پەیوەندی نێوان خەڵک‌و حکومەت بێت لە پانتاییەکی بۆرژوازیدا، دەکرێت بۆ هەموو پانتاییەکان ڕاست بێت، چونکە تەنانەت ئەگەر مۆدێلی حکومەت‌و کۆمەڵگاش مۆدێلی حکومەتی ڕەفاهی کۆمەڵایەتی‌و کۆمەڵگای بۆرژوازیی نەبێت، بە جێگای ئەو حکومەتی دیکتاتۆریی‌و کۆمەڵگای پرۆلیتاریش بێت، ئەوە خەڵک لە هەنگاوی یەکەمدا بەرلەوەی بەشداریی سیاسیان بۆ گرنگ بێت، ڕێژەی سوودمەندبوون لە کەرەستەو خزمەتگوزارییەکانیان بۆ گرنگترە، بەڵام ئەگەر ئەم بەشەیان بەتەواوی دابین نەبێت، ڕوودەکەنە پانتایی سیاسی.

هەرچەندە حکومەتی کوردی‌و کۆمەڵگای کوردی جۆرێکە وا بە سانایی‌و بە وردی بە هیچ تیۆرێکی سوسیۆلۆژی‌و فەلسەفەی سیاسیی ناخوێنرێتەوە، چونکە مۆدێلی حکومەتی ئێمە تێکەڵاوێکە لە جۆرەکانی دیکتاتۆریەت‌و ئایدۆلۆژیاو بیرۆکە داخراوو لۆکاڵەکان، ئەوەش شتێکی بەڵگەنەویستە، بە هەمانشێوە کۆمەڵگاش نە پرۆلیتاریای کشتوکاڵی‌و نە پرۆلیتاریی پیشەسازیی‌و نە بۆرژوازییە، بەڵکو کۆمەڵگایەکی بەرخۆری ڕووتە، کە هێشتا نازانین سەر بە کام مۆدێلی کۆمەڵایەتی‌و ئابوورییە، لەم حاڵەتەدا پەیوەندیی خەڵک‌و حکومەت ناتوانێت بوونی بێت‌و بە جێگای ئەمە پەیوەندیی نێوان گروپەکان‌و هەندێک لە خەڵک گەرمە، واتە کۆمەڵێک خەڵک لەگەڵ گروپێک لە گروپەکان کە ناوی حزبیان لەخۆیان ناوەو ڕۆڵی حکومەت دەبینن، پەیوەندیان هەیە. لێرەوە ئەم پەیوەندییە زیاتر لە بارەگای ئەم گروپانەدا دروستدەبێت‌و لەسەر بنەمای ڕێژەی خزمەتکردن بە بەرژەوەندیی گروپ، هاوڵاتی لەم خزمەتگوزاریانە سوودمەند دەبێت کە گروپەکە دەتوانێت بۆی دابین بکات، لەم حاڵەتەدا پانتایی گشتی ناتوانێت بوونی هەبێت، بەڵکو پانتایی گروپەکان بوونی هەیە. لێرەوە هیچ شت‌و هیچ پرۆسەیەک نە بە دروستی لەدایکدەبێت‌و نە دروستی بەڕێوەدەچێت.

هابێرماس لە بەشێکی دیکەی ئەم باسەدا دەڵێت: «لە حکومەتی ریفاهی کۆمەڵایەتیدا کە حکومەت بەڕێوەبەرو بەرهەمهێن‌و بڵاوکەرەوەیە، بەشداریی سیاسیی خەڵک لە چوارچێوەی هاتوچۆی ئیداریی‌و داخوازییە پیشەییەکان‌و پێگەدا بەرجەستە دەبێتەوە، تەنانەت بارودۆخەکە بەجۆرێکە هاوڵاتییان حەزدەکەن ئەم ئەرکەشیان بە ڕێکخراوە گەورەکان بسپێرن، وەکوتر ئەوە حیزبەکانن کە لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا هەوڵدەدەن خەڵک لە پرۆسە ژیانەکییەکاندا بەشداربکەن». لێرەوە ئەم تیۆریەش ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە کە کوردستان زۆر لەوە ئاڵۆزترە کە بتوانین پێشبینی ڕووداوە سیاسییەکانی تێدا بکەین، چونکە:

یەکەم: ئەحزابی ڕاستەقینەمان نییە، دووەم: سیستمێکی دیاریکراوی حکومەتیمان نییە، سێیەم: پانتایی گشتیمان نییە، کەواتە چۆن دەتوانین لە واقیع تێبگەین‌و پێشبینێکی ڕێژەیی ڕووداوەکانیش بکەین؟ ناتوانین، لەبەرئەوە هەڵبژاردن لە کوردستان پێدەچێت لەسەر بنەمای هۆشیاریی گشتی‌و بەشێوەیەکی سالم بەڕێوەناچێت، بۆیە ئێمە لەسەر بنەمای ئەم وردە خوێندنەوەو بەراوردکردنانە هەر ئەوەندە دەزانین کە واقیعێکی ترسناکمان هەیەو ئەم واقیعە پێشبکەوێت‌و نەگۆڕێت، لە داهاتوودا جگە لە نەوەکانی ئەم بەشە لە کوردستان، بەڵکو سەری کوردی پارچەکانی دیکەش دەخوات.

وەک خۆم لەم هەڵبژاردنەدا باوەڕم بەوەنییە کە دەڵێت با چاوەڕوان بین‌و بزانین چی دەبێت، بەڵکو باوەڕم بەوەیە کە هەرکەسەو بۆخۆی‌و بە قەد توانایی خۆی هەوڵبدات بۆ ڕزگارکردنی پانتایی گشتی لەدەست ئەم گروپە ترسناکانەی بە ڕوخسار حیزب دەنوێنن‌و وانین، دەبێت هەوڵبدەین بۆ دروستکردنی پانتایی گشتی بەجۆرێک دیاریکەرو بەشدارێکی چارەنوسسازی دەسەڵاتی سیاسیی ئەم وڵاتە بێت.

# ...ـەرەتاوە تائێستا



جیاوازبوو، رێگاچارەی جۆراوجۆریش پێشنیاز کرابوو کە بریتی بوون لە خستنە لیستی ناوی پاڵێوراوەکان بەپێی پیتی ئەلف و بێ، لە رێگای پشک خستنەوە بەشێوەی دەورەیی، بەپێی بەرپرسیارێتی، یان (سەبارەت بە گروپی پاڵێوراوەکان) لەسەر بنەمای دەسەڵاتی حیزب. تاووتوێیەکان دەریانخستووە کە ئەو پاڵێوراوانەی کە ناویان لەسەرووی لیستەکەدا دێت، یان لیستی حیزبەکەیان لە سەرەتادا دێت، لەچاو ئەوانی دیکەدا ئاتۆو پوانی زیاتریان پێ دەبڕێت، هەروەها دەرکەوتووە کە بە ریزبوونی (ترتیب) ناوی پاڵێوراوەکان لە هەڵبژاردنە بێلایەنەکاندا، بۆ وێنە هەڵبژاردنە سەرەتاییەکان، گرنگیی تایبەتیی هەیە، بەپێچەوانەوە سەلمێنراوە کە کاتێک پرسەکانی پەیوەندیدار بە رێباز دەخرێتە راپرسییەوە، ریزبەندیی تۆمارکردنی ئەم پرسانە لە فۆرمی دەنگداندا کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر ئاکامی هەڵبژاردن یان بەشداریی خەڵک نابێت.

لەو جێیانەی کە پێویست بکات وەئەستۆگرانی هەندێک لە پۆستەکان لە رێگای هەڵبژاردنەوە دیاری بکرێن، پرسێکی گرنگ کە فۆرمی دەنگدانی ئوسترالیایی دەیوروژێنێت، ئەوەیە کە داخوا دەبێت پاڵێوراوەکان بەپێی بەستراوەیی حیزبیان گروپبەندیی بکرێن یان نا، لە وڵاتانێک کە لە هەڵبژاردنی نوێنەرانی پەرلەماندا لە سیستمی نوێنەرایەتیی رێژەیی کەڵک وەردەگرن، گروپبەندیی دەبێت لەسەر بنەمای حیزب بێت، لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا لە نوێنەرایەتیی رێژەیی (تناسبی) کەڵک وەرناگرن و وەئەستۆگرانی پۆستە جۆراوجۆرەکان لە خولێکی هەڵبژاردندا هەڵدەبژێردرێن، بەم پێیە مەسەلەی گروپبەندیی بەپێی بەستراوەیی حیزبی بووەتە بابەتی باسگەلێکی بەربڵاو هەمەلایەنە لەو وڵاتەدا. ناوی پاڵێوراوەکان لە فۆرمی دەنگدانی ماساچۆسێتدا دەبوایە بەپێی پۆستێک بوایە کە بۆی هەڵبژێردراوە، ئەمجۆرە لە فۆرمی دەنگدان لەلایەن ئەو ریفۆرمخوازانەوە پێشوازیی لێکرا کە دەیانویست دەنگدەرەکان لێهاتوویی و شیاویی هەرکام لە پاڵێوراوەکان لەبەرچاوبگرن، لە هەمانکاتدا خوازیاری لێکجیاکردنەوەی کاروباری سیاسیی هەرێمی و ناوچەیی لە کاروباری سیاسیی نیشتمانیی بوون، بەپێچەوانەوە بەپێی قانوونی فۆرمی دەنگدان کە لە ئیندیانا پەسەندکرا، ناوی تەواوی پاڵێوراوەکانی هەر حیزبێک لە ئەستونێکی شاوڵیدا گروپبەندی دەکرێت، لەسەرەوەی هەر ئەستونێکدا ئارم و نیشانی حیزب و هەروەها بازنەیەک هەیە کە دەکرێت بە نیشانەکردنی (بەشێوەی یەکجێ)، دەنگ بە گشت پاڵێوەراوەکانی حیزبێک بدرێت. تا ساڵی 1910 ژمارەی ئەو ویلایەتانەی کە فۆرمی دەنگی ئیندیانا یان مۆدێلی ئەستونبەندی لەسەر بنەمای حیزبییان رەچاوکردبوو، زیاتر لە دوو بەرابەری ئەو ویلایەتانە بوو کە چەشنێکی دیکەی فۆرمی دەنگدان، واتە شێوازێکیان هەڵبژاردبوو کە پاڵێوراوەکان بەپێی پۆست گروپبەندی دەکران. لە دەیەی 1980دا ئەم رێژەیە پێچەوانە بووەوە، ژمارەیەکی کەم لە ویلایەتەکان کەرەستەی وەک فۆرمی دەنگدانی کاغەزی، ئامرازی دەنگژمێر، یان کارتی قرتێنەکراویان بەکاردەهێنا کە دەنگدەر بەهۆی ئەو ئامرازانەوە دەیتوانی یەکجێ دەنگ بداتە تەواوی پاڵێوراوانی هەر حیزبێک. سەرەڕای ئەمانە، لەو سەردەمەدا جیاوازیی نێوان فۆرمی دەنگدانی ماساچۆسێتی و ئیندیانایی هەڵگیرابوو، هەندێک لە ویلایەتەکان فۆرمی پۆلێنبەندی بەپێی پۆست و پایەیان پاراستبوو، لە هەمانکاتدا ئەو ئەگەرە هەبوو کە دەنگدەر بە دانانی نیشانەیەک بە پێنووس یان قرتێنە دەنگ بداتە گشت پاڵێوراوەکانی حیزبێک. جیا لەمانە پرۆژەی مەکینە دەنگژمێرە سەرەتاییەکان بووە هۆی ئەوەی کە بەڕوونی دەربکەوێت کە فۆرمی پۆلێنبەندی لەسەر بنەمای پۆست لە مودێلی ئەستونبەندی لەسەر بنەمای حیزب بچێت، چونکە تەواوی پاڵێوراوانی هەر حیزبێک بەشێوەی ریزی ئاسۆیی یان ئەستونی جیاواز لیستبەندی دەکران و بەمجۆرە دەنگدەر دەیتوانی بە جوڵەی خێرای دەست، یەکجێ دەنگ بداتە گشت پاڵێوراوانی حیزبێک.

ئەو توێژەرانەی کە سەبارەت بە دەرئەنجامەکانی مۆدێلی فۆرمی دەنگدان لێکۆڵینەوەیان کردووە، لەوبڕوایەدان کە کەڵکوەرگرتن لە هەر ئامرازێک بۆئەوەی دەنگدان بە پاڵێوراوەکانی حیزبێک بەشێوەی یەکجێ بڕەخسێنێت یان ئاسان بکاتەوە (تەنانەت مۆدێلی گروپبەندی پاڵێوراوەکانی هەر حیزبێک بەشێوەی ئەستون (یان ریز) لە مەکینەی دەنگژمێردا) لە بەراورد لەگەڵ مۆدێلی باوی گروپبەندی بەپێی پۆست، دەبێتە هۆی ئەوەی کە ژمارەیەکی زیاتر لە خەڵک بەشێوەی یەکجێ دەنگ بدەن. بەمجۆرە رادەی (ماندووبوون لە دەنگدان)، (دەنگ نەدان بە پاڵێوراوانی پۆستە کەمبایەخەکان)یش کەمدەبێتەوە.

دەرئەنجامی بڕیارگەلێکی دیکە کە سەبارەت بە فۆرمی دەنگدان دەرچووە، هێندە روون نییە، داخوا باوبوونی فۆرمی دەنگدانی ئوسترالیایی، کە نهێنی مانەوەی دەنگەکانی مسۆگەر دەکردو پاڵێوراوەکانی گشت حیزبەکانی لەلیستێکدا دەگونجاند، بووە هۆی ئەوەی کە لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا رادەی دەنگی خەڵک بە پاڵێوراوانی حیزبە جۆراوجۆرەکان لە فۆرمی دەنگدانی یەکدەستدا بەشێوەی کتوپڕ بچێتەسەرێ؟ یان ئەوە کە دەبێت ئەم گۆڕانە لە مۆدێلی دەنگدان بخرێتەپاڵ گۆڕانکاریی لە روانگەی دەنگدەرانەوە سەبارەت بە سیستمی حیزبی و گۆڕانی هەڵوێستی ئەوان لەبابەت ئەم سیستمەوە؟ داخوا رەوتی روو لە دابەزینی ئاماری دەنگدەران لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا، پیشاندەری کەمبوونەوەی بەشداریی خەڵکە یان تەنیا ئەم راستییە دەردەخان کە فۆرمی دەنگدانی ئوسترالیایی بووە هۆی ئەوەی کە چوونی دەنگە ساختەکانی بۆ ناو سندوقەکانی دەنگدان، لەئاستێکی بەریندا کەمکردەوە؟

چاودێریی بەسەر مافی ناونووسیی لە فۆرمی دەنگداندا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی لەگەڵ پرسێکی دیکە بەرەوڕوو کرد، ئەویش ئەوەبوو کە داخوا ناونووسیی کەسێک وەک پاڵێوراوی زیاتر لە حیزبێکی سیاسی لە فۆرمی دەنگداندا رەوایە؟ لە دەیەی 1880دا بەپێی سیستمی لیستی پاڵێوراوە هەڵبژێراوەکانی حیزبی، پاڵێوراوبوون لەلایەن زیاتر لە حیزبێکەوە باوبوو، ئەم کارە حیزبە سیاسییە بچووکەکانی بەهێز دەکرد، چونکە ئەو ئەگەرەی بۆ ئەوان دەرەخساند کە لەگەڵ یەکێک لە حیزبە سەرەکییەکان لە کێبڕکێی هەڵبژاردندا بەرەیەک پێک بهێنن، دوای باوبوونی فۆرمی دەنگدانێک کە لەودا ناوی پاڵێوراوەکانی هەر حیزبێک لە ئەستونێکی جیادا گونجێنرابوو، ئەم کارە هەروا درێژەی کێشاو ناوی ئەو پاڵێوراوانەی کە لە بەرەیەکدا بوون، لە دوو یان چەند ئەستونی فۆرمی دەنگداندا دەردەکەوت، بەڵام لە 1910دا لە زۆرێک لە ویلایەتەکاندا کەسەکان نەیاندەتوانی لەلایەن زیاتر لە حیزبێکەوە خۆیان بپاڵێون، چونکە ئەم ویلایەتانە لە قانونی هەڵبژاردنە سەرەتاییەکانیاندا بڕیاری قەدەغەبوونی (داخوازیی چەند لایەنە)، (پێشکەشکردنی داخوازیی لەسەر بنەمای بەشداریی لە هەڵبژاردنە سەرەتاییەکانی زیاتر لە حیزبێک)یان دەرکردبوو، یان ئێزنیان نەدەدا ناوی پاڵێوراوێک لە فۆرمی دەنگدانێکدا کە ناوی پاڵێوراوانی حیزبە جۆراوجۆرەکانی لە ئەستونە جیاجیاکاندا تێدا تۆماردەکرا، زیاتر لە جارێک دەرکەوێت، لە 1991دا لە تەواوی ویلایەتەکاندا جگە لە سێ ویلایەت، وەها بەربەستگەلێک دانرابوو، لە نیویۆرک یەکێک لەو ویلایەتانەی کە لەودا پاڵێوران لەلایەن زیاتر لە حیزبێکەوە رێی پێدراوە، ئەم رەوالە کە بە پشتڕاستکردنەوەی دوولایەنە ناسراوە، سیستمی چەند حیزبیی لێکجیای ئەو ویلایەتەی بەهێزکردووە.

## مودێلەکانی دیکەی فۆرمی دەنگدان

لەوانەیە فۆرمەکانی دەنگدانی نوێنەرایەتیی رێژەیی لە مۆدێلی جۆراوجۆردا بخرێتەڕوو، لە نموونەگەلێکدا (بۆ وێنە لە ئیرلەنداو ماڵت و هەروەها لە هەڵبژاردنی سەنای ئوسترالیا)دا، کە تەنیا شێوەیەکی سەربەخۆیە کە دەکرێت لە سیستمی نوێنەرایەتیی رێژەییدا دەنگی پێبدرێت، مۆدێلی سەرەکیی فۆرمەکانی دەنگدان لە وڵاتە جۆراوجۆرەکاندا هێندە جیاواز نین: فۆرمی دەنگدانی هەر ناوەندێک ناوی تەواوی پاڵێوراوەکان لەخۆدەگرێت و داوا لە دەنگدەران دەکرێت کە پاڵێوراوان بەپێی کارامەیی ریزبەندی بکەن، واتە پاڵێوراوێک کە بە کارامەو باشتری دەزانن بە ژمارەی یەک دەستنیشانبکەن، دووەم کەس بە ژمارەی دوو هەتا دوایی.

لەو بابەتانەدا کە سیستمی لیستی نوێنەرایەتیی رێژەیی باوترە، فرەچەشنی فۆرمەکانی دەنگدان زیاتر دەبێت، بۆ وێنە لە بەلجیکادا، لیستی تەواوی پاڵێوراوانی حیزبە جۆراوجۆرەکان لەتەنیشت یەکدا لەسەر فۆرمەکە چاپکراوە، دەنگدەران دەتوانن بەتەواوی لیستێک یان بەپاڵێوراوی جێ پەسەندی خۆیان لەو لیستەدا دەنگ بدەن. لە سویسرادا لیستی پاڵێوراوانی هەر حیزبێک لەسەر فۆرمێکی جیا چاپکراوە، دەنگدەران یەکێک لە فۆرمەکان هەڵدەبژێرن و دواتر پاڵێوراوانی خۆیان بەپێی کارامەیی (اولویّت) دەستنیشان دەکەن. لە ئیسرائیلیش هەر حیزبێک فۆرمی دەنگدانی جیاوازی هەیە، بەڵام ناوی پاڵێوراوەکان لەسەر ئەم فۆرمانە چاپ ناکرێت (دەنگدەران ناتوانن لەنێوان پاڵێوراوانی هەر حیزبێکدا کەس یان کەسانێک کە بە کارامەترو باشتریان دەزانن، دەستنیشان بکەن). جۆرێکی دیکە فۆرمی دەنگدانی فینلاندییە کە نە ناوی حیزبەکانی تێدا نووسراوەو نە ناوی پاڵێوراوەکانیش، بەڵکو هەر پاڵێوراوێک ژمارەیەکی هەیەو داوا لە دەنگدەران دەکرێت کە ژمارەی پاڵێوراوی جێ پەسەندی خۆیان لەسەر فۆرمی دەنگدانەکە بنووسن (کە ئەم دەنگە وەک دەنگدان بە حیزبەکەی ئەو پاڵێوراوەش دەژمێردرێت، مەگەر ئەوەی کە پاڵێوراوێک وەک سەربەخۆ بەشداریی کردبێت). لیستی ناوی پاڵێوراوی حیزبەکان لەسەر فۆرمێکی دەنگدانی گەورە کە لە ڤەنزوێلاش کاری پێدەکرێت، چاپ ناکرێت، دەنگدەران بۆ پشتیوانیکردن لە لیستی پاڵێوراوی حیزبەکان، یەکێک لە چەندین چوارگۆشە رەنگاوڕەنگەی کە هەرکام لەوان هەڵگری نیشانی حیزبێکە، نیشانەدەکەن.

**وەرگێڕان**

**لە ئینگلیزییەوە بۆ فارسی: نەسرین تەباتەبایی**

**وەرگێڕان لە فارسییەوە: هەژیر عەبدوڵڵا پور**

# پرۆسەی دەنگدان لەســـ

**هوارد ئەی سکارۆ**

تێبینی: بەسەرنجدان بەوەی کە لەماوەیەکی دیکەدا لە هەرێمی کوردستان هەڵبژاردنی پەرلەمان بەرێوەدەچێت، بە پێویستمانزانی ئەم زنجیرە وتارە کە باس لە هەڵبژاردنو فۆرمو مۆدێلەکانی دەنگدانو پرەنسیپەکانی دەنگدانو پەرەسەندنی مافی دەنگدانو... لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەوە تائێستا دەکاتو بەدڵنیاییەوە زانیاریی زۆر دەداتە خوێنەر، وەربگێڕینەوە. (وەرگێڕ)

پێناسەی دەنگدان: ئەم چەمکە بریتییە لەو کەرەستە کاغەزی، میکانیکی، یان ئیلیکترۆنیکیانە کە دەنگدەران، پاڵێوراوە هەڵبژێراوەکان یان بۆچوونی خۆیانی سەبارەت بەپرسە سیاسییەکان لەسەر دەنووسن یان دەستنیشان دەکەن، بە پەرەسەندنی مافی دەنگدان لە سەدەی نۆزدەیەمدا، باسو مشتومڕی زۆر لە ئەورووپاو ئیمپراتۆریای بەریتانیا لەمەڕ پێویستیی کەڵکوەرگرتن لە فۆرمی دەنگدان بەشێوەی چاپی لەجیاتی دەنگدانی زارەکیی دەستیپێکرد. لەوانەیە فۆرمی دەنگدان بەنهێنی بێت، بەم پێیە ئەم شێوازە رێگە لە ترسی دەنگدەرانو بەرتیل پێدانیان بگرێت.

## فۆرمی دەنگدان لە ئوستراليا

وێنەی فۆرمی دەنگدان بەشێوەی ئەمڕۆیی لەلایەن کۆچبەرنشینە ئوسترالییەکانەوە هاتەئاراوە، لە ساڵی 1856دا یاسایەک بۆ ئامادەکردنی جۆرێکی تایبەت لە فۆرمی دەنگدان (بەشێوەی چاپکراو) دەرچوو، لەوکاتەدا ئوستراليا ئەو فۆرمی دەنگدانەی چاپ دەکرد، ئەو فۆرمە ناوی تەواوی ئەو کەسانەی کە بەپێی پێودان خۆیان پاڵاوتبوو، لەخۆدەگرت (واتە فۆرمی دەنگدان گشتی بوو)، لەلایەن مەئمورەکانەوە لە شوێنەکانی دەنگ وەرگرتن کە لەژێر چاودێریی دەوڵەتدا بوو، دابەش دەکرا. قانوونی فۆرمی دەنگدان لە بەریتانیا لە ساڵی 1872دا پەسەندکرا، کەمو زۆر هەر لەو سەردەمانەدا، هەرکام لە وڵاتانی دیکەی ئەورووپی چەشنێک لە فۆرمی دەنگدان (چاپکراو)یان خستە بەردەست دەنگدەرانەوە، ئەمڕۆکە گشت دیموکراسییە ئەورووپییەکان مەرجی سەرەکیی بەنهێنیبوونی فۆرمی دەنگدانی ئوسترالیایی رەچاو دەکەن، بەڵام مۆدێلی فۆرمەکانی دەنگدانیان زۆر لێکجیاوازە، بۆ وێنە لە فەرەنسا هەر پاڵێوراوێک بە تەنیا فۆرمگەلی دەنگدانی تایبەت بەخۆی ئامادەو چاپ دەکات، دواتر ئەم فۆرمانە لەژێر چاودێریی دەوڵەتدا دابەشدەکرێن.

رەوتی گۆڕان لە فۆرمی دەنگداندا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا جیاوازبوو، لە ناوچە کۆچبەرنشینەکانی ئەمریکا دەنگدان بە کەڵکوەرگرتن لە گەرمەشانی یان فاسۆلیا جێی دەنگدانی زارەکیی گرتەوە، دواتر دەنگدەران ئیزنیان پێدرا کە ناوی پاڵێوراوەکانی خۆیان لەسەر فۆرمی دەنگدانی کاغەزی بنووسن. لەساڵی 1780ی زایینی لە تەواوی ویلایەتەکاندا، جگە لە یەک ویلایەت، کەڵکوەرگرتن لە فۆرمی دەنگدان لەسەر کاغەز بوو بە بڕیار. پەرەگرتنی مافی دەنگدانو هەروەها دۆخی تایبەتی ئەو وڵاتە، وای پێویست دەکرد ئەو چەشنە فۆرمانە بەکاربهێنرێن: لە ویلایەتە یەکگرتووەکان کۆمەڵێک پۆست هەبوون کە دەبوایە بە دەنگی خەڵکی هەڵبژێردرێن، سەرۆک کۆمار بەشێوەیەکی فەرمی لەلایەن کالجێکەوە هەڵدەبژێردرا. بۆ هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار، دەنگدەران دەبوایە پشتی یەکێک لە لیستەکانی ئەو دەنگدەرانەی کە سەر بە پاڵێوراوی یەکێک لە حیزبەکان بوون، بگرن، لەوێش وەک هەندێک لە وڵاتانی ئەورووپی، فۆرمەکانی دەنگدان لەلایەن حیزبە سیاسییەکانەوە چاپ دەکران نەک لەلایەن دەوڵەتەوە، لیستی پاڵێوراوەکانی هەر حیزبێک، تەنیا ناوی پاڵێوراوەکانی ئەو حیزبەی لەخۆدەگرت. دەنگدانەکە نهێنی نەبوو، لەوانەبوو فۆرمەکانی دەنگدانی حیزبە جۆراوجۆرەکان بە رەنگی جیاوازبێت، ئەگەر دەنگدەرێک بیویستایە خەتی بەسەر هەندێک لە ناوەکاندا هێنابایەو لەجیاتی ئەوان ناوی دیکەی لەسەر فۆرمەکە یان لەسەر ئێتیکێتێکی دیکە بنووسیبایەو بە فۆرمە سەرەکییەکەیەوە بیلکاندبایە، بەئاسانی دەستنیشان دەکرا. بەمجۆرە ویلایەتە یەکگرتووەکان وەک وڵاتانی دیکە، فۆرمی دەنگدانی ئوسترالیایان بۆیە هەڵبژارد کە خەڵک خوازیاری ئەوە بوون کە دەنگەکانیان نهێنی بێت. یەکەمین ویلایەتێک کە فۆرمی دەنگدانی ئوسترالیایی پەسەندکرد، ماساچۆسێت بوو، ئەو قانوونە لە 1888دا پەسەندکراو لە سەرانسەری ئەو ویلایەتەدا جێبەجێکرا (چەند مانگ بەر لەوە وەها قانوونێک بۆ شارەکانی لوئیزویلو کنتاکی دەرچووبوو)، لەکاتی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری لە ساڵی 1892دا، سیوهەشت ویلایەت ئەو قانوونەیان پەسەند کردبوو، تا ساڵی 1910 تەواوی ویلایەتەکان جگە لە دوو ویلایەت، ئەو قانوونەیان پەسەند کردبوو.

لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا کەڵکوەرگرتن لە فۆرمی دەنگدانی ئوسترالیایی شێوازێک بوو بۆ کەمکردنەوەی برشتو دەسەڵاتی دامودەزگا سیاسییە بەهێزو زۆرجار گەندەڵەکانیش، دامودەزگا سیاسییەکان دەیانتوانی لەو پاڵێوراوانەی کە دەیانویست ناویان لەلیستی پاڵێوراوانی حیزبدا بێت، پاداشت وەربگرن، ئەمەش یەکێک لەسەرچاوە گرنگەکانی دەسەڵاتی ئەمجۆرە دامودەزگایانە بوو، جیا لەوە کارگێڕانی ئەمجۆرە دامودەزگایانە دەیانتوانی لە رۆژی هەڵبژاردندا زۆر بەئاسانی بەرتیل بدەنە دەنگدەرانو چۆنیەتی دەنگدانی خەڵک بخەنە ژێر چاودێریی خۆیانەوە، ئەمجۆرە سیستمی دەنگوەرگرتنە بۆ پاڵێوراوە سەربەخۆکانیش کۆسپو تەگەرەی گەورەی بەدواوە بوو، بەمجۆرە پەسەندکردنی قانوونی فۆرمی دەنگدانی ئوسترالیایی لە ویلایەتە جۆراوجۆرەکاندا سەرەتای دەستپێکی بزاڤێکی خەڵکی باژێڕەکان بوو لەدژی ئەو دامودەزگا بەرینانەی کە تا دەیەی 1890و سەرەتای سەدەی بیستەم درێژەی کێشا، لایەنگرانی ژمارەیەک لە بزاڤە سیاسییەکان بۆ وێنە بزاڤەکانی (ماگوامپ)، (باجی یەکدەست)، (پۆپۆلیست)، (پێشکەوتنخواز)و (دەوڵەتی باش)ی لەخۆدەگرت.



## ئەو پرسانەی کە فۆرمی دەنگدانی ئوسترالیایی دەیوروژاند

فۆرمی دەنگدانی ئوسترالیایی لە هەر شوێنێک کە جێی دەگرتو باو دەبوو، هەڵگری ئاسەوارگەلێکی سیاسیی تایبەت بەخۆی بوو کە لەوانەیە لایەنگرانی سەرەتایی ئەم مۆدێلە لە دەنگدان، پێشبینیان نەکردبێت. یەکەم ئەرکی دەوڵەت بوو کۆمەڵێک یاسا کە بەپێی ئەوان دەبوایە پاڵێوراوەکان دیاری بکرێنو شیاوی ئەوە بوایەن کە ناویان لە فۆرمی دەنگداندا بێت، شرۆڤەو پێناسە بکات، بەشێوەی ئاسایی ئیمزای چەند کەس بۆ ناساندنی پاڵێوراوەکە بەس بوو. پرسی دووەم ئەوەبوو کە داخوا دەبێت ناوی پاڵێوراوەکان لەگەڵ ئێتیکێت (برچسب)ی ئەو حیزبەی کە سەر بەون، لەسەر فۆرمی دەنگدان دیاری بکرێت یان نا؟ بەریتانیا تا 1969 ئەوجۆرە ئێتیکێتانەی لەسەر فۆرمەکانی دەنگدان چاپ نەدەکرد، کەنەداش تا 1972 ئەو فۆرمە لە دەنگدانی جێبەجێ نەکرد، هێشتاش لە فۆرمی دەنگدانی ئوسترالیادا ناوی پاڵێوراوەکان بە ئێتیکێتی حیزبەکەیانەوە دەستنیشان ناکرێت.

ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ پرسەکانی وەک مافی ناونووسیی لە فۆرمی دەنگدانو چاپی ئێتیکێتی حیزبی، رێگاچارەیەکی جیاوازی دۆزیەوە. بە سەرنجدان بەبوونی بێ ئەملاوئەولای حیزبە سیاسییەکان لەو وڵاتەدا، بەپێی قانوونو ویلایەتییەکان، هەر حیزبێکی سیاسی کە بە رادەیەکی بەرچاو پشتیوانی خەڵکی لەپشت بوو، خەرجیی چاپی ئێتیکێتو ئارمی حیزبی دابین دەکرد، ئیزنی ناونووسیی لە فۆرمی دەنگداندا پێدرا. بەم پێیە دوو حیزبی سەرەکیی (کۆماریخوازو دیموکرات)، لە پوانێک بەهرەمەندبوون کە حیزبە بچووکەکان لێی بێبەبەری بوون، چونکە ئەمانە ناچاربوون کە داخوازییە فەرمییەکانی خۆیان دەستاودەست بگێڕن، دانەرانی قانوونی فۆرمی دەنگدان هەندێکجار هەوڵیاندەدا کە بەسەر ئەو ئایینامانەدا چاودێریی بکەن کە حیزبە بەفەرمی ناسراوەکان بەپێی ئەوان، نوێنەرانێکیان بۆ بەشداریکردن لە کۆبوونەوەی ناساندنی پاڵێوراوەکانی خۆیان هەڵدەبژارد، بەمجۆرە پەلوپۆهاویشتنی فۆرمی دەنگدانی ئوسترالیایی بنەمای قانوونی بابەتێکی لێکەوتەوە، کە دواتر قانوونە جیاوازەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی بەمەبەستی چاودێریی بەسەر حیزبە سیاسییەکاندا بەدواداهات. ئەم چاودێرییکردنە لە یەکەمین ساڵەکانی سەدەی بیستەمدا کاردانەوەیەکی بەرچاوی هەبوو، چونکە لەو سەردەمانەدا زۆربەی ویلایەتەکان کۆمەڵێک یاسایان پەسەند کردبوو کە بەپێی ئەوانە حیزبە بەفەرمی ناسراوەکان دەبوایە پاڵێوراوەکانی خۆیان لە هەڵبژاردنی سەرەتاییە راستەخۆکاندا بناسێنن. زۆربەی ویلایەتەکان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی بێلایەن، تەنانەت لەئاستی ناوچەییشدا کۆمەڵێک یاسایان پەسەند کردبوو، کە بەپێی ئەوانە شارە خۆبەڕێوەبەرەکان لە هەڵبژاردنە ناوچەییەکانی خۆیاندا، ناچاربوون ئێتیکێتە حیزبییەکان لەسەر فۆرمەکانی دەنگدان بسڕنەوە، ئەمە بەشێک لە چاکسازییە باژێڕییەکانی (بزاڤی پێشڕەو) بوو، ئەم قانوونانە لە نزیکەی سێ لەسەر چواری شارو شارۆچکەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکاندا بەڕێوەدەچوو. سەرکەوتنی بزاڤی (فۆرمی دەنگدانی کورت) زۆر کەمتربوو، لایەنگرانی ئەم بزاڤە خوازیاری کەمکردنەوەی ژمارەی بەرپرسە هەڵبژێردراوە شارنشینەکان بوون، تا دەنگدەران بتوانن بە وردبینی زیاترەوە هەرکام لە پاڵێوراوەکانی جێ رەزامەندیی خۆیان هەڵبژێرن، سەرئەنجام لە ئاکامی چاکسازیی (پێشڕەو)دا، لە هەندێک لە ویلایەتەکان، ئەو فۆرمانە بوونە باو کە لە راپرسییەکانی پەیوەندیدار بە پرسەکانی وەک رێباز (مشی)دا بەڕێوەدەچوونو دەنگدەران بە کەڵکوەرگرتن لەوانە، دەیانتوانی بە دەستنیشانکردنی بەڵێ یان نا، وەڵام بدەنەوە.

گرفتێکی دیکە کە فۆرمی دەنگدانی ئوسترالیایی پێکیهێنا، بڕیاردان بوو سەبارەت بە ریزبوونی ناوی پاڵێوراوەکان لە فۆرمەکانی دەنگداندا. رای کارناسان سەبارەت بەم بابەتە

# ـــــه ڕێگای هەڵبژاردنەوە

بە تاکو کۆی نەتەوەیەک دەکرێت، لەسەر ئازادیی ڕادەربڕین دەبینین چۆن سزای ڕۆژنامەنووسان دەدەن‌و چۆن پیلانی تیرۆرکردنیان دادەڕێـــژن. فەیلەسوفی فەرەنسی (فۆلتێر) دەڵێت: (من لەگەڵ ئەو بیروبۆچوونەی تۆدا نیم، بەڵام دەبم بە داکۆکیکەرت کاتێک فشارت بۆ بهێنن)، ئەمە پرەنسیپی لیبرالیزمە لە لێبوردەییدا، تـۆ خـــاوەنـــی ئـەمـــجـۆرە پرەنسیپە هیومانیزمییە نەبیت، تەنیا لەبەرئەوەی ئازادیی سەروەربێت، لەبەرئەوەی هەر تاکێک خـــاوەن دەنـــگ‌و بیرکردنەوەی خۆیان بن، تۆ لەگەڵ ئەو بۆچوونانە نیت، بەڵام داکۆکی لێدەکەیت، لەبری ئەوەی سزای بۆ دەربکەیت، بۆیە بەبێ ئەمە هیچ دەزگـاو یاساو سیستمێک ناتوانێت لە عەقڵی ستەمکاریی‌و توندوتیژیی ڕزگاری بێت، کە تەواو پێچەوانەی دیموکراسی‌و هەموو بەهایەکی ڕەوشتی مرۆڤانەیە.

**بنەمای سێیەم:** ناتوندوتیژیی (Non-violence)، ئەمە پرەنسیپێکە هەڵگری کۆمەڵێک بەهای مرۆڤانەیە، ناتوندوتیژیی تاکە فەلسەفەیەکە دەتوانێت زۆر بەئاسانی هـــەر کۆمەڵگایەکی پـێ بناسیتەوە، لە ڕێگای ئـەم فەلسەفەوە دەتوانیت کۆمەڵگای دیموکرات لە کۆمەڵگای نادیموکرات جیابکەیتەوە، (هەڵبەتە هیچ جێگایەک نییە لەم دونیادا بەتاڵ بێت لە توندوتیژیی)، جیاکردنەوەکەش زۆر ئاسانە، هیچ خۆماندووکردنێکی ناوێت، ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانـــەی سەربەست یـــان ئەهلی بـگـرە بـەدەسـتـەوە یان ڕۆژنامەنووس‌و نووسەرێک بدوێنە، بزانە چەند دەستدرێژیی، هــەڕەشە، کوشتن‌و زەبروزەنگ دەکەوێتە بەرچاوو گوێت، زۆر بەئاسانی تێدەگەیت ڕۆژانە چەند حاڵەتی کوشتنی ئافرەتان هەیەو دەســـەڵات خـۆی لە گێلی دەدات یان بێدەنگە، قەدەغەنەکردنی کلتووری خێڵ‌و بنەماڵەگەرێتی بۆخۆی بەزیندووڕاگرتنی ئەو دیاردە ترسناکانەیە ڕۆژانە قوربانیی لێدەکەوێتەوە، ئەگەرچی هەندێکجار دەگاتە ئەوپەڕی بەربەریەت وەک کوشتنی دوعا، کە ویژدانی مرۆڤایەتی ڕاچڵەکاند جگە لە پیاوە سیاسییەکانی کوردستان نەبێت تاڵێک لە سمێڵیان با نەیجوڵاند. لەسەرێکی دیکەوە ئەم فەلسەفەی ناتوندوتیژییە بەتەنیا نایەت کار لەسەر ئەو لایەنە فیزیکیانە بکات لەسەرەوە باسمکردن، لەبەرئەوە لایەنێکی دیکەی ترسناکتری وێرانکردنی سایکۆلۆژیەتی ئینسانەکانە لە ڕێگای شەڕپێفرۆشتنی دەروونییەوە، ئەم ڕێگا ترسناکە زۆربـــەی کاتەکان بەرامبەر مرۆڤە هۆشیارەکانی کۆمەڵگا کاتێک دەستەمۆ نابن، بەکاردەهێنرێت، ئەو نایەت وەک دوعا بە بلۆک سەری پانبکاتەوە بەڵکو دێت بە بلۆک ڕۆحی وێــران دەکـــات، تووشی تێکشکانێکی دەروونـیـی وای دەکـــات خۆی دەستی بچێتە خۆی، یان بەشێوەیەکی دیکە نایەت پەلاماری خۆت بدات، بەڵکو پەلاماری خێزان، دایک‌و خوشکەکانت دەدات، هەر لەبەرئەمەشە نایەوێت ئەو کلتوورەی هــەزاران ساڵە جەهلی خێڵ بەرهەمی هێناوە، لەناوبەرێت‌و بە یاسایی بکات تا بنەبڕ دەبێت، بەڵکو ئەو بۆ مانەوەی خۆی لەسەر ئەو کورسییە ئەزەلییەی لە ئاسمانەوە بۆی هاتووە، پێویستی بە زیندووکردنەوەو گەشەپێدانیانە، ئەمەیە

لە هەموو ئەو وڵاتـە نادیموکراتانەی دونیادا خێڵ‌و سەرۆک خێڵ پێگەیەکی تایبەت‌و کاریگەریان لە دەسەڵاتدا هەیە.

کەواتە با لێرەوە ئەم پرسیارە لە خۆمان بکەین، ئایا حکومەتێک لەلایەن دوو حیزبی دەســەڵاتـدارەوە مۆنۆپۆل کرابێت، تا چەند ئەو حکومەتە دەتوانێت حکومەتێکی دیموکرات بێت؟

بێگومان کاتێک حکومەت دەبێتە کۆیلەی حیزب‌و حیزب دەبێتە عەقڵی حکومەت، ئیتر جێگایەک بۆ دیموکراسی نامێنێتەوە، لـەبـەرئـەوە پرەنسیپی دیموکراسی خۆی لە فرە دەنگ‌و ڕەنگیدا دەبینێتەوە لە دەسەڵاتدا، قۆرخکردنی دەسەڵات لەلایەن حیزبێک یا دووان، تەواو هاوشێوەی دەسەڵاتە ئەوتۆریتاریزم‌و تۆتالیتارەکانە. ئەو وێنەیەی یەکێتی‌و پارتی لە هەژدە ساڵی ڕابردوودا نیشانی دەرەوەی خۆیانی دا، سەلماندی تا چەندێک ئەوانە شیاوی ئەوەن جڵەوی دەسەڵات لەدەستیاندا بێت، بەڵام تۆ چی لە کۆمەڵگایەک دەکەیت بووە بە ئۆردوگای حیزب‌و حیزب بڕیاردەرە لەسەر کۆی ژیانی، ئەم بەئۆردوگاکردنەی کۆمەڵگا لەلایەن دوو حیزبی ملهوڕەوە، هەمان کلتووری دەسەڵات‌و هێزە دیکتاتۆرەکانی دونیایە، هــەژدە ســاڵ یاریکردن بە هەست‌و عەقڵی نەتەوەیەک لەلایەن دوو حیزبی پـاوانـخـوازەوە، کەم نییە بۆئەوەی نەتەوەیەک غەرقی ناو نەفامی ببێت. نووسەری سویسری (فریدریش دویرەنمات) دەڵێت: ( لە ڕوسیا خەڵک لە ڕێگای حیزبەکانەوە گەمژەکراون، بەڵام لە ئەمریکا لە ڕێگای تەلەفزیۆنەوە)، لە کوردستانەکەی لەمەڕ ئێمە لە ڕێگای هەردووکیانەوە، ئەگەرچی لە کوردستان تەلەفزیۆنیان لـەبـەرچـاوی خەڵک خستووە، زۆرجار گوێمان لەو گلەییەیە کە خەڵک زیاتر تەماشای کەناڵ‌و زنجیرە عەرەبییەکان دەکەن، کەسیش ناپرسێت ئەمە بۆ؟ ئێمە نەتەوەیەکین هێشتای فێری ئەوە نەکراوین پرسیار بکەین، هێشتا نەمانتوانیوە لەو گیانە کۆیلەیەتییەی لە ناخماندایە خۆمان ڕزگاربکەین، بێدەنگیی خەڵکە تەمەنی دیکتاتۆرەکان درێژدەکات، کەنعان مەکیە لە هەردوو کتێبی (کۆماری ترس‌و بێدەنگی‌و دەڵەقی)دا جوان ئەو خاڵەی پێکاوە.

هەموو ئەوانەی لە عێراقدا دەسەڵاتیان گرتووە بەدەستەوە، نەک پرسیان بە هیچ کەسێک نەکردووە، بەڵکو دەرئەنجامی شۆڕش‌و کودەتای سیاسی بوون، ئایا حیزبێکی وەک بەعس بە کودەتا دەسەڵاتی بەدەستەوە گرتبێت، هەروا بەئاسانی ئامادەیە ئەو دەسەڵاتە بەجێبهێڵێت؟ کلتووری سیاسیی وڵاتی ئێمە کلتووری زەبروزەنگە، بۆیە هەرکەسێک هات‌و دەسەڵاتی گرت بەدەستەوە، ئیتر بە میراتی باووباپیرانی دەزانێت مەگەر هێزێکی‌وەک خۆی بتوانێت لە ڕەگەوە هەڵیتەکێنێت، ئەم حیزبانەی ئێمەش ســەر بەهەمان کلتوورن، کلتووری شـــاخ‌و شـــۆڕش، کلتووری کوشتن‌و خوێنڕشتن، ئەمە مێژووی واقیعی ئەوەو لـەم مـێـژووە دانابڕێت، لەبەرئەوەی ئەو لە بناغەدا شۆڕشی وەک ئەرکێکی ئەخلاقی‌و ئینسانی نەکردووە، بۆئەوەی بەرگریی لە چین، توێژ یا نەتەوەیەک بکات، کاتێک دەبینێت دەچەوسێتەوە، بەڵکو هەڵکەوت‌و ڕێکەوتێکی سیاسی کردویەتی بە شۆڕشگێڕ، ئەگەرچی من بۆخۆم هەمیشە (شۆڕش) لەنێوان دوو کـەوانـەدا دادەنـێـم، لەبەرئەوەی ئەوەی کورد تائێستا کردویەتی، جگە لە خەباتێکی چەکداریی سیاسی نەبووە بە شۆڕش وەک ئەوەی بەتەواوی سیستمە کۆنەکە بگۆڕێت بەو سیستمە نوێیەی ئەو شۆڕشی بۆ کردووە، بە ئێستاشەوە ئەو دوو حیزبە دەسەڵاتدارەی کوردستان خاوەن پەیڕەوو پرۆگرامێکی کۆنکرێت نین، کەسێک بیخوێنێتەوە تێبگات ئەمانە سەر بە چ جۆرێک لە جۆرەکانی حیزبی سیاسین، لە هیچ جێگایەکی دونیادا حیزبێک نییە پەیڕەوو پرۆگرامی نەبێت بۆئەوەی خەڵک تێبگات ئەمانە چین‌و دەیانەوێت چی بکەن، پارتی دەڵێت: ئێمە دیموکراتین، بـەڵام بـڕوای بە هەموو شتێک هەیە تەنیا دیموکراتی نەبێت، پارتێکی دیموکراتە، بەڵام قەت کەسێکی نابەرزانی ناتوانێت بگاتە پۆستە باڵا هەستیارەکان، یەکێتی دەڵـێـت: من سۆسیال دیموکراتم، بەڵام تا مام جەلال گڵۆپی سەوز هەڵنەکات، ناتوانن نەک کۆنگرە بەڵکو کۆبوونەوەیەکی مەکتەبی سیاسی بکەن. سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانیا تائێستا هەشت جار پرۆگرامی خۆیان دەستکاریکردووە کە دواتریان ٢٠٠٧ بە بۆنەی ڕۆژی پارتەکەوە بوو لە هامبۆرگ، بەڵام ئەم پرۆگرامی نییە تا بیگۆڕێت یان دەستکاریی بکات، نەک لە ئەندامێکی سادە بەڵکو لە کادیرێکی ئەو دوو حیزبە بپرسە سیمبول‌و دروشمی حیزبەکەت چییە، دڵنیابە نایزانێت، کە ئەمە پرسیارێکی هەر زۆر سادەیە، ئاخر ئەمە تراژیدیا نییە بۆ ئەو حیزبە مۆدێرنانەی ئێمە شـەوو ڕۆژ باسی دیـمـوکـراسـی‌و شـۆڕش دەکـــەن، کە لەڕاستیدا ئەمانە لە زانستی سیاسیدا دەچنە خانەی حیزبە کلینتێلیسموس (Klientelismus)ەکانەوە، واتە ئەمانە جـۆرە ئۆرگانێکن لە وێنە سادەکانی فیودالیزم (Feudalismus)و فامیلیاریزم (Familiarismus)، بۆیە هەمیشە دەبینین بـەرژەوەنـدیـی خـێـزان‌و حیزبەکەیان دەکەوێتە پێش هەر بەرژەوەندییەکی دیکەوە، ئەوکاتەش باس لە بەرژەوەندیی نیشتمان‌و نەتەوە دەکـەن، ئـەوە ئەو کاتەیە مەترسییەکانی سەر نەتەوەو نیشتمان خەریکن دەبنە مەترسیی بۆ سەر خێزان‌و حیزبەکانیان، خەڵکیان ئەو کاتە بیردەکەوێتەوە کە پێویستیان پێیانە، کە ئەمە تەواو پێچەوانەی هەر حیزبێکی مۆدێرنە لە دونیادا، سیاسەتمەداری ئەڵمانی (کۆنراد ئادەناوەر) دەڵێت: (هەموو حیزبێک پێویستە بۆ خەڵک بێت نەک بۆ خودی خۆی)، بەڵام ئەم حیزبانەی ئێمە تا خۆیان وەستابن، خەڵکیان بیرناکەوێتەوە، چونکە ستراتیژی ئەو سیاسەتکردن نییە وەک خاوەن بیروباوەڕێکی سیاسی یان هەڵگری ئایدۆلۆژیایەکی تایبەت بەخۆی نییە کاری بۆ بکات، بەڵکو وەک وتم ڕێکەوتێک کردونی بە سیاسەتمەدارو شۆڕشگێڕ.

ئەو کاریکاتێرەی یەکێتی‌و پارتی دروستیانکردووەو ناویان ناوە پەرلەمان، جگە لە مەزادخانەیەکی سیاسی لە دەزگایەکی ئەکتیڤی سەربەخۆ ناچێت، کە کاری ئۆرگانیزەکردنەوەی سەرلەبەری دەزگـا ئیداریی‌و حکومییەکان بێت، پەرلەمان لە زمانی فەرەنسی کۆندا بەواتای گفتوگۆکردن دێـت، واتە ئەو جێگایەی لە ڕێگای گفتوگۆکردنەوە یاساکان دادەڕێژێت، پەرلەمان ئێستا لە وڵاتە دیموکراتەکاندا بە بریکاری خەڵک نـاوی دەهێنن، واتـە نوێنەری خەڵک، لە هەموو جێگایەکی دونیا ئەگەر پەرلەمانێکی تەندروست هەبێت، ئەو خـاوەن دەسەڵاتی دادوەریـــی، یاساو جێبەجێکردنە، کەچی لە کوردستان ئەو سێ دەسەڵاتە بە خودی پەرلەمانیشەوە بەدەست حیزبەوەیەو حیزب چاوساغی پەرلەمانە، لە هەموو جێگایەکی دونیادا خەڵکانی بەتواناو لێهاتوو و خاوەن ئەزموون دەبنە ئەندام پەرلەمان، کەچی لە کوردستان بەرپرسە نەخوێندەوارەکانی حیزب کورسییەکەی بەتاڵیان بۆ کەس نەهێشتووەتەوە، لە کوێی دونیادا ڕوودەدات پەرلەمان ئاگای لە بودجەی حکومەت نەبێت؟ کـام پەرلەمان لە دونیادا مووچە لە حیزب وەردەگرێت؟ ئەمە کارەساتەکەیە لە هەروڵاتێکدا نەتوانرێت حیزب لە حکومەت‌و کۆمەڵگا لە حیزب جیابکاتەوە! کۆمەڵگای ئێمە کۆمەڵگایەکە بێئەوەی ئاگای لەخۆی بێت، بووە بە بەشێک لە جەستەی حیزب یان بەپێچەوانەوە. هۆشیارییەکی گەورەی دەوێـت کۆمەڵگای ئێمە لـەوە تێبگات پێویستە حیزب خزمەتکاری خەڵک بێت، نەک وا تێبگات ئەو سواڵکەری بەردەرگای حیزبەو ئەوەی حیزب بۆی دەکات لەبابەتی سەرفترەو زەکاتە، ئەم تێڕوانینە هەژدە ساڵە ئەو دوو زلحیزبە لە ڕێگای کەناڵە جیاوازەکانیانەوە کاریان بۆ کـردووە تا بەوشێوەیەی ئەمرۆ کۆمەڵگا بکەنە مێگەل، مێگەلە کۆمەڵگاش ئەو کۆمەڵگایەیە کە نە پرسیار دەکات‌و نە ڕەخنەش دەگرێت، ئەگەر کارێکیشی بۆ بکەن، ئەوا بە خێری حیزبیی دەزانێت، هەر لەبەرئەمەشە ئەم دوو حیزبە لە کوردستاندا ئـاوەدانـکـردنـەوەی ئەو وێرانکاریانەی حیزبی بەعس کردونی، ڕۆژانە زۆر بە نرخێکی گران بە خەڵکی دەفرۆشن، کە لەڕاستیدا ئەمە کاری حیزب نین‌و پێویست ناکات حیزب خۆی لەناو ئەو پرۆژانە هەڵقورتێنێت ئەگەر مەبەستی دزیـن‌و خۆدەوڵەمەندکردن نەبێت، نموونەیەکمان لەم دونیایەدا نییە حـیـزب کـــاری پـرۆژەســازیـی‌و ئاوەدانکردنەوە بکات تەنیا لە سیستمە بەناو کۆمۆنیستەکانی وەک ڕوسیای ستالین‌و وڵاتانی هاوشێوەدا نەبێت، کە حیزب دەبێتە ئەو خوداوەندی نان‌و ژیان لەدەستی ئەودا دەبێت‌و خەڵک پێویستە نـۆکـەری حیزب بـێـت، هیچ کەسێک خاوەنی هیچ نییە حیزب نەبێت، دیارە ئەم باسە دووروودرێژە ناچمەوە سەری تەنیا ئەوە دەڵێم: ئەو کارانە ئەرکی حکومەتن، ئـەگـەر حکومەتیش، شـەقـام بـۆ ئەو جێگایانەی شەقامیان نییە دروستنەکات، کارەباو ئاو بۆ هاوڵاتییان دابین نەکات، ئەو گوندو شارانەی وێرانکراون ئاوەدان نـەکـاتـەوە، مـووچـە بـۆ کەسوکاری ئەنفال‌و شەهیدان نەبڕێتەوەو لە ڕێگای کەرەستەی نوێوە جوتیارو ئاژەڵدارەکان بۆ نۆرمالیزەکردنی ژیانیان تەیارو ئامادەنەکاتەوە، ئەی نابێت بپرسین ئەرکی حکومەت چییە؟!

# کوشتنی دیموکراسی لـ

یاسین بانیخێلانی

## بەشی یەکەم

دەمـەوێـت بە وتەیەکی نووسەری ئینگلیز (رۆبێرت ویلس) دەستپێبکەم، کاتێک دەڵـێـت: (گـەورەتـریـن ئەرکی دیموکراسی، نەریتو جەژنەکانێتی، ئەمەش هەڵبژاردنە). پێناسەکردنی هەڵبژاردن وەک نەریتێکی دیموکراسی، دەمانخاتە بـەردەم جیهانێکی سیاسی هێندە سادە بۆئەوەی دیموکراسی بە زیندوویی بمێنێتەوە، پێویستە نەریتەکانی بپارێزین، ئەمەش لە گێڕانی ئەو جەژنە سیاسییەدا بە هەڵبژاردن ناسراوە خۆی دەبینێتەوە، لە روویەکی دیکەشەوە مەرج نییە لە هەر وڵاتو سیستمێکی سیاسیی دەسەڵاتداردا هەڵبژاردن هەبوو ئیتر مومارەسەی نەریتی دیموکراسی کرابێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە زۆرجار بۆ نیشاندانی وێنەی دیموکراسی هەڵبژاردن پەیڕەودەکرێت، ئەمجۆرە هەڵبژاردنانە کە دەشێت بەمەبەستی چاوبەستێکی سیاسی لە خەڵک بۆ شەرعیەتدانەوە بە دەسەڵاتی ئەو هێزە سیاسیانەی کورسییەکانی دەسەڵاتیان مۆنۆپۆل کردووە بێت.

هەڵبژاردن لە زانستە سیاسییەکاندا زۆرجـار بە هوشیارییەکی بەرتەسک پێناسە دەکرێت، لەبەرئەوەی فۆرمێکە مرۆڤ لەنێوان چەند بڕیارێکی جیاوازو لێکجیا گیرۆدە دەکات، کە لـەدەرەوەی ئیرادەی بیرکردنەوەی ئەوەوەیە، ئەم فۆرمە لە زۆرێک لەو وڵاتانەی هێشتا عەقڵێکی پەتی فەرمانڕەوایی دەکاتو هەڵبژاردن لە ڕێوڕەسمێکی فریودەرو گاڵتەئامێزدا ئەنجامدەدەن، دەشێت زۆر کوشندەبێتو هەریەکێک لەوانەی ناچاردەکرێن بەشداریی ئەو فۆرمە بکەن، بە بڕیاردانی کوشتنی خۆیان کۆتایی بێت، ئەگەرچی لە زۆرێـک لەو وڵاتانەی دیکتاتۆرییەتو تۆتالیتاریەت سەروەرە، ئۆرگانەکانیان هەڵدەستن بە بڕیاردان لەبری تاکەکانو تاک بۆخۆی مافی هیچ بڕیاردانێکی بۆ نییە، ئەمەش نموونەیەکی زۆر بەرچاوە بەتایبەتی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، بۆیە ئەوەندە گرنگ نییە هەڵبژاردن دەکرێت یان نا، هێندە گرنگە هەڵبژاردن بۆ دەکرێتو کێن ئەوانەی لەپشتی ئۆرگانیزەکردنی هەڵبژاردنەوەنو ئامانجەکانی هەڵبژاردن بە چ ئاراستەیەکدا دەبەن، ئەمەیە دەبینین لە زۆرێک لەو وڵاتانەی مۆدێلێکی سیاسیی ناوەندگەرای تۆتالیتار، هەڵبژاردن لە تراژیدیایەکداو لەژێر ناوی دیموکراسیدا دەکەنە گاڵتەجاریی، ئەم تراژیکۆمێدیا (Tragikomödie)، درامایەکی تاسەر ئێسقان ترسناکە، لەبەرئەوەی بۆخۆی یاریکردنە بە هەست، ئـازار، ژیـانو چارەنووسی ئەو خەڵکەی هەرجارەو لەژێر درۆو تەڵەکەیەکدا فریوی دەدات، لەپاش هەڵبژاردن تۆڵەی ئەو چاکەیەی دەرهەقی کـردووە، لێدەکاتەوە، یان لە باشترین حاڵەتدا دوو ئەگەر دەخاتە بەردەمیو پێی دەڵێت: ئەوە باجی ژیانتە! ئەمە چ کارەساتێکە نانی منداڵێک لەناو بێشکەدا گڕوگاڵێتیو وادەزانێت مرۆڤایەتی وەک ئەو خەنییە بە ژیان، لەژێر دەمی کولی مقەستی حیزبێک یان سەرۆک خێڵێکدا بێتو سبەیش لە مینبەری میدیاکانیانەوە بەگوێی جیهاندا بنرکێنن لە هەڵبژاردنێکی دیموکراسیی بێوێنەدا سـەرۆک لە ٩٩،٩٪ی دەنگەکانی بەدەستهێنا، یان وەک هەڵبژاردنە کارتۆنییەکانی کوردستان ڕێکو راستو بەبێ کەمو زیاد هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار ٥٠٪ی دەنگەکانیان بەدەستهێنا، ئەمجۆرە هەڵبژاردنانە لەڕاستیدا قەشمەریکردنە بە هەڵبژاردنو دیموکراسیو ئەو خەڵکەی پەلکێش دەکرێن بۆ هەڵبژاردنەکان، ئەمە ئیهانەکردنی خودی دیموکراسیو ئازادیی رادەربڕینە، لاقرتیکردنە بەو خەڵکەی هەرجارەو بەڵێنێکی درۆی پێدەدەن.

ئـەوەی ئـەمڕۆ لـە کـوردسـتـان دەگـــوزەرێـــت، کـەمـتـرنـیـیـە لـەو تراژیکۆمێدیایەی لەسەرەوە باسمکرد، کە هەژدە ساڵە لەژێر ناوی دیموکراسیدا یـاریـی بـە چـارەنـووسو کەرامەتی نەتەوەیەک دەکرێت، هەژدە ساڵ کەمە بـۆئـەوەی ستراکتۆری حکومەتێکی تەندروستو تۆکمە دروستبکرێت تا بتوانێت لەسەر قاچی خۆی بووەستێت، بەڵام کەم نییە بۆ دروستکردنی هەزاران ملیۆنێرو ملیاردێر، ئەم مۆدیلە سیاسییەی کوردستان بە دیموکراسی بە خەڵکو جیهانی دەفرۆشن، دەشێت راست بێت ئەگەر بە مۆدێلی بەعس بەراوردی بکەین، با ئەوەشمان بیرنەچێت ئەم حیزبانەی ئێمە بەعسیان پێ فاشیو دژە مرۆڤو هـەمـوو ئـازادیـیو دیموکراسییەکە، بەڵام هێشتا کار بە زۆربەی ئەو یاساو ڕێسایانە دەکـەن ئەو بە میرات بۆی بەجێهێشتوون. کاتێک ئـەوان دژی بەعسن، هێشتا نەیانتوانیوە لەژێر تارماییەکانی بەعس خۆیان رزگاربکەن، کلتووری بەعس کلتوورێکی ئامادەیە لەناو کایە سیاسییەکاندا، ئایا ئەمە کارەسات نییە تۆ باس لە دەسەڵاتێکی سیاسیی هاوشێوەی کوردستان بکەیت دیموکراسییە لەبەرئەوەی لە بەعس باشترە، لـەبـەرئـەوەی وەک بەعس کوشتوبڕ ناکات، وەک بەعس بە کۆمەڵو بە زیندوویی ناتانکاتە ژێر خۆڵەوە، بەڵام لەدەرەوەی ئەم لایەنە فیزیکییە، زۆرجار وەک بەعس بیردەکاتەوە، ئـەوەش لە توندوتیژییەکانی وتارو دروشمەکانیاندا بەرامبەر نەیارو ئەو کەسانەی وەک ئەوان بیرناکەنەوەو رەخنەیان لێدەگرن بە زەقی دیـارە، هەڕەشەکردن لە نووسەرانو رۆژنامەنووسانو تیرۆرکردنیان لەژێر هەر ناوو بیانوویەکدا بێت، هیچ پاساوێک هەڵناگرێت، جگە لەوەی بیسەلمێنن ئەمان جگە لە ستەمکاریی، لە واقیعدا ناتوانن ببنە هێزێکی لیبراڵ، ئەو بەراوردکارییەش بۆخۆی ڕاکردنە لەو ستەمکارییە، شێواندنی وێنە راستەقینەکانی خۆیانەو گۆڕینە بە فۆرمێکی دیکە بۆ چەواشەکردن، چونکە بەراوردێکی لەمجۆرە بۆخۆی هەڵگری رەهەندەکانی توندوتیژییە، نیشاندانی وێنە خراپەکانی حکومەت، حیزب یان هەر ئۆرگانو سیستمێکی سیاسیی دیکە، ناچارکردنی خەڵکە رازی بێت بەو شێوازە دەسەڵاتەی ئەو پەیڕەوی دەکات، ئەمە هەڕەشەکردنێکی ناڕاستەوخۆیە، بۆیە ئاگادارت دەکاتەوە لـەوەی ئەو خراپ بوو بۆیە من باشم، کە تەواو پێچەوانەی ئەو وتەیەی نووسەری ئەمریکی (تیۆدۆر پارکەر)ە کاتێک دەڵێت: (دیموکراسی مانای ئەوە نییە من ئەوەندە باشم وەک تۆ، بەڵکو دیموکراسی مانای وایە تۆ ئەوەندە باشی وەک من)، من زۆرجار وتوومە: دیموکراسی ناتوانێت لەناو هیچ حکومەتو دەزگایەکدا گەشەبستێنێت ئەگەر ئەو دەزگـاو حکومەتە بۆخۆی ئیفلیج بێت، لە باشترین حاڵەتیشدا ئەگەر دیموکراسی لەناو حکومەتو دەزگایەکی لەمشێوەیەدا هەبێت، هاوشێوەی حکومەتەکە دیموکراسییەکی ئیفلیجە.

لەڕوویەکی دیکەوە هەڵەیەکی گەورەیە پێمانوابێت دیموکراسی کاڵایەکەو حیزب یـان حکومەت دەتوانێت وەک موەلیدەیەکی کارەبا هـاوردەی بکاتو کۆڵانە تاریکەکانی شارو شارۆچکەکانی پێ رووناک بکاتەوە، یان بە کردنەوەی کۆمەڵێک کەناڵی راگەیاندنی بیستراوو بینراو ئیتر دەستەبەر دەبێتو تەواو، لە هەمانکاتیشدا دیموکراسی بە کۆمەڵێک قسەی زلو بـاقو بـریـقـەدار لەسەر لاپەڕەی رۆژنامەکان ناتوانێت پێگەیەک لەناو دەسەڵاتو کۆمەڵگادا بەشێوەیەک بۆخۆی دروستبکات توانای گەشەکردنی هەبێت، ئەگەر خاوەنی پێشینەیەکی کلتووریو رۆشنبیریی گەورە نەبێت، بۆیە پێم سەیرە لە کوردستان ئەوانەی باس لە دیموکراسی دەکەن، بڕواناکەم لە هەموو تەمەنیاندا دوو لاپەڕەیان لەسەر ئەو چەمکە خوێندبێتەوە، ئەمە کێشە گەورەکەی دیموکراسییە لە وڵاتێکدا کە هەموو پیاوە مەزنە سیاسییەکانی جێگای دیاریان لە پۆستە باڵاکاندا هەیە، توانای سادەترین پێناسەی ئەو چەمکەیان نییەو شەوو رۆژ لە بۆنەو نابۆنەدا دەیئاخننە ناو قسەکانیانەوە، شورەییەکی گەورەیە لە وڵاتێکی دیموکراسیدا ئەوانەی دەچنە سەر کورسیی دەسەڵاتو پۆستە باڵاکانی ئەو حکومەتە دەگرن بەدەستەوە، بەلای کەمەوە خاوەن بڕوانامەیەکی زانکۆ نەبن یان خاوەن ئەزموونێکی سیاسیی مەیدانی نەبن. سیاسییەکانی ئێمە هەموو جۆرەکانی ویسکی سکۆتلاند دەناسن، بەڵام باسی ویلیام هاملتۆنو تۆماس رایدیان بۆ بکە، سەر رادەوەشێنن و وادەزانن ئەوانە ناوی جنۆکەو خێون، کاتێکیش رەخنەیان ئاراستە دەکەیت، تۆ دەبیتە سەرلێشێواو ئـاژاوەگـێـڕ، ئـەگـەر تۆمەتی دەستی دەرەکـیو خیانەتی نەتەوەیی نەدەنە پاڵت. ئەو عەقڵیەتە سیاسییەی خۆی وەک دیموکراسی پێشکەش دەکات، بەڵام ناتوانێت دەنگێگی جیاواز لـەدەرەوەی خـۆی قبوڵ بـکـات، ئـەو عەقڵیەتەی پێیوایە ئەو دیموکراسییەو بەرژەوەندیی گـەل لـەسـەرووی بەرژەوەندییەکانی حیزبەکەیەوە دەبینێت، بـەڵام دژی هەر لایـەنو هێزێکی دیکەیە بیەوێت بەشداریی پرۆسەی سیاسی بکات، ئەوە لەڕاستیدا عەقڵیەتێکە هێشتا لەدەرەوەی پرۆسەی تێگەیشتنە لە سیاسەت، ئەوە عەقڵیەتێکە هێشتا لەناو کلتووری خێڵدا هۆشیاریی‌وزە وەردەگرێت، لەبەرئەوەی دیموکراسی لە سیاسەتدا پێویستی بە چەند بنەمایەک هەیە بەبێ تێگەیشتنو هەرسکردنی ئەو بنەمایانە، ئەستەمە هیچ هێزو حیزبێک بتوانێت بیسەلمێنێت کە ئەو لە رێڕەوەکانی دیموکراسی لاینەداوەو هێزو گەشە بە پرۆسەکەی دەدات:

**بنەمای یەکەم:** لێبووردەیی یان دلفراوانی (Toleranz)، ئەم چەمکە چەمکێکی هـەم ئـاڵـۆزو هـەم قوڵە، لەبەرئەوەی لە هەر بوارێکدا دەتوانرێت بەشێوەیەکی دیکە قسەی لەسەر بکرێت (ئەگەرچی تائێستا قسەکردن لەسەر ئەم چەمکە زۆر لاوازە لە رۆشنبیریی کوردیدا بە گشتی، هیوادارم بتوانم لە داهاتوودا روونترو فراوانتر قسە لەوبارەیەوە بکەم). ئەوەی گرنگەو من دەمەوێت لێرەدا بەکورتی باسی لێوەبکەم، لێبووردەییە لە سیاسەتدا، ئەگەرچی هاتنەکایەی ئەم چەمکە بۆخۆی سەرەتا لە ئایینو سیاسەتەوە سەریهەڵدا، وتەیەک هەیە دەڵێت: (واز لە ئازادیی ئەوانی دیکە بهێنە با بە ڕێگاکەی خۆیاندا بڕۆن، لێیانگەڕێ ئاسودەبن، کاتیان بەرێ با جیهان لە تێڕوانینی خۆیانەوە ببینن)، ئەمە چەمکی لێبوردەییە، ئەمە ئەو چەمکەیە بە یەکێک لە هەرە کۆڵەکە گرنگەکانی دیموکراسی ناوزەند دەکرێت، هیچ هێزێک نییە لە دونیادا بتوانێت باس لە دیموکراسی بکات بەبێ تێگەیشتن لەم چەمکە، بە بڕوای من گەورەترین کەمایەسی لەناو کۆمەڵگا دواکەوتووەکاندا، نەبوونی تێگەیشتنە لەم چەمکە، تۆ چۆن دەتوانیت پەیڕەوی سیاسەتێکی تەندروست بکەیت، بەبێ قبوڵکردنی ئەو هێزو توانایانەی لـەدەرەوەی تۆ بیردەکەنەوە! تۆ چۆن رووت دێت باس لە دیموکراسی بکەیت، لەکاتێکدا ئامادەنیت کورسیەکەی ژێـرت بۆ کەسێکی لەخۆت بەتواناتر جێبهێڵیت! بوونی لێبوردەییە لە کۆمەڵگا تەندروستەکاندا فـەزای دیموکراسی دەهێنێتەوە ئـاراوە، بەبێ لێبووردەیی بـاسـکـردن لـە دیـمـوکـراسـی جگە لە قسەیەکی بێمانا، هیچ مانایەکی دیک نادات بەدەستەوە.

**بنەمای دووەم:** لیبرالیزم کە ناسراوە بـە رووەکـــەی دیـکـەی دیموکراسی، ئـەگـەرچـی زۆرێـــک لـە بـیـریـاران دیموکراسیو لیبرالیزم بەیەکەوە لە چەمکێکدا گرێدەدەنەوە. لیبرالیزم بۆخۆی هوشیارییەکی کۆمەڵایەتی سیاسییە، کە کار بۆ ئازادکردنی هەموو تاکەکانی ناو کۆمەڵگا دەکات لەو بەندانەی هێزە دەسەڵاتدارەکان دروستیانکردووە، ئەو چەمکەی لیبرالیزمی پێ دەناسرێتەوە، ئازادکردنی تاکەکانە لە سێ بـواری سـەرەکـیـدا (سـیـاسـی، ئـابـووری، رۆشنبیریی)، هـەر تاکێک لە یەکێک لەم سێ بوارانەدا ئازادییەکانی زەوت بکرێت، کەواتە لە کۆمەڵگایەکی نائازاددا دەژی، هەموو کۆمەڵگایەکی نائازادیش کۆمەڵگایەکە زۆر دوورە لە رووناکیی دیموکراسییەوە. هەر هێزو دەسەڵاتێک بخوازێت بەرەو دیموکراسی هەنگاوبنێت، پێویستی بەوە هەیە تاکەکانی ناو کۆمەڵگا لە کایە سیاسییەکاندا بە سەربەستانە بـەشـداریـی پێبکات یـان هانیانبدات بۆ بەشداریکردن لـەو کایەو پرۆسە سیاسیانەدا، بەبێ ئەمە ئەستەمە باس لە دیموکراسی بکەیت، ئایا ئەمە قسەیەکی بێجێ نییە لە وڵاتێکی وەک کوردستان، لەژێر سایەی دوو دەسەڵاتی تۆتالیتاری ئەوتۆریتاریزمی وەک یەکێتیو پارتیدا قسە لە دیموکراسی بکرێت، لەکاتێکدا هـەنـاسـەیـەک نـەمـاوە مۆنۆپۆلیان نەکردبێت، رۆژانە گوێمان لێیە لەلایەن پیاوانی ئەم دوو رژێمەوە چۆن سوکایەتی

# نیشتمانپەروەری!!

دانا نەوزەر عەلی

بـۆئـەوەی نیشتمانێکمان هەبێت، پێویستە شوێنێک بوونی هەبێت، جا ئیدی ئەو نیشتمانە شوێن بێت یان ناشوێن، واتە مرۆڤ تیایدا ئاسودە بێت یان نا، هایدیگەر دەڵـێـت: وتەنیبوون لە جیهاندا تاکە شێوەی بوونە، بە مانایەکی دیکە بوون پەیوەستە بە شوێنەوەو دەربازبوون لێی جۆرێکە لە مەحاڵ، تەنانەت ئەگەر ئەو وتەیەش راست بێت کە دەڵێت (هەموو زەوی نیشتمانی منە)، ئەوە دووبـارە شوێنێک کە جیهانە بووەتە نیشتمان، واتە نیشتمان بەبێ بوونی شوێنێکی جوگرافی بوونی نییە. نیشتمانپەروەریش بریتییە لە گەڕانەوەیەکی بەردەوام بۆ ئەو شوێنە، هەبوونی ویستو نیەتی باش لەئاستیداو خاوەندارێتی خەسڵەتە باشەکانی وەفاو فیداکاریش بە نیشتمانپەروەریی دادەنرێت، نیشتمانپەروەر پابەندبوونێکی زیاترو گەورەترە لە ئینتیمایەکی سروشتیو سادەو سنوورەکانی غەریزەی مرۆیی بۆ هۆگربوون بە شوێنێک تێدەپەڕێنێت، واتە نیشتمانپەروەریی جگە لەوەی بەشێکی بەرفراوانی بریتییە لە لایەنی سۆزداری، پەیوەندییەکی چڕوپڕی لەگەڵ ژیریو پێویستییەکانی ژیانی رۆژانەی مرۆڤدا هەیە، دواجـار ئێمە بـۆئـەوەی بژین، دەبێت ناوچەیەکی جوگرافی دیاریکراو هەڵبژێرینو ئاوەدانی بکەینەوەو تێیدا جێگیربین، بێگومان ویستی جێگیربوونو مانەوە شتێکی تازە نییە لای مرۆڤ، هەموو شارستانیەتە گەورەکانیش لە ئەنجامی جێگیربوونو ئاوەدانکردنەوەی ناوچەیەکی دیاریکراوەوە دروستبوون، ویستی خاوەندارێتی زەویش لای مرۆڤ هێندەی دیکە پابەندبوونی مرۆڤی بە شوێنێکی جوگرافی دیاریکراوەوە زیاترکرد، بـەڵام هەموو ئەمە ناکاتە ئەوەی کە تەنیا هەستی غەریزەی مانەوەو جێگیربوونو خاوەندارێتی بەس نین بۆ دروستبوونی نیشتمانپەروەریی، چونکە نیشتمانپەروەریی پێویستیشی بە بەهاو ڤالیوی تایبەت بە خۆی هەیە، هەر لێرەوە هەرێمی جوگرافی جگە لەوەی هەرێمێکی هاوشێوەیە لە ئاوهەواو جۆری خاکدا، لەهەمانکاتدا بوویە شوێنێکی لەیەکچوو لـەڕووی لەخۆگرتنی زۆرترینی ئەو مرۆڤانەی کە خاوەنی بەهای هاوبەشو لەیەکچوون، تەنانەت مانا نوێکەی نیشتمانو تەتبیقاتەکانی نەبوونەتە هۆی ئەوەی ئەم بنەمایە لەناوبچێت، بەردەوام موقەدەسێکو بونێکی باڵا بووەتە ئەو خوانەی کە هاونیشتمانیانی لەدەوری بەهاکانی نیشتمان کۆکردووەتەوەو بووەتە هۆی دروستکردنی ناسنامەو شوناسێکی تایبەت بەو کەسانە، دواجار نیشتمان، خەڵکو بەهاکان، شوناسی تاکو کۆمەڵگا دیاریدەکەنو پابەندیو (نیشتمانپەروەریی) مرۆڤیش هەر لەو بازنەیەدا دەسوڕێتەوە، بـەردەوام لە نیشتمانپەروەریدا گەڕانەوەیەک هەیە بۆ خـودو ناو خـودو پشتهەڵکردنێک هەیە لە دەرەکیو ناخۆماڵی، ئەگەرچی ئەمە دەکرێت هەندێکجار سەربکێشێت بۆ ڕەگەزپەرستیو تەنگو تەسکی نیگاو بیرکردنەوە، بەڵام راستییەکی حاشاهەڵنەگرەو هەر مرۆڤەو بەپێی ئاستێکی دیاریکراو هەیەتی، گەڕانەوە بۆ نیشتمانی خـودو پشتهەڵکردن لە نیشتمانەکانی دیکەو خستنەگەڕی هەموو تواناکانی خـود بۆ نیشتمانی خودو کێبڕکێکردن لەگەڵ ئەوانی دیکەدا بەشێکە لە راستییەکە، بێگومان نیشتمانپەروەریی دەربـڕی بـازنـەیـەکـی فـراوانـتـرە لە ئینتیماو زۆریـش سروشتیترە، واتە لە نیشتمانپەروەریدا ئینتیما بۆ (دینێک، گروپێک، ئایدیۆلۆژیایەک، خێزانێک، خێڵێک یا بۆ خـودی مـرۆڤ) لاوازەو زیاتر پابەندبوونێکی جوگرافی هەیە، ئەم قسانە هیچیان رەها نینو هێندەی هەر قسەیەکی دیکە شایەنی ئەوەن راست بن یان هەڵە، بەڵام فاکتەرەکان ئەوە دەردەخەن کە شوێن (بەتایبەت لە دونیای مۆدێرندا) شوێنی ئینتیماکانی دیکە دەگرێتەوە، ئیدی ئەمریکییەک دەبێتە سەرۆکی ئەمریکاو لاتینییەک دەبێتە وەزیرو مسوڵمانێک دەبێتە راوێژکاری سەرۆکی ئەمریکا، بەڵام دواجار هەموو خزمەتی یەک پێگەی جوگرافی دەکەن کە بریتییە لە ئەمریکا، بەڵام ئەمریکاش خاڵی نییە لە بەهاو خاوەنی دەستوورێکە کە گوزارشتە لە خوانی هاوبەشی هەموو ئەمریکییەکان. نیشتمانپەروەریش بریتییە لەو کەسەی کە خاوەنی هەموو ئەو خەسڵەتو سیمایانەیە کە پێویستن بۆئەوەی نیشتمانپەروەری بەجێبهێنرێت، (نیشتمان نـەپـەروەر) یا بە دەربڕینە گشتییەکەی (خائین) بریتییە لەو کەسەی کە دژەکەی جێبەجێدەکات.


لـێـرەوە دەمـەوێـت سەرنجێک لەو هێرشە ئیعلامییە بـدەم کە ماوەیەکە هەندێک قەڵەم دەیکەنە سـەر لایەنە جیاوازەکانو لە هەمووشیاندا بۆنی دوو شت دەکەیت: یەکەمیان بە خائینکردنو دووەمیان خوێن. ئەم قەڵەمانە بەبێ بیرکردنەوە لەوەی چ هەڵەیەکی گەورە ئەنجامدەدەنو خەریکی چ کاسبییەکی ترسناکن، هەڵدەستن بە فرۆشتنەوەی تۆمەتو هەر کەسێکیان بەدڵ نەبێت گومان لە نیشتمانپەروەرییو ئینتیماکەی دەکەن، بێگومان زۆرێک لەو قەڵەمانە ئەو کەسە نابەرپرسو بێباکانەن کە تەنیا لە پشێوییو ئاڵۆزیدا مووچەکانیان زیاتر دەبێت، بەشێکی دیکەیشیان ئەو کەسانەن کە رۆژێک لە رۆژان خزمەتی نیشتمانیان نـەکـردووەو بـا لەکوێ بوبێت، لەوێ شەنیان کردووەو دەرگای سوڵتانەکانیان بۆ ساتێک بەرنەداوە، بەڵام ئەوەی سەرنجراکێش بوو لای من وتارەکەی ٥/٥ی سەرۆکی هەرێم بوو لەبەردەم پەرلەماندا، کە بێجگە لەوەی شپرزەییەکی زۆری پێوە دیاربوو، چەند دەستەواژەیەکی بەکارهێنا کە زۆر سەیربوونو هیچ پەیوەندییەکیان بە سیاقی گشتی قسەکانەوە نەبوو. سەرۆکی هەرێم وەک ئەوەی بڕیارێکی زۆر تازە بخوێنێتەوە، دەیوت لەمەودوا رێنادرێت هیچ پـارتو لایەنێک لـە دەرەوەی حکومەتی هەرێم پەیوەندی لەگەڵ هیچ وڵاتێکی دیکەدا هەبێت، بە مانایەکی دیکە هیچ حیزبو لایەنێک بۆی نییە خیانەت لە نیشتمانەکەی بکاتو دەست لەگەڵ لایەنێکی دەرەکـی تێکەڵ بکات، بێگومان ئەم وتانە ئەگەر بە رووتیو وەک خۆیان وەریانبگرین تا بڵێیت راستنو نیشتمانپەروەرێک نییە کە دژی بوەستێتەوە، بەڵام ئەم وتە هەروا سادە نییەو باکگراوندی مێژوویی وسیاسی خـاوەنـی قسەکەو تەوقیتی وتەکەو موخاتەبی ئەم قسەیە، هەمووی جێگای پرسیارە، ئایا ئێمە لایەنێکمان هەیە لە کوردستاندا کە حاڵی حازر لە کوردستاندا دەسـتـی لـەگـەڵ وڵاتـێـکـی دەرەوە تێکەڵکردبێت بۆ تێکدانی ئەزموونەکە؟ ئەگەر وەڵامەکە بەڵێیەو بەڵگەی پێویست هەیە لەوبارەیەوە، بۆچی ئەم خیانەتە گەورەیە قبول دەکرێت، ئەگەریش نا، ئیدی ئەم ئاگادارییە لەپای چی؟ ئەگەر مەبەست لە پەیوەندی بوونی مەکتەبی حیزبیو پەیوەندی حیزبی بێت، ئەوا دوو حیزبەکە کە (پارتی سەرۆکیشی تێدایە) لەپێشەوەی هەموو حیزبەکانی تردانو لە دەیـان وڵاتـی دونیادا بە تورکیاو ئێرانیشەوە مەکتەبی حیزبیان هەیەو خەریکی چالاکی حیزبین، ئەمەش بێجگە لە نوێنەرایەتییەکانی حکومەتی هەرێم کە تا ئەم ساتەش لەلایەن دوو حیزبەکەوە بەڕێوەدەبرێن، یا ئەگەر مەبەست لە بوونی پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتاندا بریتییە لە مێژوویەک کە هێشتا تامی تاڵ لە دەمماندا ماوە کە تێیدا سوپای وڵاتانی دراوسـێ پەلکێشی کوردستان کرانو شەڕی براکوژی پێکرا، ئەوا دوو پارتەکە پشکی شێریان هەیە تێیدا، بەڵکو دوو تاکە حیزبن کە ئەو کارەیان کردبێت، خۆ ئەگەر مەبەستیش لە بوونی پەیوەندی بریتییە لە هـاوکـاری سیخوڕی یا سیخوڕی بۆ کـردن، ئەوا دەزگاکانی هەواڵگری دوو پارتەکە (کە هیچ چوارچێوەیەکی یاساییان نییە) بەشێوەیەکی فەرمیو ئاسایی مامەڵە لەگەڵ دەزگا سیخوڕییە جیهانیو ئیقلیمیەکاندا دەکەنو بە شتێکی زۆر سادەو ئاسایشی دەزانن، لەلایەکی دیکەشەوە لـەمـاوەی پـێـشـووداو بە داخێکی زۆرەوە بینیمان کە زۆر سەری گـەورە لـەژێـرەوە ملکەچی حکومەتی سـەدام بـوونو ژمـارەی فایلەکانیان لەڕێی رۆژنامەکانەوە بڵاوکرایەوە، کە بە ئەسەفەوە دەڵێم لەمەشدا دوو حیزبەکە پشکی شێریان هەیە، خۆ ئەگەر مەبەست لە هـیـچ یـەک لەمانە نییە، ئەی ئەم ئاگادارکردنەوەیە بۆچی. پرسیارەکە تەنیا بۆ ئەوەیە بزانین کە ئایا سەرۆکی هەرێم هیچ شتێکی بیستووە کە هێندە مەترسیدار بێتو وایلێبکات ئەو ئاگادارییە توندە بدات؟

لە هەرێمی کوردستاندا کە ئێستا بـە حـاڵـەتـی گـواسـتـنـەوەدا تێپەڕ دەبێت، واپێویست دەکات دامـەزراوە دیموکراتییەکان حـەزو خولیاکانی تاک بپارێزنو هەموو ئەو چەمکانەی هاوشێوەی نیشتمانپەروەرییو خیانەتن، مـانـای روونـیـان لەنێو چوارچێوە مەدەنیو یاساییەکەدا بۆ بدۆزرێتەوەو رێگا نەدرێت کە بەهیچ شێوەیەک بکرێنە دەستکەلای دەستی پارتو لایەنەکانو چۆن بیانەوێت ئاوا بەکاری بهێنن، لەم کوردستانەدا نابێت کەس مافی ئەوە بە خۆی بدات کە ئەوانی دی لە ریزی نیشتمانپەروەریی بکاتە دەرەوەو ئەمەش بە شتێکی سادە دابنێت، هێڵی سوور لە کوردستاندا دەبێت بریتیبێت لەو ئینتیمایەی کە ئێمە، هەموو ئێمە هەمانە بۆ خاکی کوردستان، دەبێت موزایەدە بە ناوی نیشتمانەوە لە هیچ کەسێک قبوڵ نەکرێت، بەبێ رەچاوکردنی ئاستو پلەو باڵای، هەموو تیرۆرێکی فیعلیو جەستەیی لە تیرۆری وشەوە دەستپێدەکات، وشەی زبر باروتی فیشەکی کوشندەیە. من دەکرێت مرۆڤێک بەگەندەڵ، نەشارەزا، لێنەهاتوو، کەمتەرخەمو تەنانەت ناڕاستگۆ تۆمەتبار بکەم، بەڵام هەرگیز ناتوانم شک لە ئینتیمای ئەو کەسە بکەم بۆ نیشتمان، چونکە ئەوکات مانایەک نامێنێتەوە بۆ پێکەوەژیان، لێرەوە داوا دەکەم کە چاودێری توند بخرێتە سەر ئەو لایـەنو دەزگایانەی راگەیاندنو ئەو بەرپرسە حیزبیانەی کە ژەهری رقو فیتنە دەرێـژنو خوێن بەرهەم دەهێنن. لەمرۆژانەدا تەماشای ئەرشیفی هەڵبژاردنەکەی ساڵی ٢٠٠٥م کرد، کە تێیدا هێرشێکی درندانە کرایە سەر بارەگاکانی یەکگرتوو لە بادینانو چوار کەس بوونە قوربانیی، بینیم کە ئەوە تەنیا هەرزەکارە هەڵخەڵەتێنراوەکانی حیزبو عەسکەرە رەشاش بەدەستەکان نەبوون کە ئەو تاوانەیان ئەنجامدا، بەڵکو یەک لەشکر نووسەری کوشندەش بەشداربوون، تەنیا سێ رۆژ بەر لە هەڵبژاردنەکان، بابەتێک کە لە ماڵپەڕی حکومەتی هەرێمیشدا بڵاوکراوەتەوە، زەنگی روودانی ئەو کارەساتە لێدەدا، بێگومان ئەوە تەنیا بابەتو نووسینی کوشندە نـەبـوو کـە لـەو مـاوەیـەدا بڵاوبووبوویەوە، لە بابەتەکەدا بەئاشکرا دەڵـێـتو هـاوار دەکـات (ئـێـوە ئەی جاشەکان، شایەنی ئەوە نین کە ئاڵای کوردستان هەڵبگرن، ئێوەیەک کە پیاوی عەرەبە شۆڤێنیستەکانن نابێت ئاڵای کوردستان گڵاو بکەن)، سێ رۆژ پاش ئەوە چیمان بینی؟ لێشاوێک لە هەرزەی بەربەدەستو فەرهودچیو عەسکەری دەرچوو لە یاسا کە تاکە داواکارییان ئەوەبوو، یەکگرتوو ئاڵاکانی کوردستان لـەسـەر بـارەگـاکـانـی داگـرێـت بەو بیانووەی یەکگرتوو خیانەتی کردووە لە کوردستان، هەربۆیە ئەگەر ئێستا دەمانەوێت رێ لە دووبارەبوونەوەی ئەو سیناریۆ قێزەونە بگرین، دەبێت هەموو ئەو مینبەرو قەڵەمانە بێدەنگ بکەین کە هەر لەئێستاوە دنەی خەڵکە بێ دەسەڵاتەکە دەدەن، بەڕەسمیش بەرپرسیاریان بکەین لە سەروماڵی هەرکەسێک کە بەهۆی وتەو نووسینە دۆزەخیەکانی ئەوانەوە ئازاری پێبگات. لـێـرەوەشـەوە داوای دروستکردنی دەزگایەکی تایبەت بەم کارە دەکەم بۆ بەرزکردنەوەی داوای یاسایی لە دژی هەر کەسێک کە بەبێ بەڵگەو بە زمانی کینو فیشەک ئەوانی دی تاوانبار بکات بە خیانەت، تا ئیدی رێنەدرێت ئەو چەمکانە هەروا هەرزانفرۆش بکرێن.

# ئاستەنگەکانی بەشەرعیبوونی دەوڵەت

رزگار سەعید

**بەشی دووەم**


ماکس ڤیبەر


هیگڵ


سپینۆزا


ماکیاڤیلی


ئیبن خەلدون

**دەوڵەت چییە؟**

کاتێک باس لە دەوڵەت دەکرێت تەنیا باس لە بوونی خاکێکی دیاریکراو ناکرێت، بەڵکو باس لە ڕێکخستنێکی سیاسی دەکرێت، هەڵدەستێت بە پەیڕەوکردنی یاساو ڕێکخستنی بەرنامەو پاراستنی کۆمەڵگا کە لەسەر خاکێکی دیاریکراو بە بەردەوامی تێیدا دەژین ئەو کۆمەڵگایە پێی دەوترێت نەتەوە،واتە تاکەکانی ناو کۆمەڵگا پەیوەندییەکی (مێژوویی‌و جوگرافی‌و فەرهەنگی) گرێدراوو هاوبەشیان بەیەکەوە هەیە، ناکرێت باس لە دەوڵـەت بکرێت بەبێ بوونی دەزگای یاسایی‌و ئیداریی‌و موئەسەساتی.

کاتێک دەوترێت دەوڵەت مومارەسەی دەسەڵاتی خۆی دەکـات، واتـە دەوڵـەت پشت دەبەستێت بە کۆمەڵگایەک یاساو بڕیاری سیاسی بۆ بەدەستهێنانی ئارامی‌و ئاسایش‌و پێکەوەژیانی ئاسودەیی کۆمەڵگا.

پرسیارکردن لەسەر مەشروعبوونی دەوڵـەت‌و مومارەسەکردنی دەسەڵاتی سیاسی چەندین بۆچوون هەیە، لێرەدا هەوڵدەدەین بە کورتی لێیان بدوێین.

قۆناغی یەکەم (بەمەشروعبوونی دەوڵەت)

لە چەمکی مەشروعبووندا پێویستە جیـاوازی بکرێت لـەنـێـوان مەشروع (légitime) بە ئامانج گەیاندنی (ڕاستی‌و یاساو دادگـا) تا هاوڵاتی بتوانێت لەو ڕێگایەوە بە ئامانجەکانی بگات، کە جیاوازە لەگەڵ شەرعی (legal)دا بە واتای (چی ڕاستە) دێت، ئەم واتایەش بەپێی ئەو دەقانەی نووسراوەو ناوی یاساییان لێنراوە هاتووە، جگە لەوەی ئاماژەشە بۆ واقیعیبوون‌و بەکردارێکردنی فرمانەکان.

کاتێک بـاس لە مەشروعیەتبوونی دەوڵـەت دەکـرێـت، پێویستە بـاس لە کۆمەڵێک پاساوو پشتگیری بکرێت کە دەوڵـەت جەختی لەسەر دەکات لەپێناو مومارەسەکردنی دەسەڵاتی،

بەمجۆرە هەموو دەوڵـەتـێـک پشت دەبەستێت بەجۆرە مەشروعیەتێک، لێرەوە ئیدی مەبەست‌و بوونی خۆی نیشان‌و ئاشکرا دەکات، هەرچەندە کارێکی گرانە بتوانرێت مەشروعیەت جیابکرێتەوە لە مەبەست، کەواتە بوونی دەوڵەت دەبێت چی بێت؟ کێ ئەم مەبەستە دەستنیشاندەکات؟ لەسەر چ پرەنسیپ‌و یاسایەک دادەمەزرێت؟ لەکوێوە ئەم مەشروعیەتە دەهێنێت؟.

ئەمانە کۆمەڵێک پرسیارن، بێگومان بێ وەڵامیش نین، دیارە بیرمەندەکان بەجۆرێک لە جۆرەکان قسەو باسیان لەسەر ئەم چەمکە کردووەو ئاماژەیان پێداوە، لێرەدا هەوڵدەدەین بەپێی پێویست تیشک بخەینە سەر چەند ڕایەکی جیاوازیان.

١- هەڵوێستی سپینوزا (Spinoza)

سەربەستی ئامانجی سەرەکییە بۆ دروستبوونی دەوڵەت:

مـەشـروعـیـەتـبـونـی دەوڵـــەت لای بـیـرمـەنـدەکـان پشت دەبـەسـتـێـت بە ئیلتزامبوونی ئـەو پرەنسیپانەی نێوان ئەندامەکانی ناو کۆمەڵگا، لەو پرەنسیپانەش پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە کە هەر وەک بۆچوونی ئایینەکان وایە بۆ دەوڵەت، ئەم پەیوەندییە ئازادە، بنەمایەکە بۆ دروستبوونی دەوڵەت لەسەر یاسای عەقڵ نەک لەسەر بنەمای حەزکردن، چونکە ئەو حەزکردنە کێشەو ناکۆکی‌و ڕق‌و لەخشتەبردن لەئامێز دەگرێت، لەبەرئەوە دروستبوونی دەوڵەت بەپێی بۆچوونی (سپینۆزا) بەئامانجگەیاندنی بەرژەوەندییە گشتییەکان‌و ڕزگارکردنی تاکی ناو کۆمەڵگایە لە ترس‌و پاراستنی مافی سروشتی خۆی لە ژیان‌و ئاسایش‌و سەربەستی، جگە لەوەی جەخت دەکاتەوە لەسەر مەبەست لە دروستبوونی دەوڵەت، مەبەست لە ئازادکردنی تاکی کۆمەڵگایە لە ترس‌و بوار ڕەخساندنە بە عەقڵ تا بە سەربەستی بیربکاتەوەو وەزیفەکانی خۆی بەتەواوی جێبەجێ بکات دوور لە کێشەو تورەو هەڵچوون‌و ڕق‌و خشتەبردن.

٢- هەڵوێستی هیگڵ (Friedrich Hegel)

بوونی دەوڵەت بۆخۆی، گوزارشتێکە بۆ بوونی عەقڵی بابەتی:

هیگڵ کاتێک باس لە دەوڵـەت دەکات مەبەستە دەرەکییەکانی وەک ئاشتی، سەربەستی، موڵکییەت ڕەخنە دەکات بە مەبەستە ناوەکیەکانیشەوە، هەموویان گـرێـدەدات بـەوەی کە دەوڵـەت بۆخۆی نمایشی ڕۆح‌و ئیرادەو هۆشی نەتەوەیە لە نەتەوەکان، ئەم نمایشکردنە بە عەقڵێکی ئەخلاقی بابەتیانە دادەنێت، بۆیە دەوڵەت دەبێتە ئامانجێکی تـەواوی ڕۆحـی‌و ئەخلاقی، چونکە ئیرادەی جەوهەرییە، جگە لەوەی پێویستە لەسەر هەموو کەسێک ببێتە ئەندام لەو دەوڵەتەداو پەیوەست بێت پێوەی، واتە هیچ تاکێکی تەواو بە ئەخلاق نییەو نابێت ئەگەر پەیوەست نەبێت بەو دەوڵەتەوە، ئا بەمجۆرە هیگڵ شیکارییەکەی لە کۆوە بۆ بەش‌و لە دەوڵەتەوە بۆ تاکی کۆمەڵگا شیدەکاتەوە، بە واتایەکی دی بە هەمان بۆچوون مەشروعیەتی دەوڵەتیش پشت نابەستێت بەو هاوپەیمانێتیانەی نێوان تاکی کۆمەڵ، بەڵکو پشت دەبەستێت بە پرەنسیپە عەقڵی‌و بابەتییەکان کە دەوڵەتی لەسەر دادەمەزرێت نەک حەزو ئارەزوو ئیرادەی تاکێک یان سەرۆکێک یان سەرکردەیەک بەتەنیا.

٣-هەڵوێستی ماکس ڤیبەر (Maximilia Carl Emil Weber)

سێ پـرۆژە هەیە دەوڵــەت پشتی پێ ببەستێت:

ماکس ڤیبەر پێیوایە لە مێژوودا چەندین جۆر لە مەشروعیەت هەبووە.

(مەشروعیەتی حوکم) پشت دەبەستێت بە کـەلـەپـوورو پاراستنی ڕابــردوو و خەونی باپیرانەوە، واتە مەشروعیەت پەیوەستە بە کەسێکی بەتواناو بەهێز نمایشی دەسەڵاتی ئایینی، ئەخلاقی، یان ئایدۆلۆژی دەکـات‌و بەناوی خۆیەوە حوکم دەکات.

(مەشروعیەتی دامەزراوەیی) پشت دەبەستێت بە هەڵبژاردن‌و نوێنەرەکانی‌و بەپێی یاساو دەنگەکان پۆستەکان دابەش دەکات.

ماکس ڤیبەر ئەوە دەستنیشان دەکات زۆر دەگمەنە (مەشروعیەتی تێکەڵ‌و ئاوێتەیی) لـەسـەر ئاستی جیهانیدا ببینینەوە، بەڵکو دەستتێوەردانەکان ناهێڵن پۆستەکان وەک یەک بەسەر دەسەڵاتەکاندا دابەش بکرێن.

ئەو پرسیارەی دێتە گۆڕێ ئەوەیە، چۆن دەوڵـەت مومارەسەی دەسەڵاتە سیاسییەکەی خۆی دەکات؟.

تەوەری دووەم: سروشتی دەسەڵاتی سیاسی.

کاتێک باسی سروشتی دەسەڵاتی سیاسی دەکرێت بە واتایەک مەبەست لە پەیوەندییە بەهێزەکانی نێوان هاوڵاتی‌و دەوڵەتە، وەک پەیوەندییەکانی دادوەرو مەحکوم، کەواتە دەبێت ئەو پەیوەندییانەی نـێـوان سیاسەتمەدار لـەلایـەک‌و ئەو دەسـەڵاتـە سیاسییەی مومارەسەی دەکات لەلایەکی دیکەوە، دەبێت چی بێت؟ بە واتایەکی دیکە ئەو تایبەتمەندییانەی تایبەتە بە مومارەسەکردنی سیاسەت دەبێت چی بێت کە سەرۆکێک یان ئەمیرێک یان سوڵتانێک لەگەڵ جەماوەرەکەیدا دەیکات؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە، دوو وەڵامی دژ بەیەک هەڵوێستەی لەسەر دەکەین، ئەویش (هەڵوێستی ماکیاڤیلی‌و هەڵوێستی ئیبن خەلدونە)، دوو بۆچوونی جیاواز دەربارەی ئەم مومارەسەکردنە.

١- هەڵوێستی ماکیاڤیلی: سیاسەت ململانێ‌و هێزو لەخشتەبردنە.

ماکیاڤیلی ئەوە ڕووندەکاتەوە زۆربەی لە ئەمیرەکان لە سەردەمی دەسەڵات‌و بونیاندا خۆیان زۆر گەورە نیشاندەدەن‌و گەورە دەبن، بەبێ ئەوەی ئیلتزام بەهیچ پرەنسیپێکی ئەخلاقیەوە بکەن بۆ نموونە پارێزگاری ناکەن لەو بەڵێن‌و پەیمانانەی پێشتر داویانە بە جەماوەرەکەیان، لێ هەموو ڕێگاکانی هێز دەگرنەبەر بۆ لەخشتەبردن، تا سەربکەون بەسەر خەڵکی‌و نەیارەکانیاندا، بۆیە ئەمیر جارێکی دی ناچار هەڵدەستێت بە بۆچوونی ماکیاڤیلی بە بەکارهێنانی دوو ڕێگاچارە بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتە سیاسییەکەی: یەکەمیان پشت بە یاسا دەبەستێت، ئەو یاسایەش وا بە حیکمەتانە بەکاردەهێنێت، دەتوانێت زۆر فێڵی تێدابکات‌و بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتیشی تێدا ڕەچاو بخات، بەڵام ڕێگای دووەم تەنیا پشت دەبەستێت بە هێز بۆ چەوساندنەوە، ئەمەش لەکاتی دیاریکراوو تایبەتدا بەکاری دەهێنێت، لێرەدا ئیدی ئەمیر وەک شێرێک دەردەکەوێت بۆ ترساندنی هەموو گورگەکان‌و ڕێویەکیش دەبێت تا نەچێتە تەڵەوەو بگیرێت، بەمجۆرە دەبینرێت بونیاتی سیاسەت لای ماکیاڤیلی لەسەر هێزو لەخشتەبردن گەورە دەبێت، هەر ئەم بۆچوونەشە زۆرێک لە بیرمەندەکان ڕەتیدەکەنەوەو بە هەڵەی دەزانن.


٢- هەڵوێستی ئیبن خەلدون: سیاسەت یەکسانییە.

بە بۆچوونی ئیبن خەلدون پەیوەندیی سوڵتان (سەرۆک) بە جەماوەرەکەیەوە، هەمان پەیوەندییە کە خاوەن زەوی بە زەویەکەیەوە هەیەتی، بۆیە پێویستە سوڵتان چی باشە بەئەنجامی بگەیەنێت‌و چی زیانبەخشە بۆ جەماوەرەکەی هەوڵی دوورخستنەوەی بدات، تا ئەو پەیوەندییە لـەسـەر بـنـەمـای یەکسانی بونیات بنرێت، نابێت سوڵتان جەماوەرەکەی بچەوسێنێتەوەو لێیان تورەبێت، چونکە سەرئەنجام جەماوەر تووشی گەندەڵیی ئەخلاقی دەبـن، باشتر وایـە سوڵتان ببێتە هاوڕێی جەماوەرەکەی تا دڵنیایان بکاتەوە لە ڕێزو خۆشەویستی‌و دەستی یارمەتیشیان بۆ درێـژ بکات لەکاتی کارەسات‌و جەنگدا.

لـێـرەدا ئـیـبـن خـەلـدون دوو خەسڵەتی سەرەکی پێناسە دەکات بۆ سیاسەتمەدارو پیاوانی سیاسی، ئەویش یەکسانی هاوڕێیەتییە، لەلایەک ئازایەتی نیشاندەدات‌و لەلایەکی دیکەشەوە ماڵوێرانی‌و ترسنۆکی، بەمجۆرە دەبینین ماکیاڤیلی چۆن سروشتی دەسەڵاتی سیاسیی لەسەر هێزو لەخشتەبردن‌و ململانێکان دەسـتـنـیـشـانـکـردووە، هـەمـوو ئـامـرازێـکـی مـەشـروع‌و نامەشروعیش بـەکـاردەهـێـنـێـت بۆ ئەنجامدان‌و بەرژەوەندییەکانی دەوڵەت، بەپێچەوانەوە ئیبن خەلدون چۆن ئەو سروشتە دەگەڕێنێتەوە بۆ یەکسانی‌و هاوڕێیەتی، ئەم وێناکردنە دەمانباتە سەر دروستبوونی ئەو ئیشکالیاتەی نێوان حەق‌و توندوتیژیی.

# بەئەفسانەکردنی شۆڕشەکانی کورد

نەجات نوری



**نموونەیەک بۆ خورافیاتەکان:**

(**تۆپەکەی ئەبوخوزامە**، یەکێک بوو لەو تۆپانەی کە سوڵتان مــورادی عوسمانی لەگەڵ خۆیدا هێنای بۆ داگیرکردنی بەغدا، بۆ شەڕکردن لەگەڵ فارسەکاندا، دوای داگیرکردنی بەغداش بە فەرمانی خۆی لە دەروازەی قەڵادا تۆپەکە دانرا، ئەم تۆپە لەلایەن پیرەکانو دواتر لەلایەن زۆر کەسی دیکەوە کرایە تۆپێکی پیرۆز، گوایە خودا لە ئاسمانەوە بە جبرەئیلدا کە بەلوت رایکێشاوە، ناردویەتی بۆ سوڵتان موراد. ئیتر ئاوا لای خەڵکی بە پیرۆز دادەنرا، خەڵکی سەردانیان دەکردو سەری ئەو منداڵانەیان پێدادەکرد کە حەوت رۆژبوو لەدایکبوونو بەدەوری تۆپەکەدا دەیانگێڕان، خەڵکی رەشۆک گوێیان لە هیچ ئامۆژگارییەک نەدەگرتو بەردەوامبوون لە پیرۆز راگرتنی تۆپەکە، تا بەر لەماوەیەک لە جەنگی جیهانی دووەم، گوێزایانەوە بۆ مۆزەخانە..).

درێژکراوەی ئەم نموونەیەی سەرەوە بۆ خۆی درێژکراوەی رۆژگارێکی زووترەو تائێستا بوونیان ماوە، بەردەوامیی ئەمجۆرە خورافیاتانە لای خەڵکی رەشۆک سەرنجدانو تێرامانی دەوێت، دەبێت بپرسین چی وادەکات مرۆڤ لەگەڵ ئــەوەی کە تۆپێک ئێسقانو گۆشتیان تێکەڵ بەیەکتری بکات، کەچی دواتر زۆر بێئاگایەنە قەبیحترین شت بپەرستن، ئــەوەی کە وێنەی پیرۆز بەمجۆرە شتانە دەبەخشێت، خــودی شتەکان نین، بەڵکو ئەوە بیرکردنەوەو ئاستی عەقڵی ئەوجۆرە مرۆڤانەیە کە وێنەکان لەوپەڕی خراپەو ناشیرینییەوە دەگوێزنەوە زەینی خۆیانو بەرگی پەرستنیان بە بەردادەکەنو ئایندەی رۆحی خۆیانیان دەخەنە بەردەست ئەمجۆرە وێنانە. هەڵگێڕانەوەی ئەم وێنانە لە دیوە خراپەکەیەوە بۆ دیوێکی جــوانو پیرۆز، ملدانو بەپیرەوەچوونی خورافیاتەکانە کە تائێستا درێژەی هەیە، تێگەیشتنێکی هەڵەیە بۆ بەردەوامیی بۆ چاکەو خراپە لای میللەتانی دونیا، ئەمجۆرە خورافیاتانە بەشێکە لەو وێنانەی کە زۆر بەزەحمەت لەبیری بەشێک لە خەڵکیدا دەردەکرێن. جیاکردنەوەی چاکەو خراپە لەلای ئەمجۆرە مرۆڤانە گرانە، زۆرکات هیچ بانگەشەو رێنماییەک ناتوانێت وا لە تاکێک بکات کە تا دەستبەرداری پیرۆزیی ئەم وێنانە ببێت بۆ پەرستن، یان بۆ لابردنی گوناه لە رۆحــی تاکەکاندا، بانگەشەی بەپیرۆزکردنی جۆری شتەکان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانێکی زۆر زووتر، جۆری ئەو خورافیاتانەی کە ناتوانرێت لەناو زۆر لە گەلانی دونیادا بنەبڕبکرێت، بۆخۆی جێگای قسە لەسەرکردنو لێوردبوونەوەیە. لەلای گەلێک لە تاکەکانی میللەتان تا دەگات بە خێڵو نەتەوەکانیش (گاو مشکو مەیمونو بەردو درەخــتو مــرۆڤــو ئــاوو شەیتانو گۆڕو پەیکەرو..)، زۆر شتی دیکە بوونەتە جێگای پیرۆزییو پەرستن. لەم سەردەمەشدا هێشتا هیچ فتواو بانگەشەو رۆشنبیرییەک ناتوانێت پیرۆزیی ئەم وێنانە بگۆڕێت بە وێنەیەکی لابراوو نەفرەت لێکراو، بۆیە دەبێت بڵێم تاک لەم میللەتانەدا دەبێتە تاکێکی نارۆشنبیرو پاشخانی خورافیاتە کۆنەکان. رۆشنبیریی تاکو تێپەڕاندنی شتە خورافیاتو نگریسەکان بەلای تاکی ئەم میللەتانەوە، نەیتوانیوە بەشێکی زۆری کۆمەڵ بخاتە سەر رێگای سڕینەوەی ئەمجۆرە خورافیاتو وێنە ناپیرۆزانە. ئەوە سەیرە کە لەگەڵ بانگەشەی زۆربەی زۆری ئاینەکانی سەرزەویدا بۆ حەرامکردنو لابردنی ئەمجۆرە شتانە، کەچی هێشتا لە زۆر شوێن خورافیاتەکان زیاتر بوونیانو پیرۆزییان ماوە. رۆژگارەکان دێنو دەڕۆن، کەچی لەناو بەشێک لە گەلانی دونیادا شوێن نزرگەو پیرۆزی شتەکان بۆ هێنانەدی چاکەو لابردنی خراپەو بۆ سڕینەوەی گوناه لە جەستەداو گەیشتن بە خواستەکان درێژەی هەیە، دەبێت بپرسین کێ لەپشت درێژکردنەوەو مانەوەی ئەمجۆرە خورافیاتانەوەیە، ئەی کێن ئەو کەسانەی کە زۆرترین سوودو قازانج لەمجۆرە بانگەشانەدا دەکەن، هەڵخەڵەتاندنو بەفیڕۆدانی وزەی خەڵکی لەمجۆرە خورافیاتانەدا دەبێتە هۆکاری مانەوەی دەسەڵاتی کێ؟ زۆرکات بەشێک لە کاربەدەستو پیاوە باڵادەستەکانی ناو میللەتان بۆخۆیان ویستوویانە بــەردەوام خەڵکی بەمجۆرە کارانەوە سەرقاڵ بکەنو ئایندەی خەڵکی لە خورافیاتدا دابڕزێنن، تا خۆیان بژینو خەڵکی نەیانپەرژێتە سەر لێپرسینەوەو کارەکانی ئەوان، راستە ئاستی رۆشنبیریی تاکو درککردن بە ناپیرۆزیی ئەمجۆرە شتانە بۆخۆی دەبێتە کەمکردنەوەی خورافیاتەکان، کەچی هێشتا خورافیاتەکان بەردەوامیان هەیەو هیچ شتێک ناتوانێت بەتەواوی بنەبڕیان بکات. هێشتنەوەی ئەم وێنانە لە یادەوەریی نەوەکاندا، بەشێکە لەو هۆکارانەی کە ناتوانرێت دووربخرێنەوە لەناو گەلاندا. کاتێک دەپرسین ئەو چاکەیە چییە کە تاک لە تەوافکردنی ئەمجۆرە شتانەدا دەستی دەکەوێت؟ بێگومان رووبەڕووی سەدان وەڵام دەبینەوەو ئیتر دەبێت دان بەوەدا بنێین کە بۆ هەموو خورافیاتەکان بۆ ویستو تواناکانیان، هێشتا گەلێک وەڵام ئامادەییان هەیە، تا وەڵام هەبێت بۆ ئەمجۆرە خورافیاتانە، بێگومان پیرۆزیی خورافیاتەکانیش درێژە بە تەمەنی خۆیان دەدەنن، هێشتاش بەتەواوی نەزانراوە لەم دەوروبەرەدا کێ سوودمەندی گەورەیە لە مانەوەی خورافیاتەکاندا، تاک یان دەسەڵات؟؟

**بەئەفسانەکردنی شۆڕشەکان:**

یەکێک لەو کارانەی کە ئەمڕۆ پێویستە دەربارەی بدوێین، ناوهێنانی شۆڕشەکانی کوردە لەزمانی هەندێک کەسەوە کە مێژوو یــادەوەری شۆڕشەکان دەکەن بە چەمکی ئەفسانەو و وانیشان دەدەن کە شۆڕشەکانی کورد بەتایبەت(پارتی دیموکرات و ١٩٤٦و یەکێتی نیشتمانی ١٩٧٦) ئەو ئەفسانانەبوون کە دەبێ مرۆڤی کورد بۆ هەتاهەتایە دەست بــەرداریــان نەبێت. لەوەیش قورستر کە رەهەندێکی نەشیاو دەدات بە خۆی، ئەو جەنگاوەرانەن کە مەرگ مەودای دانو لەو شۆڕشانەدا نەمردنو لەئێستادا وەکو میرێکی خودا پێداو لەسەر ناوی ئەفسانەکانی شۆڕش بۆ ئایندەی خۆیان دەجەنگن. ئەو جەنگاوەرانە کە دەکرێ بە نوخبەیەکی جەنگاوەرەکانی جاران ناویان بهێنین، دەیانەوێتو بەشێک لەخەڵکی ناچار دەکەن کە دەبێ هەموو شتە باشەکانیان لەناو مێژووی شۆڕشەکاندا ببینو کــاریــان بەسەر رفــتــاروکــرداری ئێستایانەوە نەبێت، ئەم بۆچوونانە لەم قۆناغەی ئێستادا بەگران جێگای دەبێتەوە، چونکە مێژوو و رابردووی شۆڕشەکان ئیتر ناتوانن تاسەر خەڵک فیروبدەن، ئەوانەشی فیروی ئەمجۆرە بانگەشانە دەخۆن، کەسانی رۆشنفکرنینو هێشتا ئایندەی خۆیان لە ئەفسانەی شۆڕشەکاندا دەبیننەوە.

بەئەفسانەکردنی شۆڕشەکانی کورد دەکرێت زیاتر خوێندنەوەو قسەوباسی لەسەر بکرێتو بگەڕێینەوە بۆ هەڵدانەوەی ئەو چەمکو بیروبۆچوونانەی کە دەخوازن بەرگی ئەفسانەیی بکەن بەبەری سەرکردەو چەند تاکێکی ناو ئەو شۆڕشانەدا، لە مێژووی شۆڕشەکانی دونیادا بەدەگمەن هەڵدەکەوێت تاکی ناو ئەو شۆڕشانە بەقەدەر بەشێک لە تاکە زیندۆکانی ناو هەناوی شۆڕشەکانی کورد لە دوای (راپەرینەوە١٩٩١)کەوە تواتنیبێتیان بەم جۆرە ئەفسانەیە دەوڵەمەندبووبێتن، تا ئەم کاتانە زۆرکەم لە نووسەرانو خوێنەران بەلای ئەمجۆرە کارانەدا چوون، لەم هەرێمەی ئێمەدا جۆرە خورافیاتێک ئێستا بە دیوێکی دیکە لای بەشێک لە خەڵکی هێشتا بوونی ماوەو دەکرێت بە خورافیاتی دوای راپەڕین ناوی ببەین، ئەگەر بپرسین ئەو خورافیاتانە چییە؟ بێگومان دەبێت بڵێین مێژووی ئەو شۆڕشانەیە کە بەشێک لە سەرکردەکان لای خەڵک کردویانەتە خورافیاتێکی نەمرو پیرۆز، کاتێکیش شۆڕش لەسەر دەستی ئەمجۆرە کەسانەدا دەکرێتە جۆرەکانی ئەفسانەو خورافیات لای جەماوەر، بێگومان هەموومان درک بە راستییەکان دەکەینو دەزانین هەوڵدان بۆ ئەمجۆرە کارانە خۆی لە چیدا دەبینێتەوە.. کە شۆڕشەکان بەمجۆرە بەرگیان بەبەردا کرا، لەگەڵیشیدا کارەکتەرەکانی ناو ئەو شۆڕشانەش دەکرێنە جۆرە کەسانێک کە دەبێت جەماوەر سڵ لە بوونو پیرۆزییان بکەنەوەو بەدرێژای ژیانیان دەبێت کەسانی رەشوڕووتو ناوشیارەکە لە تەوافکردنیان دوورنەکەونەوە. بەشێک لەو کەسانەی کار بۆ بە خورافیاتکردنی خۆیانو کۆچکردووەکانی ناو شۆڕش کردووە، هەست بەو دیاردانە دەکەن کە هێشتا لای خەڵکانێک وەکو پیرۆزیی شتەکان باویان ماوە، بەمەش دەیانەوێت شــۆڕشو خۆیان بئاخنە ناو بیری ئەو کەسانەوە، کارکردنی ئەم کەسانە بێگومان دوورنییە لە بێدەنگکردنی خەڵک بۆ کەموکوڕییەکان، دەیانەوێت دیــاردەی پیرۆزیی هەروەک چۆن لە رابردوودا لەناو شۆڕشەکاندا باوی هەبوو.. ئاوا ئەو رابردووە لەگەڵ جەستەی خۆیاندا بگوێزنەوە بۆ ناو شارەکانو درێژە بە مانەوەی خۆیان بدەن لەپەنا رۆژگاری ئێستادا، کاتێکیش کەسەکان بە هەموو کەموکوڕییەکانیانەوە ببوون بە خورافیاتو ئەفسانە، ئیتر دەستبردن بۆیان لای خەڵک دەبێت بە گوناهێکی گەورە، ئەم دیاردەیە بێگومان ئێستا لای بەشێک لەناو تاکەکانی کورددا بە روونی دەبینرێتو وێنەی شۆڕشگێڕەکان بە زیندوو و مردوویانەوە ماچ دەکــەن، لــەســەرووی وێنەی باپیرەو باوکو ئازیزانی خۆیانەوە هەڵیاندەواسن، بەمجۆرە پیرۆزیی ئەو کەسانە خۆی دەخاتە ناو ماڵیانەوەو بەناچاریی خۆیان لە هەموو گوناهو کردارە خراپەکانی خاوەنی ئەو وێنانە دەپارێزن تا زەمەنێکی دوورودرێژ.

بۆیە ئەمڕۆ ئاوا کار بۆ بەئەفسانەکردنی شۆڕشەکانی کورد دەکرێت، دونیایەک گومانو شتی شاراوە لەپشتیانەوە خۆی حەشارداوە، تا بەرگی ئەفسانە بەبەری شۆڕشەکاندا بکرێت لە بەرژەوەندیی چەند تاکێکی ناو ئەو شۆڕشانەدا خۆی دەبینێتەوەو تەمەنیان لە مەرگ دورتر دەخاتەوە، ئەوان دەبن بە کائینێکی پیرۆزو خەڵک دەکەونە خزمەتیانەوە. بە ئەفسانەکردنی شتەکان لەلایەک خزمەت بە ویستی چەند کەسێک دەکاتو بەبێ ئەوەی جەماوەر بە خۆیان بزانن زیانێکی زۆریش بە هەستو بیری بەشێکیان دەگەیەنێت.

ناکرێت ئێمە هەموو قوربانیو ماندووبوونی بەشێکی زۆری تاکەکانی ناو شۆڕشەکان ناوبنێین خورافیاتو بەرگی قوربانیدانیان لەبەر دابماڵین، ئەوە هەموو شۆڕشگێڕەکان نین کە بتوانن لای خەڵک ببنە ئەفسانەو خورافیات.. بەڵکو ئــەوە بەشێکی کەمە لەو کەسانەی بــەردەوام کار بۆ ئەمجۆرە شتانە دەکەنو هێزو قوربانییەکانی شۆڕشگێڕەکانی دیکە بۆ بەئەفسانەکردنی خۆیان بەکاردەهێننو ئەوان لە شۆڕشو خەڵک دادەبڕن، بێگومان زۆرن ئەوانەی کە لە شۆڕشەکاندا مەرگ بردنی و لەمانەی ئێستا کەزێندوون لە شۆڕشەکاندا قارەمانو قوربانیدەرتر بوون، کەچی ئەوان وندەبنو بەرگی لەبیرچوونەوە بە رابردوویاندا دەکرێت و زیندۆکانی ئێستا ناو شۆڕشەکان رەنج و ئاواتی ئەوان بە هەدەردەدەن.

نـمـوونـەی تـۆپـەکـەی ئەبوخوزامە نموونەیەکی جوانە کە خەڵکی نــەزان رووەدەکــەنــە پەرستنی شتە ئــازاردەرو بکوژەکانیان.. ئەگەر نوخبەیەک نەبوو تا ئەمجۆرە مرۆڤانە لــەم خورافیاتانە دووربخەنەوە، ژیان دەبێتە پەرستنی شتە خراپو ناشیرینەکان. ئێستا بەشێک لە خەڵک هەروەک چۆن ناتوانن خۆیان دووربخەنەوە لە ئەفسانەو خورافیاتە کۆنەکان، ئاواش ناتوانن خۆیان بەدووربگرن لەورووەئەفسانە درۆزنانەیەی کە کەسانێک کردویانە بە بەری شۆڕشەکاندا لەم هەرێمەدا، لای ئەو خەڵکە واباوە کە ئەگەر رابردووی شۆڕشەکانو ئەو کەسانەی ئێستا کە وێنەکانیان هەڵدەواسن لە ماڵەکانیاندا، ئەوان نەبوونایە ئەمانیش نەدەبوون، لای ئەم کەسانە رەخنەگرتن لە وێنەکانو خاوەنەکانیان دەبێتە گوناه.

دەبێت بڵێم کام گوناه؟؟ بۆچی دەبێت هەموو جارێک شتە ئــازاردەرەکــان لای ئێمە ببنە ئەفسانەو بــەردەوام لە خزمەت ئەو شتانەدا رۆحی خۆمان بخەینە خزمەت پیرۆزییانەوە، ئەوەی شۆڕشەکان کردیان با بڵێین بۆ قۆناغی خۆی موبارەک بوو.. بەڵام ناکرێت ئیتر رۆحی خۆمان لەژێر وێنەی ئەو شۆڕشانەدا پڕبکەین لە ئازارو بێدەنگیو لە ئێمەشەوە نەوەکانمان فێری خزمەتکردن بە ئەفسانەکانی شۆڕشو وێنەی کەسەکانی ناویان بکەین.

سەرپەرشتیار: مەحمود شێرزاد
بۆ پەیوەندی: ٠٧٧٠٥٤٦٨٨٨٥

www.rozhnama.com